ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان

# کوردستان

www.kurdistanukurd.com

ژمارە٧٣١ ■ دووشەممە ١٥ی گەلاوێژی ١٣٩٧ _ ٦ی ئاگۆستی ٢٠١٨

دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵدا

## چوار کەس لە کچانی شیناوێ هەوڵی خۆکوژییان داوە



پارێزەری پەروەندەی کچانی شیناوێ دەڵێ بارودۆخی دەروونیی کچانی شیناوێ زۆر خراپە و تا ئێستا چوار کەسیان لە تاوان پەنایان بۆ خۆکوژی بردوە.

حوسێن ئەحمەدی نیاز لە وتووێژ لەگەڵ «کوردکاناڵ»دا ڕایگەیاند: سەرەڕای خراپی باری دەروونیی ئەو کچانە هەتا ئێستا دەوڵەت تەنانەت دەروونناسێکی نەناردوە تا لە باری دەروونییەوە کار لەسەر کچانی شیناوێ بکرێ، هەروەها دەوڵەت هەتا ئێستا دییەی دوو کەس لەو کچانەی کە هەر ئەو کاتە گیانیان لە دەست دا نەیداوەتە بنەماڵەکانیان و؛ کچانی دیکەش تا ئێستا دییەی تەواوی خۆیان نەدراوەتێ.

ئەحمەدی نیاز لەبارەی بەرپرسانی کچانی شیناوێ بۆ دەرەوەی وڵات گوتی: قەول و بەڵێنە زۆرەکانی بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی بە درۆ دەرچوون و تا ئێستاش ڕێگری لە ناردنی ئەو کچانە بۆ دەرەوە دەکرێ، چونکی پێیان وایە بەوە زەربە لە حەیسیەتی کۆماری ئیسلامی! دەدرێ، ئەوەش لە حاڵێکدایە کە لە نێوخۆی وڵات ئیمکانی چارەسەری تەواو بۆ ئەو کچانە نییە.

# ئەگەر بێڵن زۆری وامان هەن و دەبن

■ سەروتار

## کورد و ئایندەی ئێران

د. ئاسۆ حەسەنزادە

دەوری نوێی گەمارۆکانی ئەمریکا بۆ سەر ئێران لەمرۆڕا دەست پێ دەکا. وەک ڕاگەیاندراوە گەمارۆکان لەپێشدا کەرتی ئۆتۆمۆبیل و کانزا، دواتر کەرتی وزە و مامەڵە بانکییەکان دەگرێتەوە تا ئەوە کە کۆماری ئیسلامی دەرەتانی ئاسایی مامەڵەی بازرگانی و هەناردەکردنی نەوتی بە تەواوی لێ بستێندرێ. بەو پێیە ئابووریی هەرئێستا دارماوی ئێران لە مانگەکانی داهاتوودا هێندەی دیکەش خەڵکی ئەو وڵاتە لە دابینکردنی سەرەتاییترین پێداویستییەکانی ژیانیان دەستەوەستان دەکا. هەر کەس لە خەمی ژیان و ئاسوودەیی خەڵکی وڵاتەکەیدا بێ، هەرگیز ئارەزووی دۆخێکی ئاوا ناکا. بەڵام ئەوەی دەبێ سەبارەت بەم دۆخە لۆمە بکرێ و جەزاکەی بدا، تەنیا و تەنیا کۆماری ئیسلامییە.

ئەگەر تا ئێستا وا باو بووە کە فشارە نێودەوڵەتییەکان بۆ سەر کۆماری ئیسلامی وەک کاریگەرترین فاکتەری دیاریکردنی چارەنووسی ئەو ڕێژیمە چاو لێ کراوە، ماوەیەکە ئەکتەرێکی دیکە هاتۆتەوە نێو سەحنەی گۆڕانکارییەکانی پێوەندیدار بە ئێران، ئەکتەرێک کە هەتا دێ زیاتر باڵا دەکا و بەهێز دەبێ، ئەکتەرێک کە ئەگەر دروست عەمەل بکا، قابلییەتی یەکلاکردنەوەی مشتومڕ و ململانێیی پێوەندیدار بە ئایندەی ئەو وڵاتەی هەیە. ئەو ئەکتەرەش خەڵکە. نیزیکبوونەوەی وادەی گەڕانەوەی گەمارۆکان چەند ڕۆژە خەڵکی تاران و زۆر لە شارە گەورە و گرینگەکانی ئێرانی هێناوەتەوە سەر شەقامەکان. ئەم شەپۆلە نوێیە لە نارەزایەتییەکان درێژەی هەمان ئەو نارەزایەتییانەیە کە لە بەفرانباری ڕابردوودا بەدژی حاکمانی گەندەڵ و ناکارامە و دژە ئازادیی ئێران وەڕێ کەوتن. ئەمجارەش پاڵنەری سەرەکیی نارەزایەتییەکان ئابووری و کۆمەڵایەتییە، بەڵام ڕەهەندی سیاسیی تێدا بەرجەستەیە. ئەمجارەش حەرەکەتەکە، حەرەکەتی خەڵکە بەبێ ئەوەی هیچ لایەنێک بتوانێ ئیدیعای سەرکردایەتیکردنی بکا. ئەمجارەش هێندێک تەیفی نێو ڕێژیم دەیانەوێ دەست بخەنە نێوی و بۆ قازانجە جیناحییەکانی خۆیان و لە نیهایەتدا بۆ پەڕاندنەوەی کەشتیی نیزام لەو ئاوە نائارامانە کەڵکی لێ وەربگرن، بەڵام خەڵک لەوە وشیارترن کە ڕێگە بە وەها بەلاڕێدا بردنێک بدەن و بە دروستی کۆی ڕێژیمیان بە ئامانج گرتووە. ئەگەرچی بزوتنەوەی ئەمجارەش بەشێک لە کەموکوڕییەکانی بزوتنەوەکانی پێشووی تێدایە بەتایبەتی نەبوونی نەخشەڕێگایەکی ڕوون و سازوکارێکی یەکگرتوو بۆ ئاقاربەخشین و بەئەنجام گەیاندنی هەستانی خەڵک، بەڵام حەرەکەتی ئەمجارە لە زۆر ڕووەوە لە حەرەکەتەکانی دیکە لە پێشترە: بنەمای جەماوەریی حەرەکەتەکە فراوانترە و چین و توێژی نوێی کۆمەڵگە بەتایبەتی لەنێو کارمەندان و ژنان و نەتەوە بندەستەکان بەشێوەیەکی دیارتر لە پێشوو پەیوەستی بوون؛ دروشمەکان لەڕووی سیاسییەوە لە جاری پێشوو ڕاشکاوترن؛ دیواری ترسی خەڵک زیاتریش شکاوە؛ هێزە دژەگەلییەکان لە جاری پێشووش زیاتر لە سەرکوتی بەربڵاوی خەڵک دوودڵن؛ سەرەنجام ئەزموون و پێگەیشتوویی‌یەکی... ٢




لە زمان مامۆستا هێمن دەگێڕنەوە ڕۆژێکیان پێشەوا قازی محەممەد لە کاتێکدا ژمارەی نوێی چاپکراوی «کوردستان»ی بەدەستەوە دەبێ، ڕوو دەکاتە مامۆستا هەژار و مامۆستا هێمن و تێبینییەکانی خۆی لەسەر بابەتێکی مامۆستا قزڵجی باس دەکا کە لە ڕۆژنامەدا چاپ بووە.

پێشەوا لەگەڵ مەدحی نووسینەکەی مامۆستا قزڵجی هەناسەیەکی قووڵ هەڵ دەکێشێ و دەفەرموێ: «ئەگەر لێمان گەڕێن و خۆمان بین و بمێنین؛ زۆر کەسی دیی وەک قزڵجیمان هەن...»

٧٣ ساڵ دوای ئەو ڕووداوە «کۆچەر بیرکار» پێی گوتین کە کورد وەجاغی کوێر نین، بەڵام ئەوە بێمافی و بێدەوڵەتی و بێدەسەڵاتییە ڕێی لە دەرکەوتن و درەوشانەوەی ڕۆڵەکانی ئەم نیشتمانە گرتووە. بێگومان ئەگەر کۆچەر وەک تاکێک بێتوو نیشتمانەکەی جێ نەهێشتبا و لە پێناو خەونەکانیدا بە ناچار ڕووی لە هەندەران نەکردبا، ئێستا لە زێدەکەی هەمان چارەنووسی هاوڕێ، هاوتەمەن و هاونیشتمانییەکانی دەبوو.

حاشاهەڵنەگرە کە کۆسپی سەرەکیی بەردەم پێشکەوتنی کورد و دەرکەوتنی ڕۆڵەکانی ئەم میللەتە بێدەسەڵاتی و بێدەوڵەتیی خۆی و؛ دەسەڵاتی ماف زەوتکەری دەوڵەتی ناوەندییە کە حاشا لە شوناس و سەرجەم مافەکانی کورد دەکا.


## دەسبەسەرکرانی لانی کەم ١٨٠ کەس لە کوردستان



ناوەندە ئەمنیەتییەکانی ڕێژیم لە کوردستان لە یەک مانگ و نیوی هاوینی ئەمساڵدا هەرنەبێ ٧٣ کەسیان دەسبەسەرکردوە.

زۆربەی گیراوەکانی ئەم دواییانە لە شارەکانی سنە، مەریوان، شنۆ، بۆکان، پیرانشار، سەقز و کرماشان بوون و هەموو دەسبەسەرکراوانیش بە تۆمەتی هاوکاریکردنی حیزبە کوردییەکانی دژبەری کۆماری ئیسلامیی ئێران گیراون. هەر لە ماوەی ئەو یەک مانگ و نیوەدا ١٤ زیندانیی سیاسیی کورد پاش دادگاییکردنی ناعادڵانە سەرجەم سزای زیاتر لە ٤٥ ساڵ (٥٤٦ مانگ) بەندکرانیان بەسەردا سەپاوە و هەروەها سێ بەندکراوی سیاسیی کوردیش بە تۆمەتی کوشتنی چەند ئەندامێکی سپای پاسداران سزای ئێعدامیان بۆ بڕاوەتەوە. ناوەندە ئەمنیەتییەکان لە ماوەی سێ مانگی بەهاری ڕابردووشدا لانی کەم ١٠٣ کەسیان لە کوردستان، بە تۆمەتی چالاکیی ئەمنیەتی و سیاسی لە دژی کۆماری ئیسلامی دەسبەسەر کردبوو.

## لە سەرەتای ئەمساڵەوە ٦٠ کۆڵبەر کوژراون و بریندار بوون



سێ کۆڵبەر لە ناوچە سنوورییەکانی سەڵماس و چاڵدران بە تەقەی هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی کوژران و بریندار بوون، بەوەش ئاماری ئەم کۆڵبەرانەی لە سەرەتای ئەمساڵەوە کوژراون و برینداربوون گەیشتە ٥٧ کەس.

ڕۆژی پێنجشەممە ١١ی گەلاوێژ، هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی پۆلێک کۆڵبەریان لە سنووری شاری چاڵدێران دایە بەر دەسڕێژی گوللە و لە ئاکامدا دوو کۆڵبەر بە ناوەکانی «بێهزاد خەلیلی حەیدەرانلوو» و «جەعفەر دەلایی میلان»، بە توندی بریندار بوون. شەوی چوارشەممە لە سەر پێنجشەممە، ١٠ی گەلاوێژیش، «سولێمان بادۆشێوە»، خێزاندار و خەڵکی گوندی «دەرگە»ی سەڵماس درایە بەر دەستڕێژ و گیانی لە دەست دا.

شایانی باسە لە سەرەتای ئەمساڵەوە تا ئێستا ٥٧ کۆڵبەر کەوتوونەتە بەر تەقەی هێزەکانی ڕێژیم و ٢٢ کەسیان بەو هۆیە گیانیان لە دەست داوە و ٣٥ کەسیشان بریندار بوون.



پاشەکشەی ڕێژیم لە کوێ و بۆ چی؟/٢



چارەنووسی لایحەی ئەمنیەتی ژنان/٤



سەرکەوتنی جەبری بیرکاری بەسەر جەبری مێژوویدا/٥



وتووێژ لەگەڵ د. ناهید حوسێنی/٦



چۆنیەتیی مامەڵەکردن لەگەڵ دۆخی نەخوازراو/٧



پرسی کورد و گۆڕانکاری لە ئێران/٨



هەڵاڵە و ئارەزوویەکی ترساو/١١

کوردستان
ژمارە ٧٣١
١٥ی گەلاوێژی ١٣٩٧ _ ٦ی ئاگۆستی ٢٠١٨

درێژەی:

# کورد و ئایندەی ئێران

زیاتر بە شێوازی خۆپێشاندان و خۆپاراستنی خەڵکی ناڕازییەوە دیارە و پەردەکانی پێوەندی لەنێوان بژاردەکانی نێوخۆ و دەرەوە لە جاران پتەوتر و کاراتر دێنە بەرچاو.

ئەوەندەی دەگەڕێتەوە سەر ڕێژیم، ڕاڕایی و دۆشدامان و سەرلێشێواوییەکی ئاشکرا بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو دۆخە بە کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامییەوە دیارە. ئەوان بەڵام ئەمجارەش وەک جاری پێشوو لە دوو شتدا یەکدەست و یەکگرتوون: بێ کیفایەتی لە چارەسەری کێشەکانی وڵات، بێ ئیرادەیی بۆ بیستنی پەیامی خەڵک.

ئەگەر زۆر لە نیشانەکانی دۆخی ئێستای ئێران وەبیرهێنەرەوەی ئاخرین مانگەکانی ڕێژیمی شا و دوایین ساڵەکانی یەکیەتیی سۆڤییەتن، بەڵام هێشتا ڕوون نییە کە جووڵەی ئەمجارەی خەڵک سەردەکەوێ یا نا؟ لەلایەک درزەکان، مەوداکان و هۆکارەکانی دابەشبوون و نایەکگرتوویی کۆمەڵگەی سیاسیی ئێران هەروا بەردەوامن. لەلایەکی دیکەش، زەرفیەت و تواناکانی ڕێژیم چ بۆ سەرکوتی خەڵک و یەکدەستکردنەوەی زیاتری دەسەڵات لە نێوخۆ و چ بۆ سات و سەودا و سازان لەگەڵ دنیای دەرەوە ئەگەر لە کەمیشیان دابێ، لەنێو نەچوون. جێگای خۆشحاڵییە کە ماف و ئازادییەکانی خەڵکی ئێران ئێستا ئیدی بۆتە تەوەرێکی بنەڕەتیی گوتاری دیپلۆماسیی ئەمریکا و هێندێک دەوڵەتی گرینگی ڕۆژئاوایی. بەڵام هەروەک ڕاگەیاندراوە، ئەولەوییەت و ستراتژیی نێودەوڵەتی ئێستاش گۆڕینی ڕێژیم نییە و لەحاڵەتێکدا کە کۆماری ئیسلامی بەپێچەوانەی مەیل و ماهییەتی خۆی بۆ ماوەیەک و بەڕواڵەت مل بۆ گۆڕینی ڕەفتاری خۆی ڕابکێشێ، نابێ بەدووری بزانین کە حاڵەتێک بێتە پێش کە ئاجێندای ئازادیخوازانەی خەڵکانی ئێران بۆ چەند ساڵی دیکەش شل بێتەوە.

بۆ پێشگیری لە ڕوودانی وەها سیناریۆیەک، بۆ ئەوەی ئەگەر تەنانەت ڕێژیمیش نەڕووخێ پاشەکشەی نێودەوڵەتیی ڕێژیم پاشەکشەی نێوخۆییشی بەدوادابێ، پێویستە هەموو تاکەکان، هەموو لایەنەکان، هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی ئێران لە نێوخۆ و لە دەرەوە یارمەتی بەوە بکەن کە ئەو دینامیزمە ئینقلابییە کە لە نێوخۆی ئێراندا سەری هەڵداوە جارێکی دیکە دانەمرکێتەوە. ئەوە لە ئاستی ئێراندا موستەلزەماتی خۆی هەیە کە زۆری لەسەر گوتراوە و دەکرێ لە شوێنی خۆیدا ئێمەش قسەی لەسەر بکەین.

ئەوەندەی دەگەڕێتەوە سەر خۆمان وەک کوردی ڕۆژهەڵات، کوردستان بەو ڕابردووە درێژە لە پێشەنگایەتیی خەبات بە دژی دیکتاتۆڕی لە ئێران و بەو پلە بەرزە لە ڕێکخستن و وشیاریی سیاسی و مەدەنی، کەس لە ئێران نابێ دەرسی خەبات و خۆڕاگریی فێر بکا. بەو حاڵەش، ئەگەر هەموو ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەسەریەکەوە چاو لێ بکەین، دەبینین کە ئەم ڕۆژانە چ لە بەستێنی حیزبەکان و چ لە بەستێنی کۆمەڵگەدا بێدەنگی و بێهەستییەک بەدی دەکرێ کە لە ئاستی دۆخی سەراسەریی ئێران و سیناریۆ و پێشهاتە نادیارەکانیدا نییە. بەلەبەرچاوگرتنی لەرز و تای ئەم ڕۆژانەی کۆمەڵگەی ئێران و بە هەموو ئەو هەڕەشە و چالێنجانەوە کە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە داهاتوودا لە زۆر لاوە بەرەوڕووی دەبێتەوە، کاری جیدی و مشووری خێرا بۆ یەکخستنی نێوماڵی کورد لە ڕۆژهەڵات، بۆ لێدانی جێپەنجەی کوردی لەسەر ڕەوتی ڕووداوەکان، بۆ لەمەیدانابوونی ورد و درشتی تاکەکانی خەڵک و سەرجەم چین و توێژەکان لە هەموو بەستێنەکاندا، سەرەنجام بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هاوبەش و یەکگرتووانەی ئاستەنگ و ئالەنگەرەکان زەرووڕەتێکی وەک ڕۆژ ڕوونە. دەزانین کە بەداخەوە یەکنەبوون نەخۆشییەکی کۆنی کوردە، بەڵام ئەگەر بەڕاستی هەموو لایەک بە ئیرادە و تەوازوعەوە چاو لە ئەرک و ڕیسالەتی خۆیان بکەن، کارەکە هێندەش دژوار نییە.

کۆمەڵگەی سیاسیی ئێمە بێگومان دەبێ زۆر کار لەسەر خۆی بکا بۆ ئەوەی مێژوو و ناسنامەی خۆی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بێژینگ بدا، بۆ ئەوەی درزەکانی دەروونی خۆی پڕ بکاتەوە، بۆ ئەوەی هەستیاری و ڕوانگە و شێوازە نالێکەکان پێکەوە ئاشت بکاتەوە. هاوکات دەبێ چ ڕوو بە ناوچە و جیهانی دەرەوە و چ بەتایبەتی ڕوو بە دەسەڵات و کۆمەڵگەی سیاسیی سەرجەم ئێران یەکدەست و یەکگرتوو قورسایی هێزی مەیدانیی خۆی و تۆکمەیی جەهانبینیی پێشکەوتنخوازانە و شوناسخوازانەی نیشان بدا. بە ئەزموونێکی تاڵ و هێشتا نادڵخواز کە لەگەڵ دەسەڵات و تەیفە سیاسییەکانی ئێران هەمانە، بێگومان کوردستان لە پێشدا دەبێ لە فکری خۆی و ئایندەی خۆیدا بێ.

ئێمە پێویستە لەسەر بەستێنی ڕەسەن و مێژوویی پرسی کورد کە پرسی نەتەوەیەکی چل میلیۆنیی دابەشکراوە، بە گوتارێکی سەروەریخوازانە کە ڕوو بە دەرەوەی خۆمان متمانەبەخۆ و لە دەروونی خۆماندا هەمەلاگیر بێ، بە کەرەسەی نوێ و بە ڕێکاری سەردەمییانە، لە هەموو بەستێن و ڕەهەندەکانەوە بە هەنگاوی بچووک و گەورە کار بۆ جێخستنی بێگەڕانەوەی دیفاکتۆیەکی کوردی لە ئایندەی ئێراندا بکەین. بەڵام ئەو دەستئاوەڵایی و ئەولەوییەتە کە کورد بۆ ئایندەی خۆی لە ئێراندا دەبێ بیکاتە پرەنسیپی کار، نابێ بە مانای کەمتەرخەمی و غافڵبوون لە حاند ڕووداوەکانی سەرتاسەری ئێراندا بێ. ئەوەندەی کوردی ڕۆژهەڵات دەبێ بۆ ئازادیی خۆی کار بکا، ئەوەندەش دەبێ پشتیوانی لە هەموو هەناسەیەکی ئازادیخوازانە لە سەرتاسەری ئێراندا بکا. ڕاستە کاری سیاسی و خەباتگێڕی بۆ کورد لە ئێران هەمیشە تێچووی لەسەرتر بووە، ڕاستە کورد نابێ پاشکۆی هیچ ڕەوتێکی بەناو سەرتاسەری لە ئێران بێ (بەتایبەت ئەگەر ئەو ڕەوتانە هیچ ئاسۆیەکی ڕوون بە گەلی ئێمە نیشان نەدەن)، بەڵام پێویستە بە ڕێکاری ژیرانە و گونجاو هەم پۆتانسیەلی جەماوەریی خەڵک لە کوردستان زیاتر خۆی بنوێنێ، هەم بە شێوازی خۆمان تێ بکۆشین تەقویەتی ئەو دینامیزمە ئینقلابی و گۆڕانخوازە بکەین کە هەرچەند بەشێوەی پەرش و بڵاو و ناهاوسان بەڵام سەرتاسەری ئێرانی گرتۆتەوە. ئەوە بە قازانجی کوردستانیشە. کەوابوو بەڵێ بۆ هاوپێوەندی و پشتیوانیی کورد بە ڕەنگ و ڕوانینی تایبەت بە خۆیەوە لە بزاڤی گۆڕانخوازانەی نێو کۆمەڵگەی ئێران، براڤێک کە چیدیکە نابێ خۆی بە بەکارهێنانی زەرفیەتەکانی ژێر حاکمییەتی کۆماری ئیسلامییەوە خەریک بکا، بەڵکوو دەبێ کار بۆ کۆتاییهێنان بەو حاکمییەتە بکا.

# پاشەکشەی ڕێژیم لە کوێ و بۆ چی؟



کەماڵ کەریمی

ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامیی ئێران لەمێژ ساڵە تەمەنی ئاڵۆزی ڕێژیمەکەیان لە قەیرانێکەوە بۆ قەیرانێکی دیکە تێپەڕ دەکەن. ئەزموونەکانی ئەو ساڵانە پێمان دەڵێن کە ئەوان هیچ کات لە بیری ئەوەدا نەبوون چارەسەری یەکجاری ئەو قەیرانانەی تووشی وڵاتی ئێرانیان کردوە بکەن و هەرجارەی ویستوویانە بە جۆرێک بەردێکی لەسەر دانێن و خۆی لێ بدزنەوە، بەبێ ئەوەی خەم لەوە بخۆن کە داهاتووی وڵاتێک لەژێر ئەو هەموو قەیرانە یەک لەدوای یەکانەدا چ دەبێ. گومان لەوەدا نییە کە ئەوان نە بۆ خزمەتکردنی وڵات هاتبوون و نە لە خەمی ژیانی خەڵکی ئێراندا بوون کە گلەییەکیان لەسەر بێ، بەڵام بۆ خۆیشیان جگە لە دزی و تاڵانی سەرمایەکانی ئەو وڵاتە بەپیت و بەرەکەتە، ئەگەر لە خەمی دەسەڵاتدارییەکەیان بووبن دەردەکەوێ ئەزموونی ئەوەیان نەبوە کە هیچ دەسەڵاتێک لە ژێر کارتێکەریی بەردەوامی ئەو قەیرانانەدا ناتوانێ بۆ هەمیشە خۆ ڕابگرێ و لە جێیەک مەجبوور بە تەسلیم و سەربەردانەوە دەکرێ.

ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی لە سەرەتای بە دەسەڵات گەیشتنیانەوە بەپێچەوانەی هەموو عورفێکی دەسەڵاتداری بە سازکردنی شەڕ لەگەڵ هاوسێکانی و هەڕەشە لە شەرق و غەرب بە تایبەت ئەمریکا هەوڵی خۆسەپاندنێکی ئیدئۆلۆژیکییان دا، بەڵکوو لە سایەی بێ خەبەریی خەڵکی ئێران و کێشە نێودەوڵەتییەکان لە ناوچەدا، جێ پێی دەسەڵاتدارێتیی درێژماوەی خۆیان قایم بکەن و لە پێناو ئەم ویستەدا ئەوەی گرینگییان پێ نەدا ژیان و داهاتووی ئەو خەڵکە بوو کە لە پێناو ئەواندا، بە چاوبەستراوی لە بەرەکانی شەڕ و خۆپێشاندانە فەرمایشییەکاندا بازاری ئیدیعاکانی ئەوانیان گەرم دەکرد. بە جۆرێک کە لە تەواوی ئەو ساڵانەدا تەنیا چەکێک کە بەرامبەر بە دنیای دەرەوە لهکاریان دهکرد بە چاودادانەوەی پشتیوانیی بەرینی خەڵک (ئوممەتی شەهیدپەروەر) لە ڕێژیمەکەیان بوو. ئیدیعایەک کە ئەم ڕۆژانە لە برەو کەوتووە و ناوێرن باسی بکەن. ئێستا ئیتر ئەوە خۆیانن و دەستەوەستانی بەرامبەر ئەو هەموو کێشانە کە ڕووبەڕوویان بووەتەوە.

لەم کێشمەکێشەدا ڕێبەرانی ڕێژیم بە تایبەت کەسی یەکەمیان خامنەیی دوای چەند جار هێرشی بە قسە و هەڕەشەکردن، کاتێک زانییان هەموو دەرگایەکیان لەسەر داخراوە و تەنانەت ڕووسیەی هاوپەیمانیشیان ڕووی خۆشیان پێ نیشان نادا و...

وڵاتانی دوستیان کە زۆرجار لەبەر بەرژەوەندییە بازرگانییەکانیان چاوپۆشییان لە هەموو دەستدرێژییەکانی ئەوان بۆ سەر گیان و ماڵ و کەرامەتی ئینسانیی هاووڵاتیانی ئێرانی و، تەنانەت کارە تێرۆریستییەکانیان لە وڵاتە دوورهدەستەکانیش دەکرد نەیانتوانی یارمەتییەکیان بدەن، لە نێوخۆ بەپەلە کەوتنەخۆ بۆ ئاشتهوایی نێوماڵی خۆیان و لەسەر داوای خامنەیی بۆ ڕزگارکردنی کەشتییە تێکشکاوەکەیان لە نوقمبوون کە هەموویان دەگرێتەوە کێشە و دوژمنایەتییەکان وەلانا و، لە دەرەوەش ئەوەی ئاشکرا بووە دوای بێ ئاکامبوونی سەفەری ڕووحانی بۆ ئورووپا و نێردەی تایبەتی خامنەیی بۆ ڕووسیە، و پەیامی ئاغای تڕامپ کە ئامادەیە بێ مەرج ئەگەر کۆماری ئیسلامی ویستی وتوویژیان لەگەڵ بکا، ئەوجا نۆرەی ناردنی بەنهێنیی نێردەی وڵاتان بۆ لای دەوڵەتی ئەمریکا هات کە بەڵکوو وەک ڕووحانی گوتی «وتوویژ لەگەڵ ئەمریکا یانی تەسلیم بوون» ڕێگەی تەسلیم بوونیان بۆ بهێڵدرێتەوە. ئێستا بەڕوونی دەردەکەوێ هاوکات بوونی فشارەکانی نێوخۆ لەلایەن خەڵکی وەزاڵەهاتووی ئێران کە بۆ هەدەستهێنانەوەی مافە لە دەستچووەکانیان ڕژاونەتە سەر شەقام و، فشارەکانی دەرەوە بە تایبەت لە لایەن ئەمریکاوە بە مەبەستی کورتکردنەوەی دەستی کۆماری ئیسلامی لە ناوچە و پەکخستنی دەزگای تیرۆریستیی سپای پاسداران لە بەڕێوەبردنی کارە تیرۆریستییەکانی، ڕێبەرانی ئەو ڕێژیمەیان لە مودیرییەتی قەیرانەکان بە قازانجی خۆیان نائومێد کردووە. ڕێژیم کە هەموو ئەو ساڵانە لەلایەک بە کۆکردنەوەی خەڵک لە میتینگە دەوڵەتییەکاندا، خۆی وەک دەسەڵاتێک کە خەڵک پشتیوانیی لێ دەکەن دەردەخست و لەولاشەوە لە چاوچنۆکیی کۆمپانیاکانی وڵاتانی دەرەوە بۆ نیشاندانی سەقامگرتوویی و بەهێزیی خۆی کەڵکی وەردەگرت، ئێستا نە ئەمی ماوە نە ئەو.

لەو بەینەدا ئەوەی کە خەساری گەورەی بەرکەوت خەڵکی بێ ئەنوای ئێران بوو. لە نێوخۆی وڵات پاش نزیک بە چوار دەیە سەرکوتی بێبەزەییانە کە جگە لە دەستوپێوەندە سوێندخواردووەکانی خۆیان هەموو کەسی گرتەوە، ئێستا خەڵک بە گشتی و لە هەموو ناوچەکانی ئێراندا بۆ گۆڕینی ئەو وەزعە بە شێوەی ئاشکرا ڕووبەڕووی ڕێژیم بوونەتەوە و ئەم خۆدەرخستنەش ڕۆژبەڕۆژ بەرینتر دەبێ و دەردەکەوێ کە خەڵک هیچ باوەڕێکیان بە دەسەڵاتدارانی ڕێژیم و بەڵێنە بەدرۆکانیان نەماوە و ڕێبەرانی وڵاتیش باش لەمە حاڵی بوون و لەوە تێگەیشتوون کە خەڵک ڕێگەی گەیشتن بە گۆڕانێک دەپێون کە داهاتووی باشی خۆیانی تێدا ببیننەوە، ئەگەر بە ڕووخانی ڕێژیمیش بێ. بەڵام سەیر ئەوەیە لە ڕێڕەوی پاشەکشەکانیاندا ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی بۆ خۆڕزگارکردن لە چنگ مەترسیی ڕووخانی ڕێژیمەکەیان بیر لە هەموو ڕێگەیەک دەکەنەوە و تەنانەت ئامادەن بە تەسلیمبوونیش بێ، پەنا بۆ ئەم و ئەو ببەن کە دڵی ئەمریکایان بۆ نەرم کەن بەڵکوو لە کەری شەیتان بێتە خوار و دەرگای وتوویژیان بۆ بکاتەوە؛ بەڵام بۆ ساتێکیش بیر لە ڕێگەی خەڵکی وڵاتەکە بۆ بەشداری لە چارەسەری کێشەکان ناکەنەوە.

ئەوە ڕوونە کە ڕێگەی چارەسەری لە دەرەوە ڕەنگە بۆ ئێستا و بە شێوەی کاتی ڕێگە چارەسەرێک بۆ ڕێژیم بهمهبهستی تێپهڕین لهقهیرانهکانی ئێستا بێ، بەڵام بێگومان بۆ چارەسەری کێشەکانی خەڵکی وەزاڵەهاتووی ئێران هیچی تێدا نییە. خەڵکێک کە ناهومێد لە گۆڕانکاری لە ڕێگەی دەسەڵاتەوە بۆ خۆی ئەم ڕێگەی گرتووەتە بەر و ئێستا گوێ بە کێشەکانی ڕێژیم لەگەڵ ئەمریکا نادا و ئەگەریش گرینگیی پێ بدا لەبەر ئەوەیە کە بتوانن لە فشارەکانی ئەو وڵاتە بۆ سەر ڕێژیم بە مەبەستی گۆڕینی وەزعەکە بە قازانجی خۆیان و داهاتووی وڵاتەکەیان کەڵک وەرگرن. خەڵکی ئێران بەگشتی ئێستا باش لەوە تێگەیشتوون کە پاشەکشەکانی دەسەڵاتدارانی ڕێژیم لە بەرامبەر ئەمریکادا تەنیا و تەنیا بۆ خۆدەربازکردنی خۆیانە لە قەیرانێک کە تۆماری تەمەنیان تێکەوە دەپێچێ.

# شەقامەکان لەنێوان بەرداشی بێ ڕێبەری و گەمەی باڵەکانی ڕێژیمدا



سمایل شەڕەفی



لە خۆپێشاندانەکانی بەرفرانباری ساڵی ڕابردووەوە تا ئێستا کە ناوەناوە ناڕەزایەتییەکان دژ بە نیزامی سیاسی لە تاران لە ئارادایە، بۆچوونی زاڵ ئەوەیە کە گەورەترین کەمایەسیی ئەم ناڕەزایەتییانە «نەبوونی ڕێبەری»یە. پچڕپچڕبوونی ئەم خۆپێشاندان و ناڕەزایەتییانە، ناڕونبوونی داواکاریی و خواستی خۆپێشاندەران و نێوەرۆکی درووشمەکان، دەرخەری ئەم ڕاستییەیە کە ئەم ناڕەزایەتییانە نەتەنیا نەیتوانیوە تا ئێستا ڕێبەری و ئادرەسێکی ڕوونی هەبێ، بەڵکوو بەداخەوە زۆر جاریش گومانی «گەمەی نێو باڵەکانی ڕێژیمی» لێ کراوە.

هەرچەند ناکرێ حاشا لە کۆمەڵێک وردە ئادرەسی وەک لایەنگری لە نیزامی پاشایەتی و کۆمەڵێک لایەنی دیکەی سەرانسەری لەم خۆپێشاندان و ناڕەزایەتیانەدا بکرێ، بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە تا ئێستا هیچ کەس یان ڕەوتێکی سیاسی نەبۆتە ئادرەسێکی گشتگیری جەماوەری کە بزووتنەوەی ناڕەزایەتیی ئێران بتوانێ قسەی کۆتایی لێ وەربگرێ و خەت و نیشانی بۆ دیاری بکا. هەر ئەم کەمایەسییە دەرفەتێکی بۆ نیزامی سیاسی لە تاران و باڵەکانی ئەم نیزامە خوڵقاندووە کە بتوانن تا ئەو جێیەی بۆیان دەکرێ بەشێک لەم ناڕەزایەتیانە بە مەبەستی خۆیان مودیرییەت بکەن و بیکەنە دەسمایەیەک بۆ گەمە و کێشمەکێشمەکانی نێو خۆیان.

بێدەنگیی عەلی خامنەیی بەرانبەر بە خۆپێشاندانەکان و خۆبواردنی دەزگای سەرکوتکەری ڕێژیم لە «بەرخوردی سەخت» بەرانبەر بە خۆپێشاندەران و تاوانبارکردنی دەوڵەتی حەسەن ڕووحانی بە ناکارامەیی و بێتوانایی لەلایەن میدیاکانی سەر بە باڵی بناژۆخواز لە لایەک و، تاوانبارکردنی دامەزراوە نایاساییەکانی نیزام بە قەیرانخوڵقێنی، گەورەکردنەوەی گرفتەکان و پەرەپێدان بە بێهیوایی لە نێو کۆمەڵگە لەلایەن لایەنگرانی دەوڵەتەوە، نیشان دەدا کە کۆی دامودەزگاکانی ڕێژیم بە هەموو تەیف و باڵەکانییەوە لەم ناڕەزایەتیانە وەک دەرفەتێک بۆ ڕەشکردنی یەکتری دەڕوانن و تا بەم شێوەیە بێخاوەن و بێ ڕێبەر بێ، زۆریش حەز بە دامرکانەوەی ناکەن!

بە سەرنجدان بە خوێندنەوە و لێکدانەوەکانی بەرەی ئۆپۆزیسیۆنی سەرانسەری جیا لە موجاهدینی خەڵقی ئێران کە گوتارێکی یەکلاکەرەوەی «ڕووخانی ڕێژیم» و خۆ بە ئاڵترناتیڤ زانینی هەیە، لانیکەم بەم زووانە گومانی ئەوە ناکرێ کە ئەم ناڕەزایەتییانە بتوانێ ڕێبەرییەکی «ئینقلابی» بۆخۆی دروست بکا.

ڕووداوەکانی نیزیک بە دە ساڵی ڕابردووی ناوچەکە و شۆڕشی وڵاتانی عەرەبی لە باکووری ئافریقا و ئاکامە نادڵخوازەکانی ئەم شۆڕشانە و کۆمەڵێک فاکتەری دیکەی وەک ڕوانینی «ئێرانییەکان» بۆ دەستێوەردانی دەرەکی بەتایبەت دەستێوەردان لە جنسی وەشاندنی گورزی سەربازی، بێباوەڕیی کۆمەڵگەی ئێران بە درووشم و ئیدیعای ئامریکاییەکان و ترس لە وێرانی، شەڕی نێوخۆیی و بێئاکام مانەوەی ڕاپەرین بە سەرنجدان بە ئەزموونی ڕاپەڕینی ١٣٥٧ی هەتاوی و کۆمەڵێک فاکتەری دیکە، «کۆمەڵگەی ئێران»ی بە جۆرێک تووشی گومان، دڵەڕاوکێ و بێئیرادەیی کردوە.

تێفکرین و قوڵبوونەوە لە درووشمەکانی «نترسید نترسید ما همه با هم هستیم»، «ایرانی باغیرت، حمایت حمایت»، «زنا بە ماپیوستن، بیغیرتها نشتن»، کە لە زۆربەی خۆپێشاندانەکانی ئەم چەند مانگانەی دواییدا لەلایەن خۆپێشاندەرانەوە بەرز کراونەتەوە، دەری دەخا کە ئەم ناڕەزایەتییانە تا ئێستا شکڵی «جەماوەری» و تودەییان بە خۆوە نەبینیوە و خۆپێشاندەران خۆیان لە کەمایەتیدا دەبینن. ئەمە ئەگەر لەلایەک نیشانەی بێ ڕێبەربوونی حەرەکەتەکە و بە جۆرێک عەقڵانیبوونی ڕەفتاری کۆمەڵگەیە، لەلایەکی دیکەشەوە دەتوانێ دەرفەتێکی باش بێت بۆ حاکمییەتێکی سەرەڕۆ و ناوڵامدەری وەک کۆماری ئیسلامیی ئێران کە گەمەیەکی نێوخۆیی نێوباڵەکانی بەم حەرەکەتانەوە بکا.

# ڕووحانی و دوابزمار لە تابووتی وێژمانی خەڵکسالاریی دینی

سام یارسان

هەرچەند دەتوانین پێشینەی دەسەڵاتی خەڵکسالاری و دێموکراسی لە یۆنانی کۆنیشدا بدۆزینەوە، بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە کە لەو سەردەمیشدا کەسانێکی وەک ئەفلاتوون ڕەخنەگری ئەو شێوازە لە بەڕێوەبەری بوون و پێیان وابوو کە زۆرینەی خەڵک شایانی ئەوە نین بڕیار لەسەر دۆخی سیاسییان بدەن و کەڵکوەرگرتن لەو شێوازە لە بەڕێوەبەری دەبێتە کۆسپێک بۆ پلاندانان و بڕیاری دروست و ڕێگای پێشکەوتن دژوار دەکا.


دیارە لەوانەشە ئەو بۆچوون و بیرۆکەیە لە زەمانی ئەفلاتووندا بە هۆکاری جیاوازی نائاگایی کۆمەڵانی خەڵک و هەزار و یەک بەڵگەی دیکە پاساوهەڵگر و گونجاو بووبێ، چونکە بە کردەوە لەوکاتەوە هەتا ئەو چەند سەد ساڵەی ڕابردوو زۆر بەدەگمەن شوێنەوارێک لە دەسەڵاتێکی دێموکراتیک لە مێژوودا بیندراوە و زۆربەی کاتەکان دیکتاتۆرەکان شەرعییەتی خۆیان لە زەبروزەنگ و خوێن و پارە وەرگرتووە و حوکمڕانییان کردووە.

خاڵی سەرنجڕاکێشی مێژوو ئەوەیە: لە زۆرینەی ئەم دەورانەشدا، بەرزترین ئاستی گەشەی ئەدەبی و هونەری و ئابووریی وڵاتان هاوکات بووە لەگەڵ دەسەڵاتداریی دیکتاتۆرە بەهێزەکان کە بەجۆرێک بۆچوونەکەی ئەفلاتوون پشتڕاست دەکەنەوە، بەڵام بە درێژایی مێژوو دەرئەنجامی گشتیی ئەم شێوازە لە حوکمڕانی، پێشاندەری بێسەرەوبەری، ئاژاوە و ستەم لە سەرجەم چین و توێژەکانی نەتەوەکانە، هەر بۆیەش لەو ماوەیەدا ئێمە شاهیدی گەشە و پێشکەوتنی بیرۆکە و شێوازی نوێ بۆ پێناسەکردنی ژیان و دەسەڵاتدارەتی بووین کە شەرعییەتی خۆی لە دین و ئایین وەردەگرت و وای دەنواند کە لەبەر ئەوەی لە وەها مۆدێلێکی حوکمڕانیدا، حکومەت بەڕێوەبەری فەرمانی خودایە، ئەوا دادپەروەرانەترە و توانایی گەیاندنی مرۆڤ بە کەماڵ زیاتر دەکا. بەڵام زۆر زوو ئاشکرا بوو کە ئەم بیرۆکەیە بووەتە ڕووکەشێکی نوێ بۆ جێبەجێکردنی دیکتاتۆرییەکی زۆر قورستر و بێنرختر لە مۆدێلی پێشوو. بە شێوەیەک کە تەنانەت شانسی خەڵک بۆ دژایەتیکردنی حاکمی ستەمکار، بەهۆی ئەوەی وەک دوژمنایەتیکردنی خودا و ئایین لێک دەدرایەوە، کەمتر لە جاران بوو و لە مێژوودا ڕەشترین سەردەمەکان ئەو کاتانەن کە وەها مۆدێلێکی حوکمڕانی جێبەجێ کرا.

ئەو ڕەوتە هەروا درێژەی هەبوو هەتا سەردەمی ڕێنیسانس لە ئورووپا کە خەڵک بە جێی پشتبەستن بە بیروبۆچوونی پێشینیانی خۆیان و پەروەردەی ئایینی، ڕوویان کردە لێکدانەوەی عەقڵانیی پرسی حوکمڕانی و زۆر زووتر لەوەی کە پێشبینی دەکرا، تێگەیشتن کە ئەوەی لە ئاییندا بنچینەی عەقڵانیی هەیە جێی پەسند و ئەوەی بنچینەی عەقڵانیی نییە لە لاوە وەرگیراوە، یان بابەتی حوکمڕانی نییە و ئەگەریش بدرێتە پاڵ حوکمڕانییەوە، ناتوانێ بەڵگەیەکی باش و گونجاو بێ بۆ حوکمڕانی.

لوتکەی ئەو ڕەوتە کە بەکردەوە دەستپێکی سەردەمێکی نوێ لە پێناسە سیاسییەکان بوو بە ڕوانگەکانی جان لاک کە وەک باوکی شێوازی ئەزموونگەرایی ئاوێتە دەبێ کە بۆ مرۆڤ بەدەر لە نژاد و ڕەگەز و ... مافی ژیان، تەندروستی، ئازادی و خاوەنداریێتی بە مافی سرووشتی مرۆڤ دەزانێ و بە پشتیوانی لەوان، ئەرکی دەوڵەت وەک سەقامگیریی ئاسایش بە تایبەت لەهەمبەر مەترسییە دەرەکییەکان، بەڕێوەبردنی یاسا و گرەنتیکردنی مافی سرووشتیی مرۆڤەکان و لە کۆتاییدا ئەنجامدانی ئەو کارانەی کە بەرژەوەندی کەسییان تێدا نییە وەک: پارێزگاری لە ژینگە و ... چڕ کرایەوە. هەر کەسە و مافی ئەوەی هەبوو بە پێی بارودۆخی خۆی و بەو لێکدانەوەیە کە مافی سرووشتیی سەرجەم مرۆڤەکان نەخاتە ژێر پێ، بۆ گەیشتن بە ژیانێکی بەختەوەرانە هەنگاو هەڵبگرێ.

لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەیەم و سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا، دوو بیرۆکە هەوڵیان دا لەسەر بنەمای پاشخانە کۆنەکان خۆیان دەگەڵ زانستی نوێ ڕێک بخەن و سیمایەکی نوێ لە خۆیان نیشان بدەن کە یەکیان کۆمۆنیزم بوو و ئەوی تریان سەروەریی خەڵک لە ئاییندا بوو. هەر دووی ئەو عەقڵییەتانە ئیدیعایان دەکرد لەسەر بنەمای بەشداریی مرۆڤ لە بڕیاردان لەسەر چارەنووسی خۆی، مرۆڤ دەگەیەننە کۆتا مەنزڵگە و، کەرامەتی شیاوی خۆی پێ دەبەخشن. یەک لەوانە ڕەگ و ڕیشەی لە خواناسیدا بوو و ئەوی تریان لە زانست و لە دیالیکتیکی مێژووییدا. لە پێوەندی لەگەڵ کۆمۆنیزمدا، لە دوای ڕووخانی سۆڤییەت و هەڵگەڕانەوەی وڵاتی چین لە بناخە و بنچینەکانی بازاڕ و سەرمایە و لە کۆتاییدا سیما جۆراوجۆرەکانی حوکمڕانیی دێموکراتیک لەگەڵ بنچینەکانی سۆسیالیزم، دەکرێ بڵێین لە هێندێک بابەتدا جیاوازیی چینایەتی هەموو ئەو پێداویستییانەی بازاڕی سەرمایە ناگرێتە خۆ بەڵام لە ڕەوشی تایبەتدا قەبوڵ دەکرێ؛ بەڵام دەسەڵاتدارییەتی لە شێوەی ئیدئۆلۆژیکی خۆیدا جێگای بەرگری نییە و دەکرێ بڵێین دواجار دەبێتە دیکتاتۆری و یان جگە لە لەبەریەکهەڵوەشان چی تری لێ چاوەڕوان ناکرێ. لە پێوەندی لەگەڵ سەرەوەریی خەڵک لە ئاییندا، ئەو بابەتە لە سەردەمی مەشرووتەخوازی لە ئێران دەستی پێکرد و ژمارەیەک لە ئیمانداران پێیان وابوو؛ مەشرووتییەت بەبێ لەبەرچاوگرتنی مەرجەکانی ئایینی جێگای پەسند نییە و مەشرووتییەت ئەو پێشوازییە گەرمەی لێ نەکرا و سەرلەنوێ وڵاتی ئێران تووشی جۆرێک لە دیکتاتۆری بوویەوە کە ڕواڵەتێکی مەشروتەخوازانەی لەخۆ گرتبوو. ئەو بابەتە نەبوو بە پێوانەیەک کە لایەنگرانی عەقڵییەتی سەرەوەریی خەڵک لە ئاییندا دەست لە ئیدیعاکانی خۆیان هەڵگرن و بەردەوام لەسەر بۆچوونەکانی خۆیان پێداگرییان دەکرد. لە ماوەی پەنجا ساڵدا هەوڵیان دەدا سیمای سەروەریی خەڵک لە ئاییندا بە کارتێکەریی ئەندێشەی کەسانی وەک شەریعەتی




و هەوڵە بە ئاکام نەگەیشتووەکانی کەسانی وەک ئایەتوڵڵا موتەهەری، پێناسە بکەن. بە داخەوە لە ساڵی ٥٧دا هەر ئەو کەسانە بە پشتبەستن بە زێهنییەت و فیکرییەتی ئایینیی خەڵکی ئێران کە دیکتاتۆڕی لە ئێراندا قەت بۆ ڕۆژێ لە ڕۆژان ئیزنی ناسینی مەکتەب و بیرۆکەکانی دیکەی پێ نەدابوون، هاتن و بە بێئەوەی بزانن ئایا خولیا و ئاواتەکانی ئەوان بەو شیوەی کە دەبێ دەگەڵ بناژۆخوازیدا یەک دەگرێتەوە یا نا، بەڵێیان بۆ کۆماری ئیسلامی گوت و ئەو وڵاتەیان تووشی سەرلێشوان و قەیران کرد. ئەو تاقمە ئەزموونێکیان لە ئێراندا دووبارە کردەوە کە ٣٠٠ ساڵ پێشووتر تاقی کرابۆوە و تێکەوەپێچرابوو. ساڵەکانی سەرەتای شۆڕش لە ئێران بە یەکترسڕینەوە، دەرپەڕاندن و خەڵک تۆقاندن دەستی پێ کرد و دواتر بە شەڕی بێئاکامی ٨ ساڵەی نێوان ئێران و عێراق درێژەی کێشا. بێگومان لەم دەمودەستەدا کەس چاوەڕوانی وەدیهاتنی خولیا و ئاواتە لەمێژینەکانی خۆی نەدەکرد. هەر ئەوەی کە نیزامی دەسەڵاتدار لە ئێراندا توانیبووی لە بەرانبەر ئەو هەموو شەڕ و نەهامەتییەدا لەسەر پێ بوەستێ و درێژە بە تەمەنی خۆی بدا، فەخر و شانازی بە خەڵکەکەی خۆی دەفرۆشت. لە دوای شەڕی ئێران و عێراق، سەرەڕای ئەو هەموو ڕق و کینەی کۆماری ئیسلامی دەرهەق بە ئیسرائیل و ئامریکا و سازکردنی دوژمنی خەیاڵی، دیسان کۆماری ئیسلامی نەیتوانی وەڵامی داخوازی و خولیاکانی خەڵک بداتەوە و ئیدی ئەو بیرۆکەی وڵاتی ئێران لە قۆناغی تێپەڕاندنی شۆڕش دایە و دەبێ ئەو قۆناغە هەستیارە لەبەر چاو بگیرێ، لە لایان خەڵکەوە چیدی پێشوازیی لێ نەکرا. قوناغی سازکردنەوە و ئاوەدانکردنەوە کە لە ئێراندا بە ( دوران سازندگی) ناسراوە، بە هەڵگرتنی دروشمی سپاردنی ئەرک بە لێزان و پابەندبوون بە بنچینەکانی ئایینی ئیسلام دەستی پێکرد، بەڵام هەر دوای ماوەیەک دەرکەوت ئەوەی لەو قۆناغەدا کاری پێ ناکرێ و پشتگوێ دەخرێ، لێهاتوویی و بەرپرسایەتییە. لەو قۆناغەدا کەسانێک هاتنە سەرکار و جڵەوی بەڕێوەبەری و ئاوەدانکردنەوەی! ئەو وڵاتەیان گرتە دەست کە کەمترین شارەزاییان لە بوارەکاندا هەبوو و ئەگەریش لەو پێوەندییەدا ڕەخنەیەک گیرابا، ئەوا دەسەڵاتی سیاسی لە ئێران لە جیاتی بەخۆداچوونەوە و بەهێندگرتنی ڕەخنە، ڕووی خۆی گرژ دەکرد و بە گژ ڕەخنەگراندا دەچووە. سەرەنجام دوای هەشت ساڵ خەڵک گەیشتنە ئەو قەناعەتەی کە ئەو شێوە لە بەڕێوەبردنی وڵات بەکار نایە و دەبێ بیر لە شێوەیەکی دیکە بکرێتەوە. لەوکاتەدا گرووپێک بە دروشمی ڕێفۆرمخوازی پەیدا بوون و پێیان وابوو کە ئامانجەکان هیچ کێشەیان نییە، بەڵکوو خوێندنەوەی نادروست لە ئامانجەکان ئەو ئاکامەی داوەتە دەست و هەر بۆیە بزووتنەوەی ڕێفۆرمخوازی لە دایک بوو. کارنامەی ئابووریش لەو خولەدا وەک پێشووتر زۆر جێگای تێرامان نەبوو و ئەگەر لە هەق لانەدەین، لەو خولەدا وڵاتی ئێران تەنیا تا ڕاددەیەک کرانەوەی فەزای سیاسیی پێوە دیار بوو کە ئەویش لە ژێر چەتری تۆقاندن و تیرۆر و کوشتنی دژبەرانی کۆماری ئیسلامیدا هەر وەبەر چاو نایە. هەر بۆیە خەڵک لە ئێران بەو ئاکامە گەیشتن کە خەڵکسالاریی دینی ئەو بیرۆکەیە نەبووە و ئەوە نەبوو کە لە سەرەتادا شۆڕشیان بۆ کرد و ئەو هەموو باجەیان بۆ دا. ئەوە لە کاتێکدا بوو کە خەڵک لە ئێران لە نیزامی ئیسلامی و قەول و بەڵێنەکانی ئەو نیزامە توندئاژۆیە وەڕەز ببوون و لە هەمبەر بیروباوەڕەکانی خۆیاندا بێتەفاوەت و پاسیڤ ببوون. لەو سەروبەندەدا جڵەوی دەسەڵات لە ئێران کەوتە دەستی کەسانێک کە باوەڕیان بە کۆماریخوازی نەبوو و بە بۆچوونی خۆیان هۆی پاشکەوتوویی ئەو وڵاتە ئەوە بوو خەڵک ڕووی لە ئیسلاحات کردووە و لە ئەسڵ و بناغەی ئیسلام دوور کەوتووەتەوە. ئەو خولە لە تەمەنی نیزامی کۆماری ئیسلامی لە مەترسیدارترین خولەکانی تەمەنی ئەو ڕێژیمەیە لە بواری ئەخلاقی، ئابووری و سیاسیدا. دیپلۆماسی و پێوەندی دەگەڵ وڵاتانی دەرەوە بوو بە تێکەهەڵچوون و بە گژیەکدا هاتن لە نێوخۆ و چەند دەستەیی و هەرەج مەرەج ساز بوو. گەندەڵی و ناکارامەیی گەیشتە چڵەپۆپە، چەند دەستەیی و دووبەرەکی تەنانەت لەنێو ئەو کەس و لایەنانەی کە خۆیان بە دڵسۆزی ئەو نیزامە دەزانی و جێگای متمانەی ئەو ڕێژیمە بوون، پەیدا بوو. تەنانەت دەستە و گرووپەکانی دەسەڵاتدار بە لەقاودانی یەکتر و ناوزەدکردنی یەکتر بە خائین، لادەر(انحرافی) و فیتنەش، لە یەکتریان سڵیان نەکردەوە. خەڵکی ئێران لەو نێوەدا دەیاندی کە غەیری حەزرەتی سوڵتان! کەس نەماوە پللارێکی وەبەر نەکەوێ. خەڵک لەو خولەدا بەو ئاکامە گەیشت کە تەمەنی بیرۆکەی خەڵکسەروەریی لە ئاییندا بە کۆتا مەنزڵی خۆی گەیوە و کەس ئیدی چاوەڕوانی قەومانی مۆجیزە نەبوو کە ڕوو بدا و ئەوان بە خولیا و ئاواتەکانی خۆیان بگەیەنێ. ڕەوتی حاکم و باڵادەست لە ئێران هیچ شانسێکی بۆ پێوەندی و تەعامول لە خەڵکدا نەهێشتەوە، تەنانەت ڕەوتی توندئاژۆ کە نکۆڵی لە دەنگی خەڵک و سەروەری خەڵک دەکرد، مەیلیان بەلای ڕەوتی میانەڕەوی نێو نیزام سووڕا و دەنگەکانیان خستە پاڵ دەنگی ئەوان بۆ ئەوەی بەڵکوو ئەوان بتوانن ئەو ڕێژیمە لە قەیرانە یەک لە دوای یەکەکان ڕزگار بکەن. ئەوان بە ئۆمێدەوە دەنگیان خستە پاڵ دەنگی میانەڕەوەکان بەڵکوو ئەوان بتوانن دوایین پەلەقاژەکانی خۆیان بۆ ڕاگرتنی نێوەرۆکی ئەو نیزامە بکەن. ڕەوتی حاکم و باڵادەستی نیزام کە غەیری بیرۆکەی خۆیان سازانیان دەگەڵ هیچ تاقم و گرووپێک نەبوو، دەستیان دایە ڕکابەرایەتی و ڕەخنەگرتن لە دەوڵەت و کارشکێنی. هەر بۆیە دوایین دەنگەکانی خەڵک تیری خەلاسێک بوو لە جەستەی حاکمییەتی باڵادەست و بە جۆرێک لە جۆرەکان «نا» گوتن بوو بە پرۆژەی حاکمییەتی موتڵەقەی ئەوان. ئیدی لەمەوبەدوا حاکمییەتیش وەزن و سەنگی خۆی دەزانێ و باوەڕی بەوە هێناوە کە سیستمێکی کۆنەپەرەستە و هیچ بایەخێک بۆ دەنگ و بیروڕای خەڵک دانانێ. هەر بە سانایی وەزعکردنی یاسا و ڕێسا بۆ کپکردن و فیلتێرکردنی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کە زیاتر لە ٤٥ میلیۆن کەس لە حەشیمەتی ئێران کەڵکی لێ وەردەگرن ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەخا.

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بە ئاژاوەنانەوە لە ناوچە جۆراوجۆرەکانی ئێران، سازکردنی قەیرانی ئاو، قاچاغی کەلوپەل، بەلاڕێدابردنی بیروڕای گشتی، کێشە سازکردن بۆ خەڵک لە هەمبەر چۆنیەتیی جلوبەرگ پۆشیندا و ... خەڵکی تووشی سەرلێشێوان و ژیانی کوڵەمەرگی کردووە و دەستەڵاتدارانی ئەو ڕێژیمە لە ژێرەوە خەریکی دزی و بەتاڵانبردنی سەروەت و سامانی ئەو وڵاتەن، هەر بۆیە بە شیوەی ڕواڵەتیش بێ دەزانن خەڵک لە ئێران چیتر ئەوانی ناوێ، بەڵام دەیانهەوێ لە دواساتەکانی تەمەنی ئەو نیزامە باشترین کەڵک وەرگرن و ئەسپی خۆیان لەو هەرەج مەرەجەدا تاو بدەن، چونکە بە تەواوبوونی تەمەنی نیزام یان تەواوبوونی سامان و سەروەت لە ئێران ئەو ڕەوتە ئەگەر ڕەهێڵیش بێ تازە بایەخی نامێنێ. بۆیە بژین ئەو کەسانەی دەنگیان دا بە «ڕووحانی» بۆ ئەوەی ئاخرین کارتی دەستی کۆماری ئیسلامی بۆ هەموان ئاشکرا بێ و بخوێندرێتەوە و دوابزمار لە تابووتی گەل سالاریی دینی بدرێ.

## پەیامی پیرۆزبایی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ پرۆفیسۆر کۆچەر بیرکار



**بەڕێز پرۆفیسۆر کۆچەر بیرکار!**

بەوپەڕی شانازییەوە هەواڵی سەرکەوتنی جەنابتمان لە بواری زانستی بیرکاری و هەروەها وەرگرتنی خەڵاتی جیهانیی «فیڵدز» پێ گەیشت. بێگومان ئەم سەرکەوتنەی ئێوەی بەڕێز لە زۆر بارەوە جێگای دڵخۆشی، شایی بەخۆبوون و هاوکات پێزانینە. پێزانین لەم ڕووەوە کە لە وەرگرتنی خەڵاتەکەتدا نەتەوە مافخوراوەکەت لەبیر نەکردووە و ئاواتەخوازی ئەوە بووی کە بەو سەرکەوتنە، چرۆی شادی و بزەت لە دڵ و لەسەر لێوی چل میلیۆن کوردی هاونیشتمانیت چاندبێ؛ کە ئەوە بێگومان وایە و دڵی هەموو کوردانت شاد کرد. جەنابت هەروەها نیشانت دا کە ڕۆڵەکانی کورد هیچیان لە ڕۆڵەی نەتەوەکانی دی لە دنیادا کەمتر نین، بەڵام ئەوە لە نەبوونی دەوڵەت و کیانی کوردییە کە ڕێگا بە دەرکەوتن و درەوەشانەوەی کەسانی بلیمەتی وەک ئێوە نادرێ هەتا خزمەتی مرۆڤایەتی و نەتەوەکەی خۆتان بکەن. بۆ خۆیشت دەزانی هەر لەو کوردستانەی کە جەنابت تێیدا لەدایک بووی و گەورەبووی، بێگومان کەسانی خاوەن بەهرەی زۆرمان هەن کە بەهۆی سیاسەتی سەرکوت و کوردکوژیی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە ڕێگە لە پێشکەوتنەکانیان دەگیرێ، مافەکانیان پێ ڕەوا نابیندرێ و لە شوێن و جێگەی شیاوی خۆیان بێبەش دەکرێن. وەک چۆن دەبینین هەر لە ناوچە سنوورییەکانی شارەکەی جەنابت و ناوچەکانی دیکەی کوردستانەکەمان ڕۆژ نیە لاوانی ئەم نیشتمانە کە بەشی زۆریان خوێندەوار و زانکۆدیتوون و بۆ پاروە نانێکی سەربەرزانە ڕوویان لە کۆڵبەری کردوە، نەدرێنە بەر دەسڕێژی گوللە و گیانیان لێ نەستێندرێ.

**کاک کۆچەری بەڕێز!**

سەرکەوتنەکەی جەنابت بێگومان دەکرێ ببێتە هۆی پاڵنەر و هاندانی لاوانی دیکەی کورد هەتا شانازیی دیکە بە ناوی خۆیان و نەتەوەکەیان بخولقێنن. جارێکی دی بە ناوی خۆم و هاوسەنگەرانم لە حیزبی دێموکراتی کوردستان لە قوڵایی دڵەوە پیرۆزباییت پێ دەڵێم و سەرکەوتنی زیاترت بۆ بە ئاوات دەخوازین.

**سکرتێری حیزبی دێموکراتی کوردستان**
**مستەفا مەولوودی**
**١١ی گەلاوێژی ١٣٩٧ی هەتاوی**

## سەردانی جێگری سکرتێری حدک لە مەکتەبی پێوەندییەکانی دەرەوەی پدک



ڕۆژی پێنجشەممە، ١١ی گەلاوێژ، هەیئەتێکی حیزب بە سەرپەرستیی د. ئاسۆ حەسەنزادە، جێگری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان سەردانی مەکتەبی پێوەندییەکانی دەرەوەی پارتی دێموکڕاتی کوردستان لە پیرمامی کرد و لەلایەن کاک هۆشیار سیوەیلی، بەرپرسی پێوەندییەکانی دەرەوەی پارتی دێموکڕاتی کوردستان و ئەندامانی مەکتەبی پێوەندییەکانی دەرەوەی پارتییەوە پێشوازییان لێ کرا. لەو دانیشتنەدا بارودۆخی نێودەوڵەتی و ناوچەیی و پرسی کورد لە پارچە جیاجیاکانی کوردستان و پێوەندی و کارتێکەریی خەباتی کورد بەتایبەتی لە باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئاڵوگۆڕی بیروڕایان لەسەر کرا و، هەروەها هێندێک مەسەلەی پێوەندیدار بە لێکگەیشتن و هاوهەنگاویی هێزە سیاسییەکانی کورد لەبەر ڕووناکایی ڕووداو و ئاڵوگۆڕەکانی ئەم دواییانەی ناوچە و کوردستان تاوتوێ کران. بەشی دوایی کۆبوونەوەکە بۆ باس و ڕاوێژ سەبارەت بە هاوکاریی نێوان حیزبە کوردییەکان لە بەستێنی نێونەتەوەییدا تەرخان کرابوو. لەو بەشەدا بەتایبەتی لەبارەی چۆنیەتیی کاراتر کردنی زیاتری هێندێک کەناڵی لۆبیگەری بۆ مەسەلەی کورد و یەک لەوان گرووپی کاری کوردانی ڕێکخراوی ئەنترناسیۆنال سۆسیالیست ئاڵوگۆڕی بیروڕا کرا.


## هەڵاواردنی سیستماتیکی کوردستان له ڕۆچنەی ئامارەوه

### (پارێزگای ورمێ)

پارێزگای ورمێ یەکێک لەو چوار پارێزگایەی کوردستانه له ئیران که خاوەن هەڵکەوتەیەکی تایبەته، بەڵام پاشکەوتوویه و پەراوێز خراوه. پارێزگای ورمێ لەگەڵ سێ وڵاتی عێراق، تورکیه و کۆماری ئازەربایجان دراوسێ و هاوسنووره و ئەو هەڵکەوته شازه بۆ هەر ناوچەیەک هەڵ بکەوێ، له ماوەیەکی کەمدا وەک ناوەندێکی بازرگانی گەشەی بەرچاو دەکا. کەچی پارێزگای ورمێ سەرەڕای ئەو تایبەتمەندییانه ناوچەیەکی پەراوێزخراو، پاشکەوتوو و پشتگوێ خراوه. شوێنێک که چەقی بازرگانی و مەڵبەندی ترانزیت له نێوان سێ وڵاته، یەکێک له ناوچه هەژار و پڕ بێکارییەکان له ئێرانه. ئیرەج سلێمانزاده، نوێنەری پارێزگای ورمێ له شووڕای بەرزی پارێزگاکان دەڵێ، سەدی ۲۵ی پیاوان و سەدی ٤٥ ژنانی دەرچووی زانکۆ لەم پارێزگایەدا بێکارن. ئەو به ئاماژه بەوەی که سەدی ٤ی حەشیمەتی ئێران لەم پارێزگایەدا نیشتەجێن، گوتی پشکی پارێزگای ورمێ له بەرهەمی میللی له سەدی ۲ کەمتره، هەر بۆیه له نێوان پارێزگاکانی ئێراندا هیچ هاوسەنگییەک نییه و دەرفەت و ئیمکانات به شێوەیەکی عادیلانه دابەش نەکراوه. له پارێزگای ورمێ زۆربەی پڕۆژەی جاده و ڕێگاوبانەکان که مەرجی سەرەکیی ژێرخانی ئابوورین، سەدی ۳۰یان تەواوبووه و سەدی۷۰ی به نیوەچڵی ماونەتەوه و پێداویستی ڕێگاوبانی نوێش لەجێی خۆی. جەعفەر سادق ئەسکەندەری، سەرۆکی ڕێکخراوی پیشەسازی، سامانەکان و بازرگانیی ورمێ دەڵێ ۲ هەزارو ۹۸٤ کارگه و یەکەی بەرهەمهێنان له ئاستی پارێزگای ورمێدا هەن که زیاتر له نیوەیان داخراون. بەپێی قسەکانی ئەو له ۲ هەزار و ۹۸٤ کارگه و یەکەی بەرهەمهێنان له ئاستی پارێزگای ورمێدا هەزار و ٦۸۰ یەکەیان چالاک و نیوه چالاکن، ۳٦۳ یەکه و کارگه به یەکجاری کۆیان کردۆتەوه و ۹۰۱ کارگا و یەکەی دیکەی ئەم پارێزگایه لەکار کەوتوون و هیچ چالاکییەکیان نییه. فەرەیدوون سەید مستەفەوی، بەڕێوەبەری گشتیی پەروەردە و فێرکردنی پارێزگای ورمێ دەڵێ پارێگای ورمێ له ڕووی شوێن و جێ‌وڕێ بۆ خوێندنی قوتابییان کەمایسیی زۆری هەیه. ئەو دەڵێ هەرنەبێ ٦۸۰۰ پۆلی نوێی خوێندنمان بۆ دەسپێکی ئەو ساڵی خوێندن کەمه. پێشتریش فەریبۆرز ئیسماعیلزاده، بەڕێوەبەری گشتیی نۆژەنکردنەوه و پۆشتەکردنی خوێندنگەکانی ورمێ گوتبووی که بەهۆی کەمیی بودجه و ئیعتیبار نەمانتوانیوه بەڵێنییەکان بۆ نۆژەنکردنەوه و چاککردنەوەی خوێندنگەکانی ئەم پارێزگایه ببەینه سەرێ. ئەو دەڵێ بۆ دروستکردنی ئەوەنده پۆلەی خوێندن له ماوەی ٥ ساڵی داهاتوودا بڕی ۱۲٥۰ میلیارد تمەن بوودجه پێویسته که دابینکردنی له توانای دەوڵەتدا نییه و سەدی ۱۰ی ئەو بودجەیەش نادرێته دەست ئەو ئیدارەیه. پارێزگای ورمێ هەروەها له بەشی ساخڵەمەیی و بیهداشتدا لەگەڵ کێشەی کەمیی تەختی نەخۆشخانه بەرەوڕوویه. ئاماژه به چەند ئامار و فاکتی دیکه پتر پاشکەوتوویی ئابووری و پەرەنەسەندنی پارێزگای ورمێ‌مان له هەموو بوارەکاندا بۆ دەردەخا:

- پارێزگای ورمێ له ئێستادا به هۆی بوونی ۱۸۳ هەزار کەسی نەخوێندەوار، له پلەی ۲۸ی ڕیزبەندیی پارێزگاکانی ئێران دایه و هەر ئەوەش دەری دەخا که ئەو پارێزگایه یەکێک له پەراوێزخراوترین ناوچەکانی ئێرانه.
- هیچکام له شارەکانی پارێزگای ورمێ سینەمایان نییه و سەرجەم سینەماکان له شاره جۆراوجۆرەکانی ئەم پارێزگایه پێویستییان به نۆژەنکردنەوه و پۆشته کردن هەیه.
- کاربەدەستانی پارێزگای ورمێ نایشارنەوه که بەرزبوونەوەی ئاستی پێوەرەکانی گەشەی پارێزگای ورمێ پێویستییان بەوه هەیه که هەموو ساڵێ زیاتر له ۲ هەزار میلیارد تمەن بۆ ئەم پارێزگایه تەرخان بکرێ، که ناکرێ.
- ناسر حەزرەتی، سەرۆکی ڕێکخراوی بەڕێوەبەرایەتی و پلاندانانی ورمێ دەڵێ سەرجەم بوودجەی ئاوەدانکردنەوەی ورمێ له ئێستادا ناگاته هەزار میلیارد تمەن، ئەوه له حاڵێکدایه که بۆ گەشەی ئەم پارێزگایه و گەیشتن به ئاستی مام ناوەندیی گەشه له ئێران له بواره جۆراوجۆرەکاندا، دەبێ تا کۆتایی بەرنامەی شەشەم زیاتر له دوو هێندەی ئێستا بودجەی بدرێتێ.
- ئامارەکان باس لەوه دەکەن که زیاتر له ۲۳۰۰ پڕۆژەی ئابووری و ئاوەدانکردنەوه له پارێزگای ومێ بەهۆی تەرخاننەکردنی بودجه به نیوەتەواوی بەرەڵڵا کراون.
- بوونی پتر له ۲۰۰۰ پڕۆژەی ئاوەدانکردنەوەی نیوەچڵ له پارێزگای ورمێ له حاڵێک دایه که زۆر له پڕۆژه و گەڵاڵەکان وەک یاریگاکان، بەنداو و هەروەها هەندێ ڕێگاوبان هەر له سەرەتاوه کارناسیی هەڵەیان بۆ کراوه که سەرەڕای ئەوەی تەواوکردنیان سەدان میلیارد تمەنی پێویسته، هیچ قازانج و کەلکێکی ئەتۆیان بۆ ئەو پارێزگایه نابێ.
- زیاتر له ٦۰۰ هەزار کەسی پەراوێزنشین له شارەکانی ورمێ، میاندواو، بۆکان و مەهاباد و خۆی هەیه، که لەو پارێزگایه زۆرترین حەشیمەتی پەراوێز خراون.
- شاری بۆکان به عەمباری گەنمی کوردستان له پارێزگای ورمێ دادەنرێ و سەدی ۱۰ی بەروبوومی کشتوکاڵیی پارێزگای ورمێ له ناوچەی بۆکان ڕەعەمەل دێ، بەڵام سەرەڕای ئەوه، ئەم شاره سیلۆی نییه. دروستکردنی سیلۆی ۷۰ هەزار تۆنیی بۆکان له ساڵی ۱۳۸٤ەوه ڕەسمەن دەستی بەکار کردوه. ئەو پڕۆژەیه که دەبوا له ماوەی ٥ ساڵدا تەواو ببوایه، ئێستا دوای ۱۳ ساڵ هێشتا چارەنووسی ناڕوونه.
- پارێزگای ورمێ بۆ گەیشتن به هەلومەرجی ستانداری وەزارەتی بێهداشت و دەرمان پێویستیی به ٥ هەزار تەختی نەخۆشخانه هەیه. جەواد ئاقازاده، سەرۆکی زانکۆی زانسته پزیشکییەکانی پارێزگای ورمێ گوتی: نەخۆشخانەکانی ئەم پارێزگایه زیاتر له ۳ هەزار و ۲۰۰ تەختی کۆن و بێکەڵکی تێدایه که ئەم تەختانەش دەبێ ستاندارد بکرێنەوه. محەممەدڕەزار نەورۆزی، ڕاوێژکاری وەزیری بێهداشت دەڵێ دروستکردنی نەخۆشخانه له ئێران تێچوویەکی زۆر هەڵدەگرێ و مەزندەش دەکرێ که بۆ هەر تەختێکی نەخۆش دەبێ نزیک به ٥۰۰ میلیۆن تمەن لەبەر چاو بگیردرێ و له هێندێک له شاره گەورەکان چونکه نرخی زەوی و کاروباری بیناسازی لەسەرێیه، هەتا یەک میلیارد تمەنی تێدەچێ. یانی بۆ دروستکردنی نەخۆشخانەیەکی ۲۰۰ تەختی دەبێ بڕی ۲۰۰ میلیارد تمەن پێویسته. چاوخشاندنه بەسەر ئەم چەند ئاماره ڕەسمی و دەوڵەتییانه دەری دەخەن که کوردستان تا چ ڕادەیەک کەوتووەته بەر هەڵاواردن و سیاسەتی پاشخستن و وەلانانەوه.

# چارەنووسی ناڕوونی لایحەی دەستەبەری ئەمنیەتی کۆمەڵایەتیی ژنان



د. کوێستان گادانی




پشتیوانی و پاراستنی حقوقی مادی و مەعنەویی هەموو چین و توێژێکی کۆمەڵگه یەکێک له ئەرکه هەر سەرەکییەکانی حوکمڕانی و سیستمی بەڕێوەبەریی هەر وڵاتێکه، که لایەنی هەره بەرچاوی سیستیمی سەربەخۆی عەداڵەتخوازییه که بنەما و بنچینەی بنەڕەتیی ژیانێکی پڕ له ئاسایش و ئەمنیەت بۆ تاکی کۆمەڵگه پێک دێنێ.
پێکهاتەی کۆمەڵگه به ژن و پیاویەوه، کاتێک دەتوانن تەواو وزەی کاری و فکریی خۆی بۆ بەرەوپێشچوونی کۆمەڵگەکەی وەگەڕ بخا که ئەمنیەتی تەواوی هەبێ و هەست به نائەمنیی ڕووحی و جەستەیی نەکا. به گشتی دەبینین که له سەدەی ۲۱دا ئەم ئەمنیەته به گشتی بۆ کۆمەڵگه و به تایبەتی بۆ ژنان له زۆر له وڵاتەکانی جیهان نەک هەر به تەواوی دەستەبەر نەکراوه بەڵکوو تا ڕادەیەکیش ڕوو به گەڕانەوه بۆ داب و نەریتی دەستوپێگیر بووەتەوه، که زیاتر ژنانی بۆ سەردەمی کۆیلەداری بەڵام لەشێوەی مۆدێرنی گەڕاندۆتەوه. ژنان که نیوەی کۆمەڵگەن و هاوکات ئەرکی پەروەردە و بارهێنانی نیوەی دیکەی کۆمەڵگەیان له ئەستۆیه، دەبێ له هەموو بارێکەوه جێگای پشتیوانی و ئاگا لێبوون بن، چونکه کەسێک له کۆمەڵگەدا ئەرکێکی قورسی ئاوای لەسەر شان بێت، دەبێ کەمترین کێشه و دڵەڕواکێی هەبێ بۆ ئەوەی نەوەیەکی سالم بۆ کۆمەڵگه پەروەردە بکا. له نەبوونی ئەم ئەمنییەت و پشتیوانییەشدا یەکەم ژنان خۆیان تێدا دەچن و پاشان زەبرێکی گەوره که ڕەنگبێ کتوپڕ بەرچاو نەکەوێ، له کۆمەڵگه و خێزانەکان دەدرێ؛ چارەنووسێک که چەندین ساڵه بەرۆکی وڵاتی ئێرانی گرتووه. له ئێستادا له مەجلیسی ڕێژیمدا ڕەشنووسێک لەسەر دابینبوونی ئەمنیەتی کۆمەڵایەتیی ژنان له ئێران هاتووەته بەر باس که مێژووەکەی بۆ کۆن دەگەڕێتەوه و ساڵانێکه دەستاودەستی پێ دەکرێ و جێگا و شوێن و چارەنووسی وەک حکومەته سەر لێشێواوەکەی ئێران ناڕوونه.
ئەو پێشنووسه که ماوەیەک لەوەپێش و بۆ جارێکی دی له مەجلیس هاتەوه بەرباس، دوای پێداچوونەوه، لێکدانەوه و دەستێوەردانێکی زۆر له ڕوانگه جیاوازەکانی حقووقی، مەزهەبی و کۆمەڵایەتییەوه بۆ پێداچوونەوەی زیاتر بۆ دەزگای قەزایی نێردراوه و دوای زیاتر له ٦ مانگ چاوەڕوانی ئێستاش ئەم ڕەشنووسه نەگەڕاوەتەوه بۆ مەجلیس هەتا دواقۆناغی پەسندکردنی بپێوێ. ئەوەی که ئەم لایحەیه باسی چ دەکا و چەند ماددەیه و چەندی تا ئێستا لەلایەن دەزگای قەزایی ڕەت کراوەتەوه و هۆکار چ بوون، باسی ئەم نووسینه نییه، بەڵام باسی گنخاندن و جۆری ڕوانگەی سیستم بۆ ئەم جۆره پرسانه دەتوانێ بەرچاوڕوونیی زیاترمان له نێوەرۆک و بنەما هزرییەکانی ئەم ڕێژیمه پێ بدا.
لایحەی ئەمنیەتی ژنان له ئێران بۆچی دوای ٤ دەیه له تێپەڕبوونی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی دیته بەرباس؟ ئایا له پێناو بەجێگەیاندنی بەڵێنەکانی دەوڵەتی تەدبیری ڕووحانییه یان وەک هێندێک له دژبەرانی ئەم لایحەیه باسی دەکەن بۆ نیزیکبوونەوه له دنیای ڕۆژاوا و خۆنواندنه؟ یان بەڕاست حاکمییەت هەستی بەم بۆشاییه گەورەیه، واته نەبوونی ئەمنیەت بۆ ژنان له ئێراندا کردووه؟ دەکرێ له وەڵامدا بڵێین هەرسێک هۆکار دەتوانن ڕۆڵیان هەبێ: یەکەم ئەوەی ئەو شکستانەی دەوڵەتی ڕووحانی له دوو دەوره دەسەڵاتی خۆیدا تووشی بووه، ڕەنگبێ ئەوی هیوادار بەوه کردبێ که بتوانێ لانی کەم دەنگی ژنان و جێگەی و پێگەی لەنێو کۆمەڵگەدا بۆ دەستەبەر بکاتەوه. دووهەم ئەوەی که لەنێو نیزامی کۆماری ئیسلامیدا بۆ هەمووان ئاشکرایه که هەر لایەنه ئەوی دیکه به خەتابار له کەمایەسی و لاوازییەکانی بەڕێوەبەریی له نێوخۆ و بگره سیاسەتی دەرەوەش دەزانن و له هێنانەبەرباسی هەر بابەتێکدا ئەوانه به ئاشکراکردنی نهێنییەکانی یەکتر دەست دەکەن به نێونیتکه له یەک هەڵدان.
بەڵام لایحەکە؛ چاوخشاندنێک بەسەر بڕگه و مادەکانی لایحەی دابینکردنی کۆمەڵایەتیی ژنان له ئێران پێمان دەڵێن که له ئەگەری پەسندکران و جێبەجێکرانیدا _که زۆر زەحمەته_ ئەوه هەنگاوێکه بەرەوپێش، بەڵام کاتێک که هەڵوێستی زەهرا ئایەتوڵڵاهی، بەرپرسی شووڕای بەرزی فەرهەنگی _کۆمەڵایەتیی ژنان دەبینین، باسەکه جۆرێکی تری لێ دێ. ناوبراو ئەم لایحەیه به دەق وەرگرتنەوه له سیستمی وڵاتانی غەرب ناو دەبا و به پێچەوانەی ئۆسول و پرەنسیپی ئیسلامی و کەمدەسەڵاتکردنی پیاوان له بنەماڵه و کۆمەڵگەی دادەنێ؛ هاوکات به ڕەوتی پشتیوانی و پەیڕەوی کردن له بەندی ۲ی ئامانجەکانی ٥ی بەڵگەنامەی ۲۰۳۰ ی ڕێکخراوی نەتەوه یەکگرتووەکانی گرێ دەداتەوه که باس له بەرابەریی جینسی و تواناسازیی ژنان دەکا.
لێرەدایه بۆمان دەردەکەوێ که ئەگەر ئاستی بیرکردنەوەی ژنێک و تێڕوانینی بۆ هاوڕەگەزەکانی و خودی کۆمەڵگه تا ئەو ڕادەیه بەرتەسک بێ و بایەخه دینی و مەزهەبییەکانی پێ له ماف و ئازادی و ئەمنیەتی کۆمەڵگەکەی پێ گرینگتر بێ، دەبێ چ کارەساتێک بێ و ئیدی بۆمان دەردەکەوێ که ڕەوتی بەدواداچوون و پەسەندکرانی ئەم لایحەیه له خۆڕا نییه که ئەوەندەی خایاندووه و ئێستاش چارەنووسی ناڕوونه.
لایەنێکی دیکەی ئەم بابەته که ئەم لایحەیه بۆ به ئاکام نەگەیشتووه، یان ڕەنگبێ باشتره ئەم پرسیاره بێته پیشکه بۆچی له ئێستادا نوێنەرانی فراکسیۆنی ژنان له مەجلیس و ڕاوێژکارانی سەرکۆمار له بەشی کاروباری ژناندا ئەم باسانه دێننەوه و ناڕازین لەوەی ئەم لایحەیه تا ئێستا نەدراوەتەوه مەجلیس؟
لێرەدا دەتوانین ئاماژه به چەند هۆکار بکەین: یەکەم؛ خستنەبەرباس و پەسندکردنی ئەم لایحەیه _له ئەگەری سەرکەوتنی پرۆسێسی پڕۆژەیاساکه_ به دەسکەوتێکی باش بۆ ئەو نوێنەرانەی مەجلیس و کابینەی یازدەهەمی دەوڵەت دادەنرێ. دووهەم؛ ڕوون و ئاشکرایه که بەردەوامیی بێمافی و پێشێلکرانی مافی ژنان به تایبەت له کەشی ناڕەزایەتییەکانی ئێستادا هەڵگەڕانەوه و یاخیبوونی ژنانی لێ دەکەوێتەوه. پرسی بەردەوامیی نەبوونی ئەمنیەتی کۆمەڵایەتیش بۆ ژنان بەرەو تەقینەوه دەچێ و پەره به بێمتمانەیی له کۆمەڵگەدا دەدا و بناخەکانی ئەم کۆمەڵگەیه هەڵدەتەکێنێ و ئەو تەوژمەش بەجۆرێکی دی بەرەوڕووی دەسەڵات دەبێتەوه؛ چونکی حوکمڕانی بەسەر کۆمەڵگەیەکی ڕووخاو، پڕ له شکست و هەژاری و نائەمنیی کۆمەڵایەتی و بێهوایی و بێمتمانەیی تاکەکانی کۆمەڵ حوکمرانییەکی بیمانا و ناسەقامگیر دەبێ. کەواته ئەو پەلەقاژەیەی دەوڵەتی ڕووحانی له هەلومەرجی ئێستادا دووبەشی بۆ وەدەستهێنانی دەسکەوتێکه که ئەگەر بۆ ماوەیەکی کورتیش بێ بەشێک له خەڵکی پێ سەرقاڵ بکا و ئازارشکێنێکیش بێ بۆ ئەو هەمووه برین و کەلێنانەی له خەڵکی کەوتووه. بەڵام شتێکی دی که جێگای ئاماژەیه ئەوەیه که فەرز بکەین و پڕۆژەیاسایه پەسند کرا، تۆ بڵێی له بنەڕەتدا جێبەجێکردن، به مەیدانیکردنی و دەستەبەرکردنی ئەم ماددانه _که بەشی هەره زۆری هەر وەک له سەرەوه ئاماژەی پێکرا ئەگەر بەشێکیشی جێبەجێ بێ له ژیانی ڕۆژانەی ژناندا شوێنکاری خۆی دەبێ_ لەم بارودۆخه سیاسی و کۆمەڵایەتییەی ئێستادا له توانای حوکمەتدا بێ؟ حوکمەتێک که له کولتووری سیاسیی خۆیدا تا ئێسقان دژی ژنه.
مێژوو سەلماندوویەتی که ئاڵوگۆڕ له بەستێنی فەرهەنگسازیدا پلان و کاری بەردەوامی دەوێ. فەرهەنگسازی دەبێ له شوێنک ڕا دەست پێ بکا و هەر تەنیا پەسندکردن قانوون ناتوانێ دەستەبەری هەموو شتێک بێ. له کۆمەڵگەی ئێستای ئێراندا نه سێکۆلاریسم و نه یاسا و ڕێسای دینی و نه دابونەریت و کولتووری خۆماڵی بەتەنیا ناتوانن دەستەبەری ئازادیی ژن و مافی یەکسانیخوازی بن. ڕوون و ئاشکرایه کۆمەڵگەیەک به شارستانییه و کولتووری بەرەو مۆدێرنه دەڕوا و به پێشکەوتوو دادەنرێ که لەسەر بنەمای جیاوازییه ڕوون و ئاشکراکانی پێ بگا. واته جیاوازییەکان له حەوزەی گشتی و تایبەتیدا و لەڕووی سیاسی و کۆمەڵایەتی، جیاوازیی سێکۆلاریزم و ئایین، ژنانه و پیاوان پێناسه دەکرێن و ئەم سنووربەندییه وەردەگیرێن و ڕێزیان لێ دەگیرێ. بەڵام له کۆمەڵگەیەک که ئەم سنوورانه ناناسرێن و هەموو شتێک تێکەڵ به یەکتر دەکرێ، گۆڕانی بنەڕەتی و باسکردنی هێندێک شت به تابۆ دادنرێ. کۆمەڵگەیەک که تاقمێک دەسەڵاتدار به شێوەی ئۆلیگارێشی بەڕێوەی ببا و خەڵکەکەی ڕێی هەناسەدانی لێ گیرابێ، نووسینی قانوون و جێبەجێکرانی بەسەقەتی ناتوانێ ئاڵوگۆڕ بەدوای خۆیدا بێنێ، هەتا دان بەم جیاوازییانه دانەندرێ و نەهادینەکردنی نۆرمه تازەکان دەبێ له دەروونندا، واته له ڕیشەی فەرهەنگدا پێک بهێندرێ.
بۆیه له هەلومەرجی ئێستادا و به سەرنجدان به نێوەرۆکی ئەو دەسەڵاته سیاسییه پەسندکرانی لایحەی ئەمنیەتی ژنانیش _سەرەڕای باش و لەجێدابوونی زۆر مادده و بڕگەکانی_ خۆی له خۆیدا ناتوانێ شتێکی ئەوتۆ لەو بابەته بگۆڕێ. ئەو نۆرمانەی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی ماوەی ٤۰ ساڵه جێیان دەخا و کاریان پێ دەکا، هەروەها ئەو بایەخانەی دەسەڵاتی سیاسی له پێوەندی لەگەڵ ژن و مافەکانیان پێناسەیان بۆ دەکا و بەڕەسمیی دەناسێ، هەموو ئەوانه سەرەڕای شەڕی بەرژەوەندییەکانی قۆڵەکانی دەسەڵات کۆسپی بەردەم ئەم گۆڕانکارییانەن و به چارەسەرنەکراوی دەیهێڵنەوه.

***


لایحەی ئەمنیەتی ژنان له ئێران بۆچی دوای ٤ دەیه له تێپەڕبوونی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی دیته بەرباس؟ ئایا له پێناو بەجێگەیاندنی بەڵێنەکانی دەوڵەتی تەدبیری ڕووحانییه یان وەک هێندێک له دژبەرانی ئەم لایحەیه باسی دەکەن بۆ نیزیکبوونەوه له دنیای ڕۆژاوا و خۆنواندنه؟ یان بەڕاست حاکمییەت هەستی بەم بۆشاییه گەورەیه، واته نەبوونی ئەمنیەت بۆ ژنان له ئێراندا کردووه؟

بەردەوامیی بێمافی و پێشێلکرانی مافی ژنان به تایبەت له کەشی ناڕەزایەتییەکانی ئێستادا هەڵگەڕانەوه و یاخیبوونی ژنانی لێ دەکەوێتەوه. پرسی بەردەوامیی نەبوونی ئەمنیەتی کۆمەڵایەتیش بۆ ژنان بەرەو تەقینەوه دەچێ و پەره به بێمتمانەیی له کۆمەڵگەدا دەدا و بناخەکانی ئەم کۆمەڵگەیه هەڵدەتەکێنێ و ئەو تەوژمەش بەجۆرێکی دی بەرەوڕووی دەسەڵات دەبێتەوه

# سەرکەوتنی جەبری بیرکاری بەسەر جەبری مێژوویدا



ژیوار ڕەسوولی






لیئۆن پی بارادات(١) پێیوایە ناسیۆنالیزم ئاوێنەیەکە کە مرۆڤەکان خۆی تێدا دەبینن، هەڵدەسەنگێنن و لەکۆتاییدا پێناسە دەکەن؛ دوای خۆناسینیش لە بەرامبەری ئەویتردا دژکردەوە نیشان دەدەن. «کوهێن»(٢)یش پێی وایە ناسیۆنالیزم بەرهەمی وشیاریی نەتەوەیەکە کە دەیانەوێ بەرەو «دەوڵەت_نەتەوە»بوون برۆن، سایکۆلۆژیا و زەینییەتی نەتەوەیەک خۆڕسک بەرەو خۆ جیاکردنەوە و خۆبەرێوەبردن دەڕوا. ئیتر لەو کاتانەدایە کە کۆمەڵێک مرۆڤ لە دەوری یەکتر کۆدەبنەوە و نایانهەوێ جگە لە خۆیان کەسێکیتر بن.

خۆئاگایی (Consciousness) پەیوەندییەکی تەواوی بە خودی تاکەوە هەیە، کۆمەڵێک تاک بەو خۆئاگاییە دەگەن، ئینجا ئاگایی کۆمەڵگە و ئاگایی نەتەوەیەک دروست دەبێ. هەتا تاک خۆی بەو ئاگاییە نەگا، هیچ دەسەڵاتێکی سیاسی و زلهێز ناتوانێ ئەو ئاگاییە لە دەرونی تاکدا دروست بکا، کە خۆی پێ فارس، تورک یان کورد بێت. بەڵام پەروەردە و بانگەشە ڕێگەیەکی باشن کە خەڵکانێک خۆیان بە نەتەوەیەکی دیاریکراو بزانن، ئینجا هێزی ڕەقی سیاسییەکان هاوتەریب لەگەڵ بانگەشەکان ئاراستەی ئەو نەتەوەیە بەرەو دەوڵەت_نەتەوە ببا.

شوناسی نەتەوەیی پێرسیەن (Persian) بە ناوەندییەتی فارس و تا ڕادەیەک تورکەکان هەتا کۆتاییەکانی سەردەمی قاجارییەکانیش شوناسێکی شێواوی گرێدراو بە مەزهەبی شیعەی سەردەمی سەفەوییەکان بوو و، ڕایەڵی ناسکی دەرەبەگەکان لە نێوخۆی کوردستان و ساتوسەودای ڕووسیەی تەزاری و عوسمانییەکان لەسەر سنوورەکان لەگەڵ ئێران، کوردستانی لەڕووی فیزیکییەوە بە جوغرافیای فارسەکان بەستبوویەوە.

پاشاکانی قاجار زۆر جاران بە فیتوای مەرجەعە مەزهەبییەکان خۆیان بە نوێنەری خوا لەسەر زەوی دادەنا، کەچی دەسەڵاتی ڕاستەقینەیان تەنیا لە پایتەخت بوو و، سەرجەم نەتەوەکانی دیکە ڕایەڵەیەکی ناسکیان لەگەڵ تاران هەبوو. ئەوە بەهێزیی حاکمانی قەجار نەبوو کە نەتەوەکانی دیکەی وەکوو کورد دەوڵەتی خۆیان ڕانەگەیاندبوو، چونکە نە لەو ئاستەدا بوو، نە ئەو هێزەی هەبوو؛ بەڵام خودی کوردەکان خودئاگایی شەخسی و ئینجا جەمعیان نەبوو و، مەلای مزگەوت و ئاغای دیوەخان هۆی سەرەکی نەخوێندەواریی کۆمەڵگەی ئەو کات بوون، جگە لەوەی کورد درەنگ ڕووی کردە شار.

ئیتر لەو تارانە شێواوەدا عەباس میرزا وەکوو یەکەم ناسیۆنالیستی ئێرانی بە چاولێکەری لە کولتووری ڕۆژئاوا کۆمەڵێک خوێندکاری بۆ ئورووپا نارد، کارگەیەکی دروستکردنی تۆپی شەڕی دامەزراند، چاپخانەیەکی هێنایە تاران و بۆ هەمووی ئەوانەش فیتوا و مۆڵەتی لە مەرجەعە شیعەکان وەرگرت. ئەو ویستە تێکەڵ بوو بە دروستکردنی قۆناغبەندییەک بۆ مێژووی خۆیان بۆ ئەوەی هاوشێوەی ئورووپا ناسیۆنالیزمێکی لێ ساغ بکەنەوە، باستانگەراییەکی وەهمییان دروست کرد، قۆناغی ڕێنێسانس و نوێبوونەوەیان پێناسە کرد. لەسەردەمی پەهلەویی یەکەمیشدا و لەساڵی ١٩٣٠دا ئەو جوغرافیایەی فارسەکان ناوی لێ نرا ئێران بۆ ئەوەی پەل بۆ دەورووبەریان بهاوێن. ڕەزاشا لەسەر بنەمای ناسیۆنالیزمی هیتلەری دەستی بە یەکدەستکردنی شوناس، زمان و کولتوور و بگرە سایکۆلۆژیای تاکی ئەو خەڵکانە کرد کە لە جوغرافیای ئەو ئێرانە نوێیەدا دەژیان. ڕەزاشا خۆی یەکەم پاشای بەزمان فارس لە دوای یەزدگردی دووەمی سەردەمی ساسانیان بوو، کەچی دەیهەویست هەموو ئێران بکاتە یەک نەتەوە و ئەویش فارس!

لەو کاتەوە ئەو چەپ و ڕاست، سێکۆلار و مەزهەبییانەی کە فارسن یان لەکەوتنە ژێرکاریگەریی گەڕانەوە بۆ هەیبەتی ئێرانی باستان قبووڵی نەتەوەکانی دیکەی ئێرانیان نەکرد، محەممەد موسەدیقی میللی و لیبراڵ بۆ یەکجاریش باسی مافی کوردەکانی نەکرد، ئەگەرچی کورد پێی وابوو پڕۆژەی ئەیالەتی و ویلایەتی لەو سەردەمدا ڕەنگە جێبەجێ بکرێ و دڵیان پێ خۆش کردبوو، کەچی ئەویش هەر نەکرا. حیزبی توودەش کە باوەڕیان بە مارکسیزم_لنینیزم هەبوو لەکاتی تەنگانەدا باسی مافی نەتەوەکانیان دەکرد و لە فەرعانێشدا لەگەڵ یەکپارچەیی ئێران بوون، و پشتیوانیکردن لە کۆماری کوردستان و تەنانەت حکومەتی ئازەربایجانی خۆیشیان فیدای سێ وەزیر لە تاران کرد. کۆماری ئیسلامیی ئێرانی موستەزعەفین و ڕزگارکەری نەتەوە ژێردەستەکانیش! کوردەکانی لەسەر داوای خودموختاری قەتڵوعام کرد. ئەو کولتوورە فاشیستییەش لە نوخبەی ئاکادیمیی و سیاسییەکانیانەوە بۆ هەموو کون و کەلەبەری کۆمەڵگەی فارس و خۆ بەئێرانیزانەکان شۆڕبوویەوە.

ئەو باکگراوەندە مێژووییە کە خۆی هۆکاری سەرەکی بەهێزبوونی ناسیۆنالیزمی کوردی لەبەرامبەر فاشیزمی ئێرانی_فارسی بێ، وایکرد کە زۆرترین بێڕێزی بە پرۆفیسۆری کورد کۆچەر بیرکار، براوەی خەڵاتی فیڵدز (نۆبلی بیرکاری) بکرێ. خالی سەرنجڕاکێش ئەوەیە کە زۆرترین بێڕێزییەکان لەلایەن چینی خوێندەواری دێموکرات و چەپی ئێرانی بە کۆچەر کرا. لیبراڵێکی ئێرانی بە (نمک بە حرام) و چەپێکی ئێرانیش بە (خائین) ناوی برد، تاکە هۆکاریش ئەوە بوو کە کۆچەر بیرکار خۆی پێ ئێرانی نییە، هەر وەکوو چۆن ئەگەرچی لە «کمبریج» وانە دەڵێتەوە و هاووڵاتیی بریتانیایە، بەڵام خۆی پێ بەریتانیایش نییە.

پێداگریی کۆچەر لەسەر ئەویتر نەبوون نوێ نییە، بەڵام لەپێگەیەکی هێندە گەورەوە پێداگریی لەسەر شوناسی خۆی کرد کە کاردانەوەی گەورەشی لێ کەوتەوە، لای کوردەکان هەموو غەیرە کوردێک عەجەمە، دەستەواژەی عەجەم هەتا شەپکە بەسەر و پۆستاڵ لەپێکان بۆ قەتڵوعامی کوردستان نەهاتبوون، پێناسەیەکی ئاسایی و گرێدراو بە ڕێز بۆ ئەویتر بوو، ئەوەی کە ئێستا عەجەم پێناسەیەکی ئەویتری پۆستاڵ لەپێشی لێ دەکرێ، ئەوە هەڵەی داگیرکەرەکانە نەک داگیرکراوەکان.

بێڕێزییەکان بە پرۆفیسۆر کۆچەر لەو ئانوساتەدا کە ئەگەری گۆڕانکاری لە ئێراندا دەکرێ، نموونەیەکی باشیشە بۆ لایەنە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ ئەوەی بزانن کە ئێرانییەکان لە تاران، قۆم، لەندەن، پاریس و کالیفۆرنیاوە بە یەک چاو سەیری پرسی کورد دەکەن، لای ئەوان کوردەکان مافی سەرکەوتنیان نییە، ئەگەر هەشیان بێت مافی خاوەندارییەتیکردن لەو سەرکەوتنەیان نییە.

سەدان ساڵ کوشت و بڕ و قڕان و دەرپەڕاندنی کورد، لەپێناو بنەمایەکی قێزەونی فاشیستی ناوەندنشینەکان بووە، چارەنووسی نەتەوەکانی دیکەی ئێران فارسبوونە، جا لە عەباس میرزاوە بگرە هەتا خامنەیی، لە محەممەدڕەزا شاوە بگرە هەتا کیانوری بەم شێوەیە بیر دەکەنەوە، بەڵام بارادات وتەنی کورد بە ئاوێنەی خۆیەوە سەیری خۆی کردووە، لەسەر بنەمای خاکەوە خۆی پێناسەکردووە، هەربۆیە بەهیچ شێوەیەک خۆی نەداوەتە دەست چارەنووس. زلهێزەکان دابەشیان کردووە، نوخبە سیاسییەکانی هەڵەیان هەبووە، دیوەخان و مینبەر وەدوایان داوە، بەڵام تاکە نەتەوەیەکە لەسەر پێیە و هیوابڕاو نەبووە، هەر بۆیە پرۆفیسۆرێکی بیرکاری مادام شەڕی هاوکێشەکانی جەبری بیرکاری دەکا، ئاساییە کە خۆی نەداتە دەست جەبری مێژوویی داگیرکراوی.

***

١) (Leon P Baradat)، نووسەر و ڕۆژهەڵاتناسی ئەمریکایی

٢) هانس کوهێن، فەیلەسووفی هاوچەرخی ئەمریکایی

# سابوتاژ بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی



حەمەڕەسووڵ کەریمی

سابوتاژ (Sabotage) لە زمانی ئینگلیزیدا بە مانای تێکدان، خەراپکردن و زەربەلێدانە. سابوتاژ بۆ زەربەلێدان و بۆ بە چۆکداهێنانی دامەزراوەی نیزامی و سەربازی، بۆ خەراپکردنی دامودەزگای دەسەڵاتداران و حکوومەت، بۆ خەراپکردنی کەرەسەی شەڕکردن وەکوو تانگ و ماشێنی گەورە و هێندێک شتی لەو بابەتە و یا خەراپکردنی کەلوپەل بە شێوەیەک کە زەربەی ئابووری و یا نیزامی لە دەوڵەت و یا بەرامبەرەکەت بدا و بۆ ماوەیەک بەرامبەرەکەت دەستەوەستان، یان تووشی شۆک و وەستانی بکا.

لە زمانی ئینگلیزیدا وشەی سابوتاژ بە واتای چالاکیی تێکدەرانە و خەراپکردن هاتووە. زۆرجار بە مانای تێکدان، خەراپکردنی کەرەسەکانی بەرهەمهێنانی حکوومەتی، کارخانەیی و زەربەلێدان لە هەموو دامەزراوە حکوومەتی و دەوڵەتی و هێزی سەربازی و تەنانەت بازرگانی و شوێنی کەسابەت هاتووە و ئاماژە بە سەقەتکردنی حکوومەت لە ڕێگای خەراپکردنی ئاگایانە واتە بە ئانقەست کراوە. چالاکیی بە ئانقەست بە مەبەستی بە چۆکداهێنانی بەرامبەرەکەت عەمەلیاتی سابوتاژی پێ دەگوترێ.

## ڕوانگەی یاسای ئێران بۆ سابوتاژ

لە سەریەک چاوخشاندنێک بە پێشینەی بەکارهێنانی سابوتاژ لە یاسای بنەڕەتی ئێراندا بۆمان دەردەکەوێ کە تەنیا خاڵێکی دیاریکراوە کە لە چەند پەسەندکراوێکدا بە ڕاشکاوی لە وشە و مانای سابوتاژ لە نووسینەکەدا کەڵک وەرگیراوە. بۆ نموونە یاسای بەگژداچوونەوە و سزادانی هەلپەرەستان لە پاڵاوگەی نەوتی ئێران، پەسەندکراوی ١٦ی ڕەزبەری ١٣٦٦ی هەتاوی. لە ماددەی ٣ی ئەو یاسایەدا هاتووە کە: هەر کەس بە مەبەستی خەراپکردن و تێکدان (سابوتاژ) کارێک و یا کردەوەیەک لە خۆی نیشان بدا و بە تەقاندنەوە و یا وێرانکردنی یەکێک لە بنکە و یا شوێنە گرینگەکانی ژێر ماددەی ١ و ٣ بکا، یا هاوکات ببێتە هۆی داخرانی هەموو ئەو پاڵاوگەیە و یا شوێنێک لە پاڵاوگەکە، کەسی گیراو بە دوو تا دە ساڵ زیندان سزا دەدرێ. هەڵبەت سزای سابوتاژ و یاسای نووسراوەی ئەم وشەیە لە چەند شوێن بە ناوی خەراپکار و یا وشەگەلی لە چەشنی زەربەلێدان هاتووە، ئەگەرچی لە ڕستەی ئەو یاسایەدا لە وشەی خەراپکار زۆر کەڵک وەرگیراوە و بە گشتی بە مانای وشەی سابوتاژیان هەر لە کەوانەدا بە خەراپکار نووسیوە.

لەو پەیوەندییەدا ئاماژەیان بە چەند کاری خەراپکارانە کردووە و نموونەیان لە سەر هێناوەتەوە کە دەتوانم ئاماژە بە چەند دانەیەکیان بکەم. بە پێی پەسەندکراوی ٤ی ڕەشەمەی ١٣٤٩ی هەتاوی سزای ئەو کەسانە بدەن کە دەبنە هۆکاری ڕاوەستانی فڕینی فڕۆکە و یا خەراپکردنی کەرەسەکانی فڕۆکە.

ئاماژەکردن بە پەسەندکردنی چەند یاسایەک سەبارەت بە خەراپکردن و شێواندنی دامودەزگای حکوومەتی:

- یاسای پەسەندکراوی ٢ی بانەمەڕی ١٣٥٣ی هەتاوی سەبارەت بە سەنعەت و دروستکراوەکان.
- یاسای سزادانی دامودەزگای ئاو، بەرق، گاز و بەشی پەیوەندیی پۆست و تەلەفوون پەسەندکراوی ١٢ی بەفرانباری ١٣٥١ی هەتاوی.
- یاسای سزادانی ئەو کەسانەی کە ڕێگای ئاسنی شەمەنەفەر (قەتار) تێک دەدەن، پەسەندکراوی ٣١ی خاکەلێوەی ١٣٢٠ی هەتاوی و ماددەکانی ٦٧٥ و ٦٨٧ی یاسای سزای ئیسلامی.

خاڵی هاوبەشی ئەو چەند پەسەندکراوەیە لەپێوەندی لەگەڵ سابوتاژدا ئەوەیە کە لە هەموو خاڵە پەسەندکراوەکاندا باس لە خەراپکردن و تێکدان و زەربەلێدان، نائارامی و ناسەقامگیری و تێکدانی ئەمنییەتی گشتی وڵات دەکا و خوڵقێنەرانی ئەو نائارامییە دەبێ سزا بدرێن و بە گشتی یاسا نووسراوەکانیان بەسەردا بسەپێنن.

هەموو ئەو کەسانەی کە ئیرادەی ڕووخانی کۆماری ئیسلامیان هەیە، دەبێ دەست بدەنە دەستی یەک و بە یەکەوە ئەو شوێنانەی بۆ حکوومەت گرینگن و حکوومەت بایەخی زۆریان پێ دەدا سەقەت بکەن، واتە کۆسپ و تەگەرە بخەنە بەردەم شوێنە گرینگەکان. هێندێک دامودەزگای حکوومەتی بۆ ئەوە دەبن کە عەمەلیاتی سابوتاژیان لەسەر بکرێ؛ وەک ئاگردانی کەرەسەکانی ماشێنی نیزامیی ڕێژیم، بنکە و بارەگای نیزامی، تێکدانی خەتی تەلەفوونی گشتیی نێوان بنکە و پادگانەکان، تەقاندنەوە و سووتاندنی عەمباری تەقەمەنی و خواردەمەنی و کەرەسەی جۆراوجۆری حکوومەتی.


عەمەلیاتی سابوتاژ دەتوانێ ترس بخاتە دڵی سیخور و جاش و خۆفرۆشان، بە سووتاندنی ماشێن و باخ و باخات و خانوو و کەرەسەی خۆفرۆشان بنەماڵەکانیان وەخەبەر بێنین کە ئەوەی دەسوتێندرێ بەرهەمی جاشایەتی و خۆفرۆشییە. ئەوانەی عەمەلیاتی سابوتاژ بەڕێوە دەبەن، دەبێ چاویان کراوە بێ و بە چەشنێک ئەو کارە بکەن کە زەرەری گیانی بۆ کەسانی دەوروبەر نەبێ و هەروەها مەترسیی گیران و کوژران لە سەر خۆیان نەبێ.

قسەی کۆتایی ئەوەیە، عەمەلیاتی سابوتاژ دەتوانێ زەربەی قورس لە دوژمن بدا بەبێ ئەوەی لە چەک و چۆڵ و یا لە عەمەلیاتی نیزامیدا بەشداریت کردبێ، زۆرجار بە چەند لیتر بەنزین و یا نەوت و گاز دەتواندرێ زەربەی قورسی ئابووری لە پەیکەری لەرزۆکی کۆماری ئیسلامی بدری، لە هەموو ئەو حاڵاتانەدا دەوڵەتێک بۆ خەڵک نەبێ پێویستە خەڵک عەمەلیاتی سابوتاژی لە سەر بەڕێوە بەرن بۆ ئەوەی بە چۆکیدا بێنن.

هەڵبەت شوێنە گشتییەکانی وەک مۆزەخانە، سینەما، پارک، باخە گشتییەکان و سەیرانگا و هێندێک بنکە و بارەگای وەک نەخۆشخانە و قوتابخانە و زانکۆکان و هەموو ئەو شوێنانەی خزمەتی گشتی دەکەن ملکی هەمووانن و دەبێ لە لایەن خەڵکەوە پارێزراو بن و نابێ بخرێنە چوارچێوەی کاری عەمەلیاتیی سابوتاژەوە.

***

## دوو پەیام و هەڵوێستی شیاو و بەبایەخ بۆ کۆچەر بیرکار





**شادی سەدر**

بۆ هێندێکانیش کوردێک تەنیا ئەوکاتانە کە خەڵاتی نۆبێلی بیرکاری دەباتەوە، "ئێرانی"یە و لە حاڵەتەکانی دیکەدا، کوردی تیرۆریست، یان کوردی سەربڕ یان کوردی کۆڵبەر، یان کوردی جیاییخوازە. تا ئەوکاتەی بۆ ئەو دەرد و جوێنانەی بەم خەڵکە و ناسنامەکەیانمان داوە داوای لێبوردنیان لێ نەکەین، مافی ئەوەمان نییە ئیمتیازی زەحمەت و ماندووبوونەکانیان بەناوی خۆمانەوە بکەین."

**موحسین کەدیوەر**

ئێمە چمان کردوە لەگەڵ و بۆ کۆمەڵگەی کوردی ئێران؟ کوردەکان چەندە هەست بە ماف و ئازادییەکانیان دەکەن؟ لەگەڵ کەسایەتییەکانی کوردی وەک ئەحمەد موفتیزادە و ناسر سوبحانی چۆن جووڵاوینەتەوە هەتا بمانەوێ فەرەیدوون درەخشانی (کۆچەر بیرکار) لە ئێراندا ڕابگرین؟ مەگەر چەند کاربەدەستی سەرەکیی ئەم وڵاتە کورد و سوننین؟ ئێمە بەرلەوەی بیر لە داخستنی گەرووی هورموز بکەینەوە، دەبێ بیر لە هەندێ گەرووی دیکە بکەینەوە کە یەک لەوان وازهێنان لە دووچاوەکی و هەڵاواردن و سیاسەتی پەراوێزخستنی کوردەکانە.

## د.ناهید حوسێنی:

# پێویستیمان بە پێکهێنانی بەرەیەکە بۆ تێپەڕین لە کۆماری ئیسلامی

دیمانە: ئازاد مستوفی

خاتوو دوکتور ناهید حوسێنی لەدایکبووی شاری کرماشانە و لە بەریتانیا دەژی، توێژەری کاروباری ڕاهێنان و ئافرەتانە تایبەت بۆ ئێران. کارناسیی باڵا و دوکتورای «ڕاهێنان، ڕەگەز و گۆڕانکارییەکانیی نێودەوڵەتی»ی هەیە و خاوەنی چەند کتێب و بابەتگەلێکە لە بواری پەروەردە و ڕاهێنان و ڕۆڵی ئافرەتان لە گۆڕینی هەلومەرجی کۆمەڵایەتی لە ئێراندا. د. ناهید حوسێنی لێکۆڵەری سیاسیشە و هەر لەم ڕوانگەیەوە لەم دیمانەیەدا هەوڵ دەدرێ گۆشەنیگاکانی دۆخی ئێستەی ئۆپۆزسیۆن لەگەڵ ئەودا بێنینە ئاراوە:



**سپاس بۆ بەخشینی کاتتان بە ڕۆژنامە «کوردستان» و پرسیاری یەکەمم لەوەوە دەست پێ دەکەم کە بەڕای بەڕێزتان کۆمەڵگەی ئێران ئێستە لە چ قۆناغێکی گۆڕانی کۆمەڵایەتی دایە؟**

لەم دەساڵەی ڕابردوودا و هەلومەرجی ئێستەی ئێران، خەباتی خەڵک زۆرتر لە چوارچێوەی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان خۆی دەرخستووە، وەکو بزووتنەوەی ئافرەتان، بزووتنەوەی پاراستنی ژینگە، بزووتنەوەی خوێندکاری، بزووتنەوەی شوناسخوازی، بزووتنەوەی کرێکاریی و هتد. هەندێجار بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان لە چەند قۆناغی جۆراوجۆر پێک دێن، سەرەتا بابەتێکی دیاریکراو کە گرفتی گرووپێکی تایبەتی کۆمەڵایەتییە لە ئاستی ئەوانەی بەرژەوەندییان تێدایە؛ دێتە گۆڕێ و پاشان لە ڕێی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە بەشێوەیەکی بەربڵاو لە ئاستی وڵاتدا دەخرێتە بەر ڕای گشتیی و بەهێز دەبێ و لەئاکامدا بەهۆی وەڵامدەرنەبوونێکی گونجاو لەلایەن ئۆرگانی پەیوەندیدارەوە، خواستە بەجێنەهێنراو و وەڵامنەدراوەکە دەبێتە دروشمێکی دیاریکراو و لە شەقامدا دەوترێتەوە. واتە ئەم پرۆسەیە دوو قۆناغ لە بزووتنەوە لەخۆ دەگرێ و لە قۆناغی سێهەمدا کەمتاکورتێ نارازییەکان دەر دەکەون کە کێن و دەڵێن کە چییان دەوێ و چییان ناوێ. ئەم قۆناغە زۆر گرنگە چونکە ئەگەر بزووتنەوەکە سەرکوت نەکرێ، پێ دەنێتە قۆناغی چوارەم کە هەڵبژاردنی ڕێبەرانیەتی. پێموایە ئێستە بزووتنەوەکان لە قۆناغی سێهەم دان. نابێ ئەوەشمان لەبەرچاو نەبێ کە لە ئەگەری ڕوودانی چەند خۆپیشاندان و مانگرتنێکی بەرینی تر، گۆڕەپان و هەلومەرجی گونجاو بۆ سەرهەڵدانی ڕێبەرانێک کە بتوانن لەلایەکەوە ئەو بزووتنەوانە بەشێوەیەکی نوێ ڕێک بخەن و لەلایەکیتریشەوە کۆڕ و حیزبەکانی ئۆپۆزیسیۆن کە لە کاریگەریی بزووتنەوەکاندان بە لەیەک نێزیکبوونەوە بەپێی بنەمای هاوبەش، ناچار بکەن.

**بابەتێکی بەڕێزتانم دیت کە ئاماژەیەکت بە دۆخی سیاسی و ئابووریی ئێران کردبوو هەربۆیە دەمویست بپرسم هۆکارەکانی شکستی سیاسی و ئابووریی ئێران چین؟**

ئێران وڵاتێکی پڕپیت و دەوڵەمەندە بەڵام بەداخەوە بەهۆی بەڕێوەبەریی نەزانانە، ئێمە بەدەیان ساڵ لەو وڵاتانەی کە هاوئاستمان بوون، گەڕاوینەتە دواوەوە و خاوەنی ئابووریی داڕماو و دواکەوتووین. بەڕای من هۆکاری سەرەکیی وەها کارەساتێک جۆری ڕوانینی حکوومەتی ئێرانە بۆ ئەم جیهانە و وڵاتداریتیی و بانگەشەی هەناردەکردنی بەربڵاوی ئایدۆلۆژیای ئیسلامی_شیعیی خۆیەتی. یەکێک لە ئاکامەکانی وەها ڕوانینێکی کارەساتبار، هەڵسەنگاندنی عەقیدەتیی هەر شتێکی بچووک یان گەورەیە کە پەیوەندی بە ژیانی خەڵکەوە هەبێ. لە وەها دۆخێکدا ئیتر ئابووریناس و پسپۆڕ شوێنێکی نییە کە خۆی تێدا ببینێتەوە. پڕدیارە بەهۆی نەبوونی سەرپەرشتییەکی دروستەوە، دەسەڵاتداران دەبنە هۆی لەنێوچوونی سەروەت و سامانی وڵات و دەستێوەردان لە کاروباری وڵاتانی دراوسێ و، ئەوەش ترس و دڵەڕاوکێ و پێناخۆشبوونی وڵاتانی ناوچەکەی بەدواوە دەبێ. تەکنۆلۆژیا لە مۆدێرنکردنی پیشەسازیی و ئابووریدا دەور دەبینێ بەڵام حکوومەتی ئێران بەهۆی جۆری جیهانبینییەکەیەوە، نەیتوانیوە لە وڵاتانی پێشکەوتووەوە بەدەستی بێنێ. کاتێک حکوومەتێ نەتوانێ لە گۆڕەپانی سیاسیدا لەگەڵ وڵاتانیتر تەعامولی هەبێ، هەلومەرجی ئابوورییەکەشی تووشی مەترسی دەکا.

**بەسەرنجدان بە فرەنەتەوەییبوونی ئێران، نەتەوەکانی دانیشتووی ئەو جوغرافیایە دەتوانن چ ڕۆڵێکیان هەبێ لە سەقامگیریی دیموکراسی و مافی مرۆڤدا؟**

ڕاستە ئێران وڵاتێکی فرەنەتەوەیە بەڵام نێوەڕۆکی سیستمی دەسەڵاتدارێتییەکەی لەسەر بنەمای دووچاوەگییە. خۆیی و ناخۆیی هەیە. شیعە و فارس بە شوناسی سەرتر دەزانێ و ئەم نابەرامبەرییەش بووەتە هۆی ئەوەیکە نەتەوە جۆراوجۆرەکانی ئێران بۆ وەدەستهێنانی مافی خۆیان هەوڵی بەربڵاو بدەن و خوازیاریی دروستکردنی کۆمەڵگەیەک بن لەسەر بنەمای ئازادی و یەکسانی و مافی شارۆمەندی. تێکۆشەرانی ئەم بوارە خاوەنی ئەزموونی دەیان ساڵەن و بەشێکی بەرچاویان دانیشتووی دەرەوەی وڵاتن و سیستمگەلی جۆراوجۆری وڵاتدارییان دیتووە. ئەوان ئێستە دەتوانن ئەزموون و زانستی خۆیان بۆ دروستکردنی هەلومەرجێکی یەکسان بۆ هەمووان و سەقامگیریی مافی مرۆڤ وەگەڕ بخەن. پێداویستیی بەجێهێنانی ئەم ڕۆڵە، نیزیکی و هاودڵییە و پاشان هەبوونی پلان و ڕێکخستن و هەروەها بوونی میدیایەکە بۆ گەشەی کولتووریی ئەمڕۆیی کە خوازیاریی بەرامبەریی یەکسانی هەموو خەڵک بێ. دابەشکردنی دەسەڵات و سەروەت و سامان دەتوانێ ڕکابەرێکی دروستکەر لە نێوان نەتەوە جۆراوجۆرەکانی ئێران بخوڵقێنی بۆ ئەوەی بەڵکوو دۆخی ئابووری و کۆمەڵایەتی خۆیان بەشێوەیەکی مۆدێرن، نۆژەن بکەنەوە.

**لەم دواییانەدا هەندێ خۆپیشاندان لە زۆربەی شارەکانی ئێران ڕوویان دا، بەڕای بەڕێزتان چ کەموکوڕی و هەڕەشەگەلێ ئەو نارەزایەتییانەی بەرتەسک و سنووردار کردووەتەوە؟**

دەکرێ وەڵامی پرسیارەکە بکرێتە دوو بەش. یەکیان ڕۆڵی حکوومەتە و ئەویتریان ئۆپۆزیسیۆنە. حکوومەت بەهۆی سەرکوتەوە نەیهێشتووە نارازییان ڕێکخستنیان هەبێ و کاناڵەکانی هەواڵیشی داخستووە و بەدامەزرانی ئەرتەشی سایبەری، چالاکان کۆنترۆڵ و بەرتەسک دەکاتەوە و گەشە بە بێمتمانەیی لە نێوان چالاکاندا دەدا. ئیسلاحتەڵەبەکانیش کە بەشێکن لە حکوومەت هێشتا ناتوانن هەڵوێستی خۆیان بەشەفافی ڕابگەیەنن و بەئومێدی پاراستنی حکوومەت و مانەوەیان لە دەسەڵاتدا، پشتگیریی بونیاتگەراکان دەکەن. بۆ نموونە ڕۆڵی خاتەمی، سەرکۆماریی پێشوو لەم هەلومەرجەی ئێستەدا زیان بەپرۆسەی دێموکراسیخوازیی خەڵک دەگەیەنێ. هەروەها نابێ ڕۆڵی ئەم ئۆپۆزیسیۆنەش لە نائومێدکردنی خەڵک بە کەم بزانین. ئەم ئۆپۆزیسیۆنە خاوەنی حیزبگەلێکی کلاسیک و ڕێبەرانێکە هەمیشە نەفەری یەکەمن و بەشێوەیەکی سرووشتی ناتوانن خۆیان لەگەڵ پێویستییەکانی ئەمڕۆ و هەلومەرجی نوێ بگونجێنن. لاوبوونی حەشیمەتی ئێران و جیاوازبوونی شێوازی خەباتیان، بێگومان مەودایان لەگەڵ ئۆپۆزسیۆن زیاد دەکا. کەشی ئازادیی دەرەوەی وڵاتیش نەیتوانیوە ئەم ئۆپۆزیسیۆنە لەسەر لانیکەمەکان یەکگرتوو بکا و ببنە پشتیوانی نارازییانی نێوخۆی وڵات. ئۆپۆزیسیۆن ئێستەش دەتوانێ کەڵک وەربگرێ لەم کەشە و لەسەر بنەماگەلێکی هاوبەش، بەرەیەکی فراوان بەمەبەستی تێپەڕین لە کۆماری ئیسلامی پێک بێنێ. ئێستەش هەندێ لایەنی لایەنگری چەپی کۆمۆنیستی بە خەیاڵی دژەئیمپریاڵیستبوونی کۆماری ئیسلامیی ئێران، سیاسەتێکی ڕوونیان لەهەمبەریدا نییە و داکۆکیشی لێ دەکەن یاخود بەشێک لە هێزەکانی ڕاستی نەتەوەیی لەترسی بەسوورییەبوونی ئێران، پەنا بۆ قاسم سولێمانی دەبەن. ئەوە لەکاتێک دایە ترەمپ و پوتین بەیەکەوە لەسەر دابەشکردنی وڵاتان پلان دادەڕێژن. سەبارەت بەخەڵک دەتوانم بڵێم هێشتا هاوئاهەنگییەکی گونجاو لە نێوان بزووتنەوەکان و شارە جۆراوجۆرەکان نەهاتووەتەئاراوە و ئەمە خاڵێکی لاوازە. بۆ نموونە کاتێکی ئەو خەڵکە زۆرەی پارەیان لەلایەن بانکەکانەوە خورابوو چەند مانگ لە شەقامەکان نارەزایەتییان دەربڕی بەهۆی فشاری دەسەڵاتەوە، گرووپە کۆمەڵایەتییەکان نەیانتوانی پشتیوانییەک لەو بارودۆخە بکەن. هەروەها لە خۆپیشاندانەکانی بەفرانباری ساڵی ڕابردووشدا کاتێ خەڵکی بێکار خۆپیشاندانیان کرد، چینی مامناوەند کەمتر هاوکاریی کردن. ئەم لاوازییانە بەرتەسککردنەوەیەکی جیددین بۆ بردنەسەری ئاستی بزووتنەوەکان.

**ئەگەر بمانەوێ ئەم باسە کۆبکەینەوە خاڵە لاوازەکان و دەرفەتەکانی بەردەم جووڵانەوەی نارەزایەتیی خەڵک کامانەن؟**

سیستمی سیاسی و ئابووری حکوومەت کار ناکا و ئاستی نارەزایەتیش زۆر لەسەرەوەیە و تابۆی دەسەڵاتی مەزهەبی شکاوە و خەڵک لە هاتنەسەر شەقام ئیتر وەکوو جاران ناترسن. لەنێو ئۆپۆزسیۆنیشدا چالاکییەکان زیاتر بووە، حکوومەت ناتوانێ تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دابخا و هەرچەند سەرکوت هەیە بەڵام بزووتنەوەکانیش هەر هەن. نارەزایەتیدەربڕینی خەڵک بووەتە ڕۆژانە. وڵاتانی پشتیوانی ئێرانیش پشتیان تێ کردووە و ڕووسیە لە ئیسرائیل و ئەمریکا نیزیکتر دەبێتەوە. چین و ژاپۆن ئاستی کڕینی نەوتی ئێرانیان کەم کردووەتەوە. هەلی باشیش هەیە کە دەکرێ کەڵکی لێ وەربگیرێ، وەکوو بوونی دوو دەسەڵاتی هاوتەریب لە وڵات، دەوڵەتی ڕووحانی و دامودەزگەی خامنەیی و سپای پاسداران. ئەگەر ئۆپۆزسیۆن ورد بێ دەتوانێ لەم دژبەرییە باشترین کەڵک وەربگرێ. ئێرانییەکان دەتوانن کەڵک لە کەشی ئازادی دەرەوەی وڵات وەربگرن هەم بۆ یەکگرتوویی و هەمیش بۆ دیالۆگێکی بونیاتنەر لەگەڵ هێزەکانی بێلایەن و هەروەها بانگەشەدەرانی ئیسڵاحخوازیی. ئاشکراکردنی نفووزییەکانی حکوومەت لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و هەندێ کۆڕ و کۆبوونەوە. بەڵام ئەو دەرفەتەی کە نابێ لە دەستی بدەین ئەوەیە کە پێنج میلیۆن ئێرانی لە دەرەوەی وڵاتن و دەبێ بەشداریی کارایان لە کۆمەڵگەی سیاسیی ئێرانیی دەرەوەی وڵات بۆ دامەزراندنی ناوەندێکی هەماهەنگیی و بەرەیەکی فراوان بۆ تێپەڕین لە کۆماری ئیسلامیی ئێران هەبێ و نابێ خۆببوێرن لە وەدینەهاتنی؛ چونکە دووکەڵەکەی دەچێتە چاوی کۆمەڵگەی مەدەنی و بزووتنەوەکانی خەڵک لە نێوخۆی وڵاتدا.

**پێگە و بارودۆخی بزووتنەوەی ئافرەتان لە جووڵانەوە ئێعترازییەکانی ئەم دواییانەدا چۆن هەڵدەسەنگێنن؟**

ئافرەتان هەمیشە پێشڕەوی خەبات دژی کۆماری ئیسلامی بوون بەتایبەت بەدانی درووشمی «نا بۆ سەرپۆشی زۆرەملێ» داکۆکییان لە ئازادیی تاکەکەسی کردووە. شێوەی خەباتی ئافرەتان حیزبی نییە بەڵکوو بزووتنەوەییە و ئافرەتان لە هەموو بزووتنەوە جۆراوجۆرەکانی ئێراندا بەشدار بوون. لە نارەزایەتیدەربڕینەکەی «کچانی شەقامی ئینقلابی تاران» کە شارەکانیتریشی گرتەوە، هەتا ئێستە ٢٩ کەس گیراون. یەکێک لە تۆمەتەکانی خاتوو نەسرین ستوودە کە ئێستە لە زیندانە داکۆکی لە مافی «کچانی شەقامی ئینقلاب» بووە. خاتوو نەرگس محەممەدی کە نەخۆشیشە خەریکی تێپەڕاندنی ١٥_١٦ ساڵ زیندانەکەیەتی. ئافرەتان بۆ گەیشتن بە مافی یەکسان لەگەڵ پیاوان هەوڵی جێی سەرنجیان داوە. هەزینەی زۆریشیان داوە و خەباتی ئافرەتان لە هەموو ئێرانە و تایبەت بە نوخبەکانی تارانەوە نییە. ئافرەتان لە هەموو شوێنێک هەن و ناکرێ چالاکیی ئەوان بە حیزب و ڕێکخراوەیەکەوە تایبەت بکەین بەڵکوو دەبێ ببینین چ کاریگەرییەکیان هەیە بەسەر گۆڕانی کۆمەڵایەتیی ئێراندا.

**چ ڕێگەچارەیەکی گونجاو و بەکردەیی هەیە بۆ هاوکاریی لەگەڵ بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی نێوخۆی وڵات؟**

لەڕاستیدا ئێستە خەباتی سەرەکی لە شەقامەکانی ئێرانە و لێگەڕێن ئەوان کاری خۆیان بکەن. ئۆپۆزیسیۆن بەڕای من بەدوای ئەواندا دەڕوا و نارەزایەتییەکان شرۆڤە دەکا، لەکاتێکدا خەڵکی ئێران هەنووکە پێویستیی بە پشتیوانە و دەبێ بۆ پشتگیریيان سەردانی ناوەندەکانی نێودەوڵەتی وەکوو ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و لێبوردنی نێودەوڵەتی و هتد بکرێ. لۆبیگەریی لە دەرەوەی وڵات زۆر گرینگە بۆ نموونە یەکێک لە کێشە سەرەکییەکانمان داکۆکی وڵاتانی ئەورووپاییە لە ئێران. دەبێ لە ئاگەدارکردنەوەدا کارا بین و یا ئیسڵاحتەڵەبەکانیی دەسەڵات بە گفتوگۆ بەو قەناعەتە بگەیەنین کە ئەم حکوومەتە هیچکات ئەو کاڵایە نەبووە بە باڵای خەڵک بێ و بەبۆنلێدان و ڕوتووشکردنی ئیتر ناتوانن بۆگەنیوەکەی بشارنەوە.

**وەکو دواپرسیار چ ئەڵتەرناتیڤێ دەتوانێ لەم کاتەدا پتر ڕووبەڕووی کۆماری ئیسلامیی ئێران ببێتەوە و خەڵک بەرەولای خۆی ڕابکێشێ؟**

پێموایە لەم کاتەدا پێویستیمان بە پێکهێنانی بەرەیەکە بۆ تێپەڕێن لە کۆماری ئیسلامی بەڵام بۆ گەیشتن بەم مەبەستە سەرەتا پێویستیمان بە هاودڵییەکیی نەتەوەیی بەدانانی بنەمایەکە. بنەماگەلێکی وەکوو دێموکراسیخوازی، جیایی دین لە دەوڵەت و قبووڵکردنی جاڕنامەی مافی مرۆڤ. هەنووکە بەرەی نامتمانەیی، جیاوازیی بیروڕای نێوخۆیی و ترس لە یەکتر، دیوارەکەی بەرزترە. لەکاتێکدا ئەگەر سەرنج بدەینە گرفتی سەرەکیی کۆمەڵگەی ئێران کە درزی گەورە لە نێوان خەڵک و دەسەڵاتی ئیستبدادیدا هەیە، ئەگەری گەیشتن بەهەلومەرجێ بۆ لابردنی ناکۆکییەکانی نێوان ئۆپۆزیسیۆن پتر دەبێ. خەڵک لە نێوخۆ کاتێک بۆ نارەزایەتیدەربڕین دەڕۆنە شەقامەکان لەیەکتر هیچ جۆرە پرسیارێ ناکەن چونکە دوژمنی سەرەکییان لەبەرچاوی خۆیان دەبینن. ئەگەر هەموو هێزەکان ڕەزامەند بن لەسەر ئەو تێپەڕینە و هەڵبژاردنی جۆری سیستمی دەسەڵاتدارێتی بۆ دوایی حکوومەتی ئیسلامی هەڵبژێرن، هەلومەرجێکی گونجاوتر بۆ بەیەکەوەبوون دەخوڵقێ. لێرەدا پێویستە کە ئەم ڕەخنە لە حیزبەکانی کوردستان بگرم کە ئەگەر کۆماری ئیسلامی بە دوژمنی سەرەکیی خۆیان دەبینن، بۆ یەکیەتییەکی بەکردەوەیی لانیکەمی، دەبێ واز لە ناکۆکی ڕا و حیزبییانەی خۆیان بێنن. کوردەکان بەسەرنجدان بەپانتایی جوغرافیایی و حەشیمەتی و ئەزموونی خەباتیان دەتوانن ڕۆڵی سەرەکییان لە سەقامگیریی دێموکراسی لە ئێراندا هەبێ. من ناتوانم لەوە تێ بگەم بۆچی بەشێکی گرینگ لەوان هێشتا بەم ڕۆڵە گرنگەی خۆیان نازانن؟

**زۆر سپاس بۆ بەشداریتان لەو دیمانەیەدا**

سپاس بۆ ئێوەش

# چۆنیەتیی مامەڵە لەگەڵ دۆخی نەخوازراو



حەسەن شێخانی



پێشفەرز یان فەرزکراو(مفروض)ی ئەم وتارە ئەوەیە کە بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە دۆخێکی نەخوازراو دایە. بۆیە دەڵێم فەرزکراو، چونکە لەم وتارەدا باسی هۆکار و ئارگۆمێنتەکانی نەخوازراوبوونی دۆخی بزاڤی ڕۆژهەڵات ناکەم. ئەوە ڕوون و ئاشکرایە کە دۆخەکە، دۆخێکی نەخوازراوە، لە لایەکی دیکەش بە پشتبەستن بە کۆمەڵێک فاکت یان بە سەرنجدان بە ڕیالیتەی بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئەم ئیدیعای سەرەوەم هێناوەتە ئارا، کە لێرەدا ناچمە سەر تەتەڵەکردنی. پرسیار ئەوەیە بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئەم دۆخە نەخوازراوە، دەبێ چ ڕێکارێک بگیرێتە بەر؟ لەم وتارەدا سەرەتا سێ ڕێکاری نادروست شی دەکەمەوە کە لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم دۆخەدا دەگیرێنە بەر یان کەم و زۆر لە لایەن ئەکتەرەکانی نێو بزاڤی ڕۆژهەڵاتەوە گیراونە بەر. دواتر ڕێکارێکی دروست، زیاتر بە شێوەیەکی پێشنیاری، نەک شرۆڤەیی، لە ڕوانگەی خۆمەوە دەخەمە ڕوو، کە دەتوانێ وەک ئاکامگیریی ئەم وتارەش لێک بدرێتەوە.

١. ئێمە ڕابردووی خۆمانین و ئێستامان بەرهەمی ڕابردوومانە. بەبێ ڕابردوو ناتوانین لە ئێستامان تێبگەین، بۆیە پێویستە چرای تێگەیشتن لە ڕابردوو بگرین کە ڕەنگدانەوەکەی، لە تێگەیشتنی دۆخی ئێستامان و، لە دۆزینەوەی چارەسەریی کێشە و گرفتەکانمان یارمەتیدەرمان بێ. لەبەر ئەوەی ئێستای نەخوازراومان بەرهەمی ڕابردوومانە، پێویستە بە دیدێکی ڕەخنەیی و عەقڵانی، نە ڕووشێنەر و ئاستەکی، بڕوانینە ڕابردوو. بەم پێیە ڕیکاری ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ دۆخی هەنووکەیی پەنابردن(هەڵاتن) بۆ ڕابردوو و مانەوە و چەقین نییە تێیدا. بە دەربڕینێکی ڕوونتر لەگەڵ عەقڵی سەلیم نایەتەوە ڕێکارگەلێک بگیرێنە بەر کە لە ڕابردوودا سەرکەوتوو نەبوون؛ بەزۆری لەبەر ئەوەی کە کەمایەسی و کەموکوڕییان هەبووە و بە هۆی ئەو کەمایەسی و کەموکوڕییانەوە ئامانجی خۆیان نەپێکاوە یان دەسکەوتی دڵخوازیان نەبووە. ڕیکاری دروست ئەوە نییە سەرەڕای گۆڕانی هەلومەرجەکان لەچاو ڕابردوو، ئەو ڕێکارانەی ڕابردوو، ئەویش بە کەمایەسی و کەموکوڕییەکی زیاترەوە بگرێنە بەر. چونکە ئاکامەکەی دەبێتە تێچوویەکی زۆر و دەسکەوتی کەم. لەبیرمان نەچێ لە سیاسەت و لە خەباتیشدا، هاوکێشەی قازانج و زیان هەیە، عەقڵانییەت دەخوازێ کە ڕەچاوی ئەم هاوکێشەیە بکرێ و نابێ کارێک بکرێ کە زیانەکانی زیاترن لە دەسکەوتەکانی. لێرەدا لەوانەیە بە پەنابردن بۆ «ستراتیژیی درۆ»، وا بنوێنین، لەو کارەی دەیکەین، هاوکێشەی قازانج و زیان ڕەچاو کراوە! خافڵ لەوە کە لە دنیای ئەمڕۆدا، کە بە سەردەمی ئامرازەکانی گەیاندن و ڕاگەیاندن و هەروەها بە سەردەمی تەقینەوەی زانیاری دەناسرێ، زۆر زەحمەتە بتوانرێ ڕاستییەکان لە خەڵک بشاردرێنەوە. هەر کردەیەک کە دەکرێ، هەڵدەسەنگێرێ و خەڵک چاوەڕێی هەڵسەنگاندنی بکەری کردەکە نین تا هەمان هەڵسەنگاندنی ئەو بڵێنەوە. خەڵک بە چاوێکی کراوە لە کردەکان ڕادەمێنن و بەستێن و لێکەوتەکان و قازانج و زیانەکانی لێک دەدەنەوە. بەم پێیە لە دنیای ئەمڕۆدا نەگوتنی ڕاستییەکان تەنیا خۆخاپاندنە. بێگومان لەسەر بنەمای خۆخاپاندن و ڕەچاوکردنی «ستراتیژیی درۆ» تاقە هەنگاوێک بەرەوپێشچوون نایەتە ئارا و لەسەر بنەمای ناڕاستگۆیی هیچ هیوایەک هەڵناچنرێ و هیچ سەرکەوتنێک بەدی نایە. هەر کارێک کە دەیکەین ئاکامەکانی دەردەکەوێ و، ئەوە ئاکامانەن کە دەبنە زمان و دەربڕی ئەو کارە. کاتێک دواهاتەکانی کردەیەک دەرکەوتن، ئەوە دواهاتەکانن دەدوێن و دەبنە بنەمای هەڵسەنگاندن، نەک خوێندنەوە و شیکردنەوە و نواندنەکانی ئێمە.

عەقڵانیەتیی سیاسی و خەباتگێڕانە دەخوازێ بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ دۆخی نەخوازراوی هەنووکەیی، ڕیکار یان ئەزموونگەلێک بکرێنە ئۆلگوو، کە سەرکەوتوو بوون. پێچەوانە لۆژیک و عەقڵە کە ئەزموونێکی شکستخواردووی ڕابردوو بکەینە ئۆلگوو. عەقڵانیەتی سیاسی دەخوازێ کە ئەو ڕێکارانەی لە ڕابردوودا کەموکوڕییەکانیان دەرکەوتوون، نابێ کۆپی پێست بکرێن و وەک خۆیان دووبارە بکرێنەوە، بەڵکوو دەبێ بە خەسارناسییەکی جیددیدا تێپەڕ بکرێن و خاڵە بەهێزەکانیان بپارێزرێن و لاوازییەکانیشیان بسڕدرێنەوە. ئەمە ناعەقڵانیی سیاسییە کە ڕێکارێکی ناتەواوی ڕابردوو بە کەموکوڕی و کەمایەسیی زیاترەوە دیسان تاقی بکەیەوە و ئەمەش وەک ڕێکاری نوێ و وەرزێکی نوێی تێکۆشان بنوێنی.

دیاردەیەک کە لە بزووتنەوەی ڕۆژهەڵاتدا دەبینرێ ئەوەیە: چونکە شتێکی زۆرمان لە ئێستادا بۆ پێشکەشکردن نییە و ئێعتباری خۆمان زیاتر لە نەریت و ڕابردوو وەردەگرین، نە لە کارامەیی و عەملکردی ئێستامان، لە ڕابردوودا سەنگەر دەگرین؛ پەنا دەبەین بۆ ڕابردوو و بە شێوەیەکی نۆستالۆژیک دەیخوێنینەوە. واتە ڕابردوو ئایدیالیزە دەکەین و بەزۆری بەشە بەهێزەکانی ڕابردوو کە سوکنایی بەخشن، بەرجەستە دەکەینەوە و لایەن و ڕەهەندە لاوازەکانی نادیدە دەگرین.

٢. ڕێکاری مامەڵە لەگەڵ دۆخی نەخوازراو، ڕۆمانتیزمیش نییە. واتە لە واقعیات دابڕێی و خۆت باوێیە نێو باوەشی وەهم و خەیاڵات و شتگەلێک بڵێی کە نە لەگەڵ واقعییەت دێتەوە نە لەگەڵ هێز و تواناکانی خۆت. ئەمە لە تایپە زێدەڕۆیانەکەیدا دەبێتە «دۆنکیشۆتیزم».

ڕۆمانتیزم بەرهەمی دۆخی خراپ، هیوابڕاوی و هەستکردن بە بێتوانایییە و جۆرێک هەڵاتنە لە دۆخی مەوجوود. ڕۆمانتیزم ڕەگەز و توخمی سەرەکیی شێعر و ئەدەبیاتە، نەک سیاسەت. سیاسەت کارێکی عەقڵانی و بەکۆمەڵە؛ پشت دەبەستێ بە عەقڵ. ناڵێم نابێ لە ڕۆمانتیزم کەڵک وەربگیرێ بەڵکوو دەڵێم سیاسەت و کاری سیاسی دەبێ لێکدانەوەی عەقڵانی و ستراتیژیک و پلانمەندی لە پشت بێ، ئەگینا سەرکەوتوو نابێ. واتە ناوکی سیاسەت، عەقڵانییەتە کە دەکرێ لە ڕووکاری دەرەوەیدا لە ڕۆمانتیزم و هەڵخڕاندنی هەست و سۆزیش کەڵک وەربگری. کێشە کاتێک دێتە پێش کە جێگای ئەو دووانە بگۆڕێ، واتە ڕۆمانتیزم و هەڵخڕاندنی هەست و سۆز(ی زووتێپەڕ)، بکرێتە ناوکی سیاسەت و کردەی سیاسی. ئەمەش لە نەبوونی پێرسپێکتیڤ و پلانێکی داڕێژاوی بیرلێکراوە و، بەهۆی لەبەرچاو نەگرتنی کاریگەریی واقعی و دوورەدیمەنی ڕیکاردا دێتە ئارا. لێرە دایە کە سوکانی سیاسەت دەدرێتە دەست هەست و سۆز و کەفوکوڵی زووتێپەڕ و، بەم شێوە سیاسەت لە چییەتیی خۆی بەتاڵ دەکرێتەوە.

ڕۆمانتیزمێک بەگشتی لە سیاسەتی کوردی دەبینرێ کە تا ئاستی چاونوقاندن لە واقعییەت و خۆخاپاندن دەچێتە پێش. بە سەرنجدان بەوە کە سیاسەت پشت دەبەستێ بە هێز و فاکتەرەکانی هێز، ئەو ڕۆمانتیزمە تا ئاستی نادیدەگرتنی فاکتەرەکانی هێزی خۆی و بەرامبەرەکەی دەچێتە پێش. کە ئەمە بێکەڵک و بێئاکامە. ئەوەی لە بەشێک لە بزووتنەوەی ڕۆژهەڵاتیشدا دەبینرێ ئەوەیە کە ئەوەندە لە هەڵسەنگاندنی واقعیەتەکان و کار و کردەوەکاندا، ئارەزوو و خەیاڵات بەشدار دەکرێن کە واقعیەتەکان دادەپۆشرێن و وێنایەک پێشان دەدرێ کە لەگەڵ واقعییەت نایەتەوە.

شوێنکاتی مێژوویی سەرهەڵدانی ڕۆمانتیزم، ئورووپای دوای ناپلیۆنە. لە فەڕانسە شۆڕش کراوە، بەڵام بۆتەوە دیکتاتۆری یان بێسەرەوبەرەیی؛ چەشنێک ناکامی هەیە، هیوابڕاوی هەیە، بۆیە ڕۆمانتیزم لە بواری ئەدەبیات و هونەر و شێعر و تەنانەت هزریشدا دێتە ئارا؛ وەک سوکنایی بەخشێک بۆ مرۆڤی ئەو سەردەمە. هەنووکەش بەشگەلێکی بزاڤی ڕۆژهەڵات دەیانەوێ بە ئامرازی ڕۆمانتیزم ڕووبەڕووی دۆخی نەخوازراو ببنەوە؛ دەیانەوێ خەیاڵ و وێناکردنەکانی خۆیان لەجیاتی ڕاستییەکان دانێن و بە بەراوەژوو پێشاندانی واقعییەت و گەورەکردنەوەی لەڕادەبەدەری کردەوەکانیان، دۆنکیشۆتوار خۆیان وەک بزوێنەر و دیاریکەری ڕەوتی ئاڵوگۆڕەکان لەقەڵەم بدەن.

٣. ڕێکاری نادروستی سێهەم پەنابردنە بۆ «ئیدە یان قانوونی پێشکەوتن». ئەمەش چەشنێک هەڵاتن بۆ پێشەوە و لەخۆ داماڵینی بەپرسیارێتییە. بێگومان لە ڕەوتی مێژوودا بە تێپەڕینی کات پێشکەوتن هاتۆتە ئارا، بەڵام شتێکمان بە ناوی قانوونی پێشکەوتن نییە کە لە تایپە پەرگیرەکەیدا دەڵێ دواجار هەر بە ئامانج دەگەین. قانوونی پێشکەوتن هەرچەند نە بە ڕاشکاوی، بەڵکوو بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ هەڵگر یان هاندەری پاسیڤیزم و متمانەبەخشینی نابەجێیە بۆ گەیشتن بە ئامانج، لە دەرەوەی هەوڵ و کردە و چالاکیی مرۆڤدا. لێرەدا قانوونی پێشکەوتن وەک هێورکەرەوە، سوکنایی بەخشێکی درۆیین یان بیانوویەک بۆ پاسیڤبوون و هەڵاتن لە ئەرکی هەوڵدان بۆ گەیشتن بە ماف، ڕۆڵی نەرێنی دەبینێ. بە دیوێکی دیکەدا ئێمە شتێکمان بە ناوی مسۆگەری و پێویستیی چارەهەڵنەگری مێژوویی نییە؛ بەو مانایە کە پێشکەوتنێک هاتە ئارا تازە گەڕانەوەی بۆ نەبێ و نەگەڕێتەوە بۆ دواوە. لەوانەیە لە ئەنجامی کارتێکەریی فاکتۆری جۆراوجۆردا ئەوەی بەدی هاتووە، لەبار بچێ. کورد گوتەنی ئەوەی ڕستوومانە ببێتەوە خوری؛ ئەگەر نەزانین چی دەکەین. چونکە هەموو شتێک گرێ دراوە بە خۆمان و کۆی هەلومەرج و فاکتۆرەکانەوە.

مێژوو بەپێی نەخشە یان پڕۆژەیەکی لەپێشدا داڕێژراو بەرەو پێش ناچێ. ئەمە پاشماوەی بە گوتەی کارڵ پۆپێر، «هەژاریی تاریخیگەری»، «ڕەسەنایەتیی مێژوویی» هێگێلیزم و مارکسیزمە، کە تائێستاش کاریگەری لەسەر مێنتالیتەی ئێمە ماوە.

هیچ کەس ناتوانێ ڕەوتی مێژوو پێشبینی بکا. ئێمە لەنێو مێژوو داین و ناتوانین لێی بێینە دەر تا وەک سووژەیەکی زاڵ بە سەریدا، کۆتاییەکی ببینین و پێشگویی بکەین. مێژوو ڕەوتێکی یاسامەندی نییە تا بڵێین کە دواجار بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی و میکانیکی بەرەو ئەو ئامانجە دەڕوا کە دەمانەوێ؛ کەواتە پێویست ناکا خۆمان سەغڵەت و نیگەران بکەین! چونکە بە شێوەیەکی هێڵیی چارەهەڵنەگر، قانوونی پێشکەوتن بەرەو ئامانجمان دەبا! ئەمە دیدێکی میکانیکییە بۆ مێژوو کە لەگەڵ ڕەوتی کار و بەرەوپێشچوونی مێژوو نایەتەوە.

نابێ خۆمان بە «ڕەسانەیەتیی مێژوو» سوکنایی بدەین و بڵێین دواجار بە مافەکانمان دەگەیەن و ئەمە چارەهەڵنەگرە. نابێ بە پەنا بردن بۆ ئەو چەمک و ئیدانە، بەپرسیارێتیی هەوڵ و تەقەللا لە خۆمان داماڵین. بەشێکی زۆری شتەکان بە خۆمان و ڕادەی کار و تێکوشانی خۆمان گرێ دراوە. ئەگەر نەزانین چی دەکەین و بە گوێرەی پێوستییەکانی قۆناغ نەجووڵێینەوە، لەوانەیە گەیشتنمان بە ماف زۆر دوا بکەوێ. ئەمە دیدێکی مێتافیزیکی و خڕە کە بڵێین هەر بە ماف دەگەین. دیدێک کە بایەخی شرۆڤەیی نییە و لەبەر ئەوەی کە بانمێژوویی و ئابستراکتە، ئیعتباری نییە.

## ڕێکاری دروست

ڕێگای دەربازبوون لە دۆخی هەنووکەیی، نە ڕاکردنە بۆ ڕابردوو، نە هەڵاتنە بۆ داهاتوو و نە ڕۆمانتیزم و دابڕانیشە لە واقعییەت، بەڵکوو گرتنەبەری دیدێکی ڕەخنەییە؛ ڕەخنەدانی ڕابردوو و ئێستایە. تەنیا بەم شێوە دەکرێ لە دۆخی هەیی دەرباز بین. دەبێ بە دیدێکی ڕەخنەیی چاو لە ڕابردوومان بکەین و دان بە هەڵەکانماندا بنێین تا بتوانین بەرەوپێش بچین. ئێستای ئێمە بەرهەمی ڕابردوومانە؛ ئەگەر ڕابردوومان بێهەڵە و کەموکوڕیی جیددی بووبایە، ئەم ئێستایەمان نەدبوو. ڕێکاری ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ دۆخی نەخوازراوی هەیی، ئەوەیە ئەو ڕێیانەی پێیاندا ڕۆیشتووین پێداچوونەوەیان پێدا بکەین، هەڵیانسەنگێنین و خەسارناسییان بکەین و دوای ئەو پڕۆسانە، ڕێکاری گونجاو لەگەڵ هەلومەرج بگرینە بەر. ئەمە پێویستییەکە. لە حاڵێکدا ئێمە زیاتر دیدێکی حەماسی و ئۆستوورەسازمان بۆ ڕابردوو هەیە، ڕابردوو ئایدیالیزە و ئارمانسازی دەکەین و لەم پێناوەدا لە هەڵەکانمان چاوپۆشی دەکەین یان بە شێوەیەک تەعبیریان دەکەین کە لە خزمەت ئەو ئایدیالیزە کردنەدا بێ. گەشە و بەرەوپێشچوونمان بە هەڵسەنگاندن و ڕەخنەی عەقڵانیدا تێپەڕ دەبێ و ڕێکاری نوێ لەسەر بنەمای ڕەخنە و هەڵسەنگاندن و بیری ڕەخنەیی دێتە ئارا. پێویستە بە ڕوحی سوقراتی لەگەڵ خۆمان مامەڵە بکەین واتە خۆمان بناسین و بزانین کەموکوڕییەکانمان چین. ئەمەش واتە ڕەخنە و هەڵسەنگاندن.

دەربازبوون لە دۆخی نەخوازراو پێویستیی بە تەتەڵەی بنەماکانی قەیران هەیە و تەنیا چاکسازی لە بواری پراکتیکدا بەس نییە. لەبەر ئەوەی کە هەر سەرکەوتنێک پشت دەبەستێ بە ئەندێشەیەکی یەکگرتوو و بە بوونی کۆمەڵێک چەمکی بنەمایی و، لەبەر ئەوەی کە لەم بارەوە دەسمایەی تیۆریکمان لاوازە، پێویستە بە شێوەیەک قەرەبوو بکرێتەوە. بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئەم کەمایەسییە و بۆ دەربازبوون لە دۆخی هەیی، پێویستە ئەم کارانە بکرێن:

ئەلف) «ئاگورا»ی نێو ئەکتەرە نیهادییەکانی بزاڤی ڕۆژهەڵات گەشەی پێ بدرێ، فەزای گشتیی نێو حیزبەکان پەرەی پێ بدرێ. لەگەڵ ئەوەشدا لە عەقڵی سەرووپێکهاتەییش کەڵک وەربگیرێ. دەرەتان بڕەخسێندرێ بۆ عەقڵانیەتیی لێکتێگەیشتنیی بەرهەمدار. ئەمە ڕێی داهێنان دەکاتەوە و دینامیزمی دەرەکیشی لێ دەکەوێتەوە. لە لایەکی دیکەش تاڕادەیەک پێکهاتەی ئەستوونیی لە سەرەوەڕا بۆ خوارەوەی لێنینیی حیزبەکانیش، کە کۆسپ یان ڕەتکەرەوەی گەشەکردنی ئاگورای نێو حیزبە، بە شێوەیەکی حەقیقی سڕ دەکا و کاڵی دەکاتەوە.

ب) سازان و ڕێککەوتنی نێوان ئەکتەرەکانی بزاڤی ڕۆژهەڵات. ئەمەش بە گفتوگۆیەکی جیددی و ڕاستەقینەدا تێپەڕ دەبێ و پێویستی بەوەیە کە سەرووتر لە حیزب بیر بکرێتەوە و بەرژەوەندییە سەرووحیزبییەکان بە بنەما وەربگیرێن. ئەوەی تائێستا لە هاتوچۆی نێوان ئەکتەرەکانی بزاڤی ڕۆژهەڵاتدا بەدی کراوە، کەمتر ئەو تایبەتمەندییانەی هەیە؛ نە ڕەنگی گفتوگۆیەکی ڕاستەقینەی هەیە و نە بەرژەوەندییە سەرووحیزبییەکان بە بنەما وەرگیراون. تاڕادیەک دەتوانم بڵێم کە سیاسەتی کوردی لە قۆناغی بەر «لێکتێگەیشتن و سازان و ڕێککەوتن» دایە. سازان و ڕێککەوتنێک کە سروشتی سیاسەتە و بەبێ هەبوونی ئەم فاکتۆرە سروشتی خۆی لە دەست دەدا. بە کورتی تێپەڕین لە دۆخی هەنووکەیی پێویستی بە گەشەپێدانی ئاگورای نێو حیزب و لە لایەکی دیکە پێویستی بە سازان و ڕێککەوتنی نێوان ئەکتەرە نیهادییەکانی مەیدانی سیاسەتی ڕۆژهەڵات هەیە. تەنیا لەم حاڵەتە دایە کە دینامیزم و چالاکی لە سیاسەتدا دێتە ئارا و بزاڤی کورد لە ڕۆژهەڵات بەرەوپێش هەنگاو دەنێ و دەتوانێ لە دەرفەتەکانی بەردەمی کەڵک وەربگرێ.

ڕێگای دەربازبوون لە دۆخی نەخوازراو، نۆستالۆژی و دڵتەنگی بۆ ڕابردوو نییە، دووبارە سازکرنەوەی ڕابردوو نییە؛ ئەگەر ڕابردوومان کێشەی نەبا ئێستای لێ نەدەکەوتەوە. بۆیە پێویستە بە دیدێکی ڕەخنەیی عەقڵانی و بەدوور لە کەفوکوڵی زووتێپەڕ و ڕۆمانتیزم و لە دەرەوەی دڵخۆشکردن بە «ئیدەی پێشکەوتن» و بەبێ هەڵاتن لە بەرپرسیارێتییمان، بەرەو داهاتوو هەنگاو بنێین. هەروەک لە توێی شیکاریی ڕێکاری نادروستی یەکەمیشدا ئاماژەم پێکرد، هیچ هیوایەک لەسەر درۆ و ناڕاستگۆیی هەڵناچنرێ و ڕاستگۆیی لەگەڵ خۆمان و لەگەڵ خەڵکیش مەرجی بەرەوپێشچوونمانە. زۆر شت لە داهاتوودا بە خۆمان و ڕادەی ئامادەیی و تێپەڕین لە «حیزبیگەریی تەسک»ەوە گرێ دراوە.

***

# ئیسلامی سیاسی
## [و ڕەوتە گرینگەکانی لە ئێران دا]


حەسەن حاتەمی

### شەڕی دوو بۆچوونی ئیسلامی لەسەر ئیدارەی دەسەڵاتی ئیسلامی

کردەوە نادروستەکانی بەڕێوەبەرانی نیزامی نوێی سیاسی و بیری پان شیعەئیستییەکەیان زەبری گەروەی لە کۆمەڵگەکانی ئێران دا. لەو ڕاستایەدا، «شۆڕشی فەرهەنگی» زیانێکی زۆری بۆ زانست و خوێندنی بەرز هەبوو. هەروەها، دوای تێپەڕینی ٤٠ ساڵ بە کەلکوەرگرتن لە «خوێندکارانی دەوڵەتی و بەسیجی»، پشکی «بونیادی شەهید و جانبازان» و بەشی وەرگرتن (گزینش) نەتەنیا «ئیسلامیکردنی زانستگاکان» نەهاتە دی، بەڵکوو بەشێک لە منداڵانی بەرپرسانی نیزامی ئیسلامی ویلایەتی موتلەقەی فەقیهیش، تێکەڵ بە بزووتنەوەی خوێندکاری بوون کە بناغە قایمەکەی بە خوێنی «بزۆرگنیا، قەندچی و شەریعەتی ڕەزەوی» لە ساڵی ١٣٣٢ داڕێژرا و سەدان فیداکاری ڕێی ئازادی سەریان لە پێناویدا، دانا یا باشترین تەمەنی ژیانیان بۆ تەرخان کرد.

### شەڕ بیانوویەکی گەورە بۆ سەرکوت

شەڕیماڵوێرانکەری ئێران و عێراق لە ٣١ ی خەرمانانی ١٣٥٩ بە هێرشی عێراق دەستی پێ کرد. ئەو شەڕە، گەورەترین بەڵا بوو بۆ گیان و ژیانی گەلانی ئێران، بەڵام دەسەڵاتبەدەستانی ڕێژیم بەتایبەتی ئا. خومەینی، ئەو شەڕە نگریسەی بە «نیعمەت» زانی. دیارە ئەوان هەر لە ڕۆژانی سەرەتای سەرکەوتنی ڕاپەڕینی گەلانی ئێران، بەنهێنی خەریکی فێڵ و تەڵەکە بوون و بەدوای بیانوویەکی گەورەدا دەگەڕان هەتا ئیسلامی سیاسی بەو مانایەی کە بۆخۆیان لێکیان دەداوە، دامەزرێنن و ئێستاش شەڕ دەرفەتێکی باشی بۆ ڕەخساندبوون.

قسەکانی حەسەن ئایەت _کە گەڵاڵەی پیلانەکانی باس کردبوو_ بەکردوە و هەنگاو بە هەنگاو جێبەجێ دەکران. هێرش کرایە سەر زانستگاکان و داخران. شەڕ لە کوردستان و هێرش بۆ خەڵکی کورد و تێکۆشەرانی ڕێی ئازادی و حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی دەستیان پێ کردەوە. هێرش کرایە سەر تورکە ئازەرییە ناڕازاییەکان و حیزبی «خلق مسلمان» لە تەوریز و ئا. شەریعەتمەداری «تۆبە» ی پێ کرا و لە قوم دەستبەسەر کرا. بزووتنەوەی گەلی تورکمەن سەرکوت کرا. ناڕەزایەتیی عەرەبەکانی ئەحواز لە خۆێندا شەلاڵ کرا. داخوازییەکانی گەلی بەلووچ بە ئاگر و ئاسن وەڵامیان درایەوە بەگشتی شەڕ بیانوویەکی باش بۆ سەرکوت لەنێوخۆیی پێکهاتەی ئێراندا، بوو.

بۆیە، لەسەر ڕووداوە نێوخۆیی و دەستێوەردانە نەرێنییە دەرکییەکانی خومەینی و هاوبیرەکانی و بەتایبەتی حیزبی جمهووری ئیسلامی و زۆربەی مەجلیسی یەکەمی شووڕا و دەزگای قەزایی، کە خۆیان بە «خەتی ئیمام» پێناسە دەکرد، لەلایەک و بەنی سەدری سەرکۆمار، کەمایەتیی مەجلیس و ژمارەیەک لە رووحانییەکانی موخالیفی شێوەی زاڵی دەسەڵات و موجاهیدینی خەڵق و چەپە ئیسلامییەکانی نزیک لەوان، لە لایەکی دیکە، کەوتنە ململانێ.

### موجاهیدین خەڵق و کردوەی چەکداری

موجاهیدینی خەڵق لە ڕۆژێک پێش وەلانانی بەنی سەدر لەلایەن مەجلیسی شووڕا، لە ٣٠ی جۆزەردانی ١٣٦٠دا، ڕێپێوانی هەزاران کەسیی لە تاران وەڕێخست کە لە لایەن هێزە نیزامییەکان، بەتایبەتی سپای پاسدارانەوە هێرشی کرایەسەر. موجاهیدین دژکردەوەی نیشان دا و لەگەڵ ڕێژیمی ئیسلامی چووە نێو فازی چەکداری و پاشان هەوڵدان بۆ ڕووخان و بەرەنگاریی ڕاستەوخۆ. هەڵبەت موجاهیدینی خەڵق لە هاوینی ١٣٥٨وە و دوای دەنگنەدانی بە یاسای بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامی و نووسراوەکانی سەبارەت بە شێوەی بەڕێوەبەری و دابینکرانی مافی گەلانی بەرایی لە ئێراندا، پێویستە تا ڕادەیەک حیسێبی لە دەسەڵاتبەدەستانی ڕێژیمی ئیسلامی تا جۆزەردانی ١٣٦٠ جیا بکرێتەوە. دیارە دوای ئەوکاتیش موجاهیدین دەکەوێتە بەرەی دژبەرانی نیزامی کۆماری ئیسلامی ویلایەتیی فەقیهی.

### شەڕی دوو بۆچوونی ئیسلامی

تێکهەڵچوونی موجاهیدینی خەڵق و دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی بە تایبەتی حیزبی جمهووریی ئیسلامی و ڕێکخراوە هاوشێوەکانی و ڕێکخراوەی موجاهیدینی شۆڕشی ئیسلامی _کە پێکەوە زۆربەی دەسەڵاتەکەیان بەدەست بوو_ شەڕی دوو بۆچوونی ئیسلامی بەرانبەر بەشێوەی ئیدارەکردنی دەسەڵاتی ئیسلامی سیاسی و پێکهاتەی کۆمەڵگەی ئێران لەلایەک و بەڕێوەبەری لە تاران و قوم لەلایەکی دیکە بوو.

موجاهیدینی خەڵق بە ڕوانگەی سەردەم و مۆدێرنیزاسیون و تێکەڵاوێک لەگەڵ عیرفان دەیرەوانییە دیاردەکان و، عەداڵەتخوازی و ئابووریی سۆسیالیستی و بە شووڕایی ئیدارەکردنی وڵات و فرەگەلی لە ئێرانی، قبووڵ بوو. بەرنامەی ئەرینی و جێی سەرنجیشی هەبوو و خوازیاری چارەسەری جیددیی کێشەکان لە ڕێگای ئاشتی و دیالۆگ بوو. بەڵام ئا. خومەینی و ئاخوندەکانی قوم، لە ڕوانگەی فیقهیی شیعەی دوازدە ئیمامی و شێوەی بەڕێوەبەریی کۆن و بۆچوونی پێکهاتەی»ئۆمەت» لە ئێران، دەیانڕوانییە کێشەکان و لەجیاتی بەرنامەی بەشدارپێکردنی گەلانی نافارس بە تایبەتی ناشیعە و سێکۆلارەکان، ڕێگای سەرکوت و نکوڵی لە گەلانی گرتە بەر و بە ناخۆیی سەیری کردن. جگە لەوەش دامەزرێنەران و زۆربەی هەرەزۆری کادرەکانی موجاهیدینی خەڵق خوێندکار و پەروەردی زانکۆکانی ئێران و جیهان بوون و لە تێکۆشانی دەیەی ٥٠ شدا، ئەوان یەکێک لە مەترسییەکان بۆ دەسەڵاتی پەهلەویی دوویەم هەتا پاییزی ١٣٥٧ بوون.

هەروەها موجاهیدین لە ڕیزی میللی_مەزهەبییەکانی چەپدا بوو و لە هەناوی نیهزەتی ئازادی و بەرەی میللیدا دروست ببوون. بەڵام ڕێڕەوانی خومەینی و ژمارەیەکی زۆر لە دەسەڵاتبەدەستانی نوێ، لە حەوزەی عیلیمیەکانی قوم، تارا، نەجەف، مەشهەد، ئیسفەهان و... خوێندبوویان و درەێژەدەری بۆچوونەکانی شێخ فەزلوڵڵا نووری(مەشرووعە خواز)، مودەریسی (دژی جیایی دین لە دەوڵەت و پێداگر لەسەر مەشرووعە) و نەوابی سەفەوی (خوازیاری حکوومەتی ئیسلامی) بوون. بۆیە ئەو دوو ڕێچکەیە و تایبەتمەندی گەلێکی دیکە کە پێشتر لە ڕەوتی هەڵوێست و هەڵسوکەوتی موجاهیدین و دەسەڵاتدارانی نوێی ئیسلامی سیاسی لە ئێراندا، باسیان کرا، جیاوازی ئەو دوو بۆچوونەی پتر دەرکرد.

بەخوێندنەوەی ئەوکاتی ئەگەر بە پێوانەی مودێرنیزم و سوننەتگەرایی بە ڕادە و قەبارەی خۆیان بیانپێوین، موجاهیدین سەردەمیتر بوون. چوونکە بۆ چارەسەری ناکۆکیی کۆمەڵگەکانی ئێران چ لە قەبارەی سەرانسەری ئێراندا، و سەبارەت بە ماف و ئازادییەکانی تاک و کۆ، تێکۆشانی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان و کۆمەڵگەی مەدەنی، بەرانبەریی ژن و پیاو و شیعە و سوننی و دژایەتیی لەگەڵ ویلایەتیی فەقیه و چ بڕوایی بە بوونی میلییەتەکان لە ئێراندا، و چارەسەری پرسەکانیان لە ڕێگای وتوویژ و مافی ڕەوای بەڕێوەبەری لە ناوچەکانی تورکی ئازەری، کورد، عەرەب، بلووچ و تورکمەن بەهۆی حیزب و ڕێکخراوە بەراییەکانیان هەنگاویان دەنا.

# پرسی کورد و گۆڕانکاری لە ئێران دەرفەت یان هەڕەشە


ڕەحمان سەلیمی



ئاماژەکان پێمان دەڵێن ئێران بەرەو گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی دەچێ، بناغەکانی سەقامگیریی کۆماری ئیسلامی تەواو لەرزۆک بوون، سیستمی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی تووشی قەیران بوون، گەندەڵی بڕستی لە هەموو دامودەزگاکانی ئێران بڕیوە و سامانی ئەو وڵاتە لەلایەن گرووپێکی بەرژەوەندیخوازی دەسەڵاتدار بە تاڵان دەبرێ، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هێزی مانۆڕی لە فراوانخوازییەکانی ڕێژیم بڕیوە و... کۆمەڵێک ئاماژەی دیکە سەلمێنەری ئەو ڕاستییەن ئەو سیستەمە چیتر توانای مانەوەی نییە بەم شێوەیە.ئەوە شرۆڤە و بۆچوونی بەشێکی زۆر لە چاودێرانی سیاسییە لەسەر بارودۆخی ئەو ڕۆژانەی ئێران.

ئەگەر ئەو خوێندنەوانە ڕاست بن، چارەنووسی سیستەم لە دوو حاڵەت بەدەر نییە: یان دەبێ بڕوا یان دەبێ گۆڕانکاریی جەوهەری لە خۆیدا پێک بێنێ.

ئەوەی لێرەدا مەبەستمە بپرژێمە سەری، وڵامی ئەو پرسیارەیە کە ئایا لە ئەگەری گۆڕانکاری لە ئێراندا کورد دەکەوێتە کوێی هاوکێشەکانەوە؟ دیسان لە سیکلی (شۆڕش_گەشە_نشوست)دا گیر دەخواتەوە، دیسان تەنیا براوەی دەورەی تێپەڕە و دوای سەقامگیربوونی دەسەڵاتی نوێ دەخرێتە پەڕاوێزەوە؟ دیسان لە دانوستاندا کورتی دەهێنێ و ناتوانێ وەک فاکتەرێکی کاریگەر لە داڕشتنەوەی نەخشەی سیاسیی داهاتوودا دەور ببینێ؟ بە دەربڕینێکی دیکە دیسان مێژوو بۆ کورد دووبارە دەبێتەوە؟

یان بە دیوێکی دیکەدا چیتر وەک نەتەوەیەک پەڕاوێز ناخرێ و ئەزموونەکانی ڕابردوو، تەکوزیی نوێی جیهانی، گرینگیی ژێئۆپۆلیتیکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەک هێزێک بەرامبەر توندئاژۆیی و لە ڕاستای ڕەوتی هارمۆنیکی تۆلێرانس و پێکەوەژیان و لە ئاکامدا زاڵبوونی دیسکۆرسی نەتەوەیی لە نێوان هێزە سیاسییەکان سەرەڕای کۆمەڵێک جیاوازی، دەبنە هۆی کۆتاییهێنان بە ستەمی نەتەوەیی و هەڵاواردنی ڕەگەزپەرستانە؟ کورد وەک نەتەوەیەکی جیاواز لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئیعتراڤی پێ دەکرێ و مافەکانی بە یاسا دەپارێزرێن؟

ئەگەر بێتو ئەو پێش فەرزە قەبووڵ بکەین کە گۆڕانکاری لە ئێراندا ڕوو دەدا و هەروەها ئەگەر قەبارەی ئیرادەی نێوخۆیی و نێودەوڵەتی دژی ئەو سیستەمە و ئاکار و کردەوەکانی بە هێند وەرگرین، ئەوا پێویستە گریمانەکان بەو شێوەیە بخەینە بەر دیدمان:

یەکەم؛ گۆڕانکاری لە ئێران لە ڕێگای گوشاری دەرەوە و ناچارکردنی ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی بە وازهێنان لە سیاسەتە دەستێوەردانەکانیان لە وڵاتانی ناوچە و هەروەها تا ڕادەیەک کرانەوەی فەزای سیاسی لە ئەنجامی گەشەی خەباتی مەدەنی پشت ئەستوور بە پاشەکشەی دەسەڵات لە دەرەوە. لەو سیناریۆیەدا سیستمی سیاسی لە ئێراندا دەپارێزرێ، بەڵام بە پەڕ و باڵ شکاوی، و توانای ڕەفتاری دیکتاتۆرییانە و سەرەڕۆیەکانی بە تەواوی دادەبەزێ. ئەوەش ڕاستەوخۆ قیت بوونەوەی کۆمەڵگەی مەدەنی لێ دەکەوێتەوە و مافخوازیی توێژە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگە گەشە دەکا. بە جۆرێک کە بەچالشکێشانی دەسەڵات لەلایەن خەڵکەوە بەهێز دەکا.

ئەگەر سەقفی داواکارییەکانی خەڵک لە ناوەندی ئێران داواکاریی ئابووری و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی بێ، ئەوا لە کوردستان بە پێشینەی خەباتگێڕانەی دەیان ساڵە و بوونی بزووتنەوەیەکی گشتگیری شوناسخوازانە، ئەو ویستخوازییە هەنگاوێک لەوە پێشتر دەڕوا و داوا سیاسییەکان دەبنە ماکی بەرەنگاربوونەوەی ستەم و چەوسانەوە. واتە خواستی مەدەنیی خەڵک لە کوردستان بە شێوەی ئۆتوماتیک بەرەو خواستی سیاسی دەڕوا و لێک جیا ناکرێنەوە. پوتانسیەلی بەرەنگاری لە کوردستان چ لە شێوە نەرمئامێری و چ لە شێوە ڕەقئامێرییەکەیدا لە قۆناغگەلی جیاوازدا و لە فۆڕمی جیاوازدا بەردەوام بوونی هەبووە و هەیە کە دەتوانێ ببێتە دەستمایەی ئیرادەیەکی بەهێزی مافخوازانە لە چوارچێوەی سیستەمێکدا کە لەژێر فشاری دەرەکیدا واز لە بەشێک لە فراوانخوازییەکانی بێنێ.

دووهەم؛ گۆڕانکاری لە ڕێگەی گۆڕینی ڕژێم و شۆڕشی جەماوەریدا دەرفەتێکی گونجاو بۆ دووبارە بنیاتنانەوەی ئێران و گەشەی هزری دەسەڵاتداریێتی خۆماڵی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەخولقێنێ. لە ئەگەری ڕوودانی ئەو سیناریۆیەدا، کورد دەتوانێ سنوورەکانی خۆی لەگەڵ ئەوانی تر تۆختر بکاتەوە و وەک یەکەیەکی جیاواز خۆی بسەپێنێ. بێگومان لە وەها دۆخێکدا هزری نەتەوەخوازی گەشە دەکا و هێز و تواناکان بەرەو دامەزراندنی کیانێکی کوردی دەکەوێتە گەڕ. دیارە کۆمەڵێک هۆکار لە قۆستنەوەی ئەو دەرفەتەدا دەوری کاریگەر دەبینن وەک یەکگرتوویی هێزە سیاسییەکان، مودیریەتی ڕووداوەکان و ڕێکخستنی جەماوەری لە پەنا دیپلۆماسیەکی بەهێز بۆ ڕەواییەتدان بە مافەکانی گەلی کورد لە کۆڕ و کۆمەڵە نێودەوڵەتییەکان.

لە هەر دوو گریمانەی سەرەوەدا کە ئاماژەیان پێکرا، دەرفەت و هەڕەشە بۆ کورد لە پەنا یەکدا بوونیان هەیە. واتە ئەگەر کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە پێناو بەرژەوەندیی زلهێزەکاندا مامەڵە لەگەڵ کۆماری ئیسلامی بکا و بەرامبەر وازهێنانی ئێران لە وڵاتانی ناوچەدا، چاو لە پرسی مافی مرۆڤ و مافی کەمینەکان بنووقێنێ، ئەوا گریمانەی یەکەم لە دەرفەتەوە دەبێتە هەڕەشە. ئەگەریش پرسی فراوانخوازییەکانی ڕێژیم و پرسی مافی مرۆڤ وەک پاکێجێک لە سەر مێزی دەسەڵاتدارانی ئەمریکا و ئورووپا مامەڵەی لەگەڵ بکرێ ئەوا دەکرێ ببێتە دەرفەتێکی باش بۆ ئەوەی کورد لە هەناوی گۆڕانکارییەکاندا بە بەشێک لە مافەکانی بگا.

لە لایەکی دیکەوە ئەگەر لە ئەنجامی شۆڕشێکی جەماوەریدا کۆتایی بە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی بێ، ئەوا دیسان هەم دەتوانێ دەرفەت بێ بۆ کورد و هەم دەتوانێ هەڕشە بێ. جیاوازی لە پێناسەکردنی بەرژەوەندییەکان لە لایەن هێزە سیاسییەکانەوە، سەرهەڵدانی حیزبی سیاسیی کارتۆنیی بەستراوە بە نەیارانی کورد و هەروەها سەرهەڵدانی فەندەمێنتالیزمی ئیسلامی و ئیدئۆلۆژیک و نەبوونی پرۆژەیەکی یەکگرتووی نەتەوەیی و نیشتمانی، بەشێکن لەو فاکتەرانەی هەڕەشەی جیددی دروست دەکەن لە بەردەم دەرفەتە گریمانەییەکان.

# سێبەری سەرکەوتنی سیاسەتەکانی ئامریکا بەسەر ئێراندا


ئامانج زیبایی

لە ئێستادا ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ ناکۆکی و شەڕەقسەی نێوان کاربەدەستان و بەرپرسانی ئێران و ئامریکا زیاتر خۆ دەنوێنێ. باسەکە لە کشانەوەی ئەمریکا لە بەرجام و بڕیاری گەڕاندنەوەی گەمارۆکان بۆ سەر ئێران دەستی پێکرد. کاربەدەستانی ئێرانیش زمانی هەڕەشەیان گرتەبەر و حەسەن ڕووحانیش وێڕای کاربەدەستانی سەربازیی وڵات لەو خۆ گیفکردنە بەجێ نەما.

ڕووحانی سەرەتا لە سویس هەرەشەی ئەوەی کرد کە ئەگەر پێش بە هەناردەکردنی نەوتی ئێران بگیرێ، ئەوە ئێرانیش لە کەنداودا گەرووی هورمووز دادەخا. ئەو لێدوانە بوو بەهۆی ئەوەی سپای پاسداران ناکۆکییەکانی لەگەڵ دەوڵەت وەکا بنێ و بێتە پشت حەسەن ڕووحانی. خامنەیی، ڕێبەری ڕێژیمیش ڕایگەیاندوە کە متمانەی بە ڕووحانی هەیە و داوای لە هەمووکاربەدستانی ڕێژیمەکەی کردوە کە هاوکاری ڕووحانی بن بۆ زاڵبوون بە سەر بارودۆخەکەدا. بەڵام ڕاست لەو هەلومەرجەدا و لە کاتێکدا گۆڕانکارییەکان لە بەرژەوەندیی ئێراندا نەدەچوونە پێش، ڕووحانی دەراوی زاری گۆڕی و هەڕەشەکانی نەرمتر کردەوە. ئەمجارەیان هاتە سەر ئەوە کە ئێران بە تەمای داخستنی گەرووی هوورموز نییە و گەرووی دیکە زۆرن کە بتوانێ دەستی پێیان ڕابگا، بەڵام «شەڕ لە گەڵ ئێران دایکی شەڕەکانە و سازان لە گەڵ ئێرانیش دایکی هەموو سازانەکانە.»

ڕووحانی لە کاتێکدا چراسەوزی سازان و ڕێککەوتن بۆ ئەمریکای هەڵ کردووە کە خامنەیی لە ڕواڵەتدا زۆر دژی دانوستان لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایە و وتووێژ لە گەڵ ئەم وڵاتە بە هێڵی سوور دەزانی، هەڵبەت خامنەیی پێشتریش چەند جارێک ئەزموونی بادانەوە و قسەخواردنەوەی بووە. ڕووحانی هاوکات هەوڵی هێورکردنەوەی پێوەندییەکان لەگەڵ سعوودیە دەدا و لە سووریە و یەمەنیش دیارە کە خەریکە گۆڕەپانەکە چۆڵ دەکا.

ئەم ڕەفتارەی کۆماری ئیسلامی لە سیاسەتی دەرەوەیدا بێ ئەوەی هێشتا وادەی گەڕێ نوێی گەمارۆکانی ئەمریکا گەیشتبێ، دەریدەخەن کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی سەرەڕای هاشوهوشی زۆری، بەڵام لەڕووی ستاتۆی لە هاوکێشەکانی ناوچەدا لاواز بووە، هۆکاری ئەوەش ڕاستەوخۆ بۆ لاوازیی ئابووری و لە سۆنگەی ئەوەش هێژمونیی سیاسیی دەگەڕێتەوە و ئەوەش نیشانەیەکی لە سەرکەوتنەکانی سیاسەتی ئەمریکایە بەسەر ئێراندا.

جگە لەم گرفتانەی ئێران لە سیاسەتی دەرەوی خۆیدا لە گەڵیان دەستەویەخەیە، سیاسەتی نێوخۆی و ژێرخانە ئابوورییەکانیشی دارمانێکی گەورەی دروست کردووە. کار گەیوەتە جێگەیەک کە ڕێژیم لە دابینکردنی ئاوی خواردنەوە و برق بۆ خەڵکەکەی داماوە و چارەنووسی دراوی



# ئازادکردنی ڕێبەرانی جووڵانەوەی سەوز یارمەتیی ڕیفۆرمخوازەکان دەکا؟

ئاتلانتیک کاونسڵ/ ئارەش عەزیزی
و: کەماڵ حەسەنپوور

هەمووی بە دەنگۆیەک دەستی پێکرد. ٢٨ی جولای بەشێکی زۆر لە ئێرانییەکان باسی ئازادکرانی بەم زووانەی ڕێبەرانی جووڵانەوەی سەوز، میر حوسێن مووسەوی، هاوسەرەکەی زەهرا ڕەهنەوەرد و مەهدی کەڕڕوبییان دەکرد کە لە سەرەتاکانی ٢٠١١ وە بە هۆی ڕێبەریکردنی نارەزایەتییەکانی دوای هەڵبژاردنی ٢٠٠٩ لەماڵەوە دەستبەسەرن. کوڕی کەڕڕوبی، حوسێن، گوتی کە «سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراو» ئاگاداری کردۆتەوە کە شووڕای بەرزی ئەمنیەتی نەتەوەیی بڕیاری ئازادکرانی ئەم سێیەی داوە. حوسێن بە «ئینساف نیوز»ی گوت «ئەوان گوتویانە کە ئەگەر ڕێبەری مەزن لە چەند ڕۆژی داهاتوودا بۆچوونێکی دیکەی نەبێ، ئەنجومەنەکە بڕیاری خۆی بەڕێوە دەبا.»

بڕیارەکە وێدەچێ بە شێوەی پێویست جێگای مەتمانە بێ. لەگەڵ کەڵەکە بوونی قەیرانە سیاسی و ئابوورییەکانی ئێران لەم چەند مانگەی دواییدا، گەلێک ڕیفۆرمخواز داوایان لە ڕێبەری گەورەی نیزام، ئایەتوڵڵا عەلی خامنەیی کردووە کە هەنگاوێک بەرەوە ئاشتی نەتەوەیی بنێ.

ئازادکردنی ڕێبەرانی ڕیفۆرمخواز شتێکی چاوەڕوانکراو بوو. تەنیا چەند ڕۆژ پێش ئێستا، جێگری سەرۆککۆمار، ئیسحاق جەهانگیری بەڵێنیی «کۆبوونەوەی سەمبولیکی» ڕێبەرانی وڵاتی دابوو بۆ ئەوەی کە یەکگرتوویی نەتەوەیی لە بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ گیروگرفتە پەرەئەستێنەکان نیشان بدەن. کۆتاییهێنان بە دەستبەسەرکرانی ڕێبەرانی جووڵانەوەی سەوز و هەڵگرتنی ئابلۆقەی میدیایی لەسەر سەرۆککۆماری پێشووتر محەممەد خاتەمی، ڕێبەری مەعنەویی جووڵانەوەی ڕیفۆرمخوازی، دەتوانێ ئەم شتە بێ. نوێنەرانی مەجلیس کە چاویان بە سەرۆککۆمار، حەسەن ڕوحانی کەوتبوو؛ بە هەمان شێوە بە گەشبینییەوە باسی ئەم مەسەلەیان کردبوو. بەڵام زۆر زوو حاشای لێ کرا، کاتێک کە نوێنەرێکی ڕیفۆرمخواز کە هەوڵی بۆ مسۆگەرکردنی ئازادیی سێ کەسەکە دابوو پرسیاری لە عەلی لاریجانی، سەرۆکی مەجلیس لە بارەی بڕیاری شووڕای بەرزی ئەمنیەتی نەتەوەیی کرد، ئەو گوتی کە بڕیارێکی ئەوتۆ پەسەند نەکراوە.

ڕوون نییە کە شووڕای بەرزی ئەمنیەتی نەتەوەیی ئەم پێشنیارەی تەنیا بۆیە کردووە کە لە لایەن کەسانی نزیک لە ڕیبەرییەوە پێیان بگوترێ کە ئەمە بڤەیە! ڕەنگبێ ئاشکراکردنی هەواڵەکە بۆ ئەمە بووبێ کە گوشار بخەنە سەر خامنەیی کە ڕەزامەندیی بۆ ئازادکردنیان نیشان بدا. هەرچۆنێک بێ، هیچ کەس گومانی لەوەدا نییە کە بڕیار بە دەست ڕێبەری مەزنە! کە وەک کەسێکی بەخشندە نەناسراوە. دیارە ئەگەرچی ئەو نیشانی داوە کە ستراتێژیستێکی فێڵبازە و هەندێک جار سازشی چاوەڕواننەکراوی کردوون.

پرسیاری گەورەتر ئەمەیە کە ئاسەواری ئازادکرانی ڕێبەرانی جووڵانەوەی سەوز چی دەبێ، و ئاخۆ هەنگاوێکی لەم چەشنە دەبێتە هۆی بەرز بوونەوەی ئاستی پشتیوانیی جەماوەریی کە کاربەدەستانی ئێرانی لەم سەردەمەدا پێویستیانە.

موحسین سەفایی فەراهانی، ڕێبەری یەکێک لە حیزبە ڕیفۆرمخوازەکانی ڕێگەلێگیراو، پێی وانییە ئەمە ئاکامەکەی بێ. فەراهانی کە یاریدەدەری وەزیری ئابووری و بەرپرسی فێدراسیۆنی تۆپی پێ لە سەردەمی خاتەمیدا بوو، و پاشان لە ٢٠٠٩ شەش مانگ لە زیندان کرا، گوتی ئازادکردنی سێ کەسەکە «شتێکی زۆر باش دەبێ، بەڵام گیروگرفتی خەڵک چارەسەر ناکا.» بەهەمان شێوە، یاریدەدەرێکی مووسەوی ئیددیعای کرد کە ئازادکرانی مووسەوی «تەنیا



کاتێک کاریگەرە» ئەگەر دەسەڵاتداران بە شێوەیەکی بنەڕەتی ڕێبازی خۆیان بگۆڕن.

ئەمە ڕاستە. ئازاد کردنی مووسەوی، ڕەهنەوەرد و کەڕڕوبی هەواڵێکی گەورە و گرینگ دەبێ، بەڵام ئەمە زۆر کەم و زۆر درەنگە. لە کاتێکدا کە ڕیاڵ لە حاڵی تێکڕمان دایە و ئابووریی وڵات بەتەواوی هەست بە گوشاری ئابلۆقە داراییەکانی ئامریکا دەکا، خەڵکی ئێران بە شێوەیەکی پەرەئەستێن لە دەست دۆخی هەنووکەیی وەزاڵە هاتوون. زۆرینەی ئێرانییان کە لە ٢٠١٣ و ٢٠١٧ دەنگیان بە ڕوحانی دا، لە سەرۆککۆمار تووڕەن کە بەڵێنییەکانی لە بارەی کار، خۆشگوزەرانیی و کرانەوەی کۆمەڵگەدا جێبەجێ نەکردوون. نارەزایەتییە جەماوەرییەکانی کە لە دێسامبر و ژانوییەی ڕابردوودا ئێرانیان هەژاند نیشانەی نارەزایەتیی پەرەئەستێن بوو کە لە زۆربەی درووشمەکان دەردەکەوت، لە ناویاندا «ڕیفۆرمخواز، ئوسوڵگەرا، ئیتر تەواوە ماجەرا»، کە نیشان دەدەن کە ئێرانییەکان لە هەردوو تاقمە سیاسییەکە بێزارن.

پرسیاری سەرەکیی لە جێی خۆیەتی کە ئەگەر ڕێبەرانی جووڵانەوەی سەوز، کە لە هەڵسوکەوتی بێ هیواکەری ڕیفۆرمخوازەکان لە هەشت ساڵی ڕابردوودا بێبەرین، دەتوانن جووڵانەوەی ڕیفۆرمخوازیی دووبارە زیندوو بکەنەوە، و سواری شەپۆلی پشتیوانیی جەماوەریی بۆ پاشەکشە کردن بە خامەنەیی بن.

سێ کەسەکە نیشانیان داوە کە ئەوان شەرمەزارکران یا ئازادکرانی بە شەرتەوە قبووڵ ناکەن. لە ژانویە، لە کاتێکدا کە ئێران تووشی مەزنترین نارەزایەتی جەماوەریی دوای شۆڕشی ئیسلامیی ١٩٧٩ بوو، کەڕڕوبی نامەیەکی توندی بۆ ڕێبەری باڵای ئێران نووسی و داوای لێ کرد کە بەرپرسایەتیی هەلومەرجی وڵات قبووڵ بکا. پاشان لە مانگی مای، ڕەهنەوەرد هەڵگیرانی بەشێک لە گوشارەکانی دەستبەسەرکرانی لە ماڵەوە ڕەت کردەوە.

ڕێبەرانی جووڵانەوەی سەوز وێناچێ ئازادکرانی بێدەنگ بە بڕیارێکی نهێنی قبووڵ بکەن. ئەگەر سێ کەسەکە بە هەندێک پاشەکشەی دەوڵەتی ئێران ئازاد بکرێن، وەک ئازادکرانی زیندانییانی سیاسی، کرانەوەی کۆمەڵگە و یارمەتی بە چالاککردنەوەی ئابووری لە ڕێگای هەندێک هەنگاوی خێرا، لەوانەیە ڕیفۆرمخوازیی زیندوو ببێتەوە. بەڵام، هیچکام لە ڕەفتارەکانی ڕێبەری مەزن و هاوپەیمانە سیاسییەکانی، واتە کۆنەپارێزەکان، ئاماژە بە مامەڵەیەکی لەم چەشنە ناکەن. جێگای ئاماژە پێکردنە کە لە سەرەتاکانی ٢٠١٧، سەرۆک کۆماری پێشووتر خاتەمی لە بەرامبەر هەڕەشەکانی سەرۆک کۆماری ویلایەتە یەکگرتووەکان دۆناڵد ترامپدا بە فەرمیی داوای «ئاشتی نەتەوەیی کرد» کە بیرۆکەکەی زۆر زوو ڕەت کرایەوە و وەک «شتێکی بێ مانا» باسی لێوە کرا.

لە مانگی مای، کەڕڕوبی نامەیەکی بۆ ڕێبەریی حیزبی ئیعتیمادی میللی نووسی و بەڵێنی خۆڕاگریی دا و بە تانەوە باسی کرد کە «هیچ کەس بەرپرسیاریی دەستبەسەرکرانی نایاسایی هەشت ساڵەی ئێمە ناگرێتە ئەستۆ ... وێدەچێ کە چارەنووس بە دەست فریشتەی مەرگ بێ چونکە ئەو یەکێک لە ئێمە پێش ئەوی تر دەبا: ئێمە یا کەسەکەی دیکە،» کە ئاماژە بە ڕێبەری مەزن، خامنەییە!

کێشمەکێشی کەللەڕەقانەی خامنەیی لەگەڵ ڕیفۆرمخوازەکان لە سەرەتای لەدایکبوونی جووڵانەوەی ڕیفۆرمخوازیی لە ١٩٩٧ بە هەوراز و نشێوی زۆرەوە دەستی پێ کرد. ئێستا گشت کەس دەتوانێ گریمانەی ئەمە بکا کە ئاخۆ تا مردنی ناوبرا درێژەی دەبێ یا نا؟

نیشتمانیی وڵاتیش کە ڕوون نییە دەگاتە کوێ و، شەپۆلی نوێی نارەزایەتییە گشتییەکانیش خەریکە زۆربەی شار و ناوچەکانی وڵات دەتەنێ. ئەو نارەزایەتییانەی کە وێدەچێ ئەمجارەیان کاریگەریی زیاتر لەسەر چارەنووسی سیاسیی وڵات دابنێن، چونکی لەلایەک ئەمریکا بە ئاشکرا ڕایگەیاندوە کە لە پشتی خەڵکی ئێران دەوەستێ، لەلایەکی دیکەش ئۆپۆزیسیونی کۆماری ئیسلامی جیددیتر لە جاران هاتوونەتە نێو گۆڕەپانەکە. بۆیە ئەوەی ئێستا ڕێژیم بەدەستەوەی ماوە تەنیا هێزی سەرکوتە و ئەوەی لەو نێوەشدا خەڵک هیوای لەسەر هەڵچنیوە ڕۆڵی ئەمریکایە، بەڵام دەبینین کە باسەکە لەوە پێچەڵەوپێچترە.

ئەمریکا دوای شەڕێکی فرەڕەهەندیی زارەکی و چەند ڕۆژێک پێش سەپاندنی گەڕی نوێی گەمارۆکان ڕادەگەیەنێ کە ئامادەیە لەگەڵ ڕووحانی دابنیشێ؛ کە دیارە ئەوە پتر لەوەی چارەسەری کێشەکانی نێوان دوو وڵاتی تێدا مەبەست بێ، هاویشتنی تۆپەکە بۆ گۆڕەپانی ئێران و چەککردنی ئەو وڵاتەی تێدا بەدی دەکرێ. ئەگینا ڕوون و ئاشکرایە کە پشتیوانیی ترامپ و ئەمریکا لە نارەزایەتییەکان هەر بە هەمان ئاقاردا دەچێتە پێشێ کە بە بەچۆکداهاتنی کۆماری ئیسلامی دوایی دێ. بەدەر لەوەش وتوویژ و دانوستانی نێوان دوو وڵات وەنەبێ ئەمە یەکەمجاری بێ. سەردانەکەی مەک فارلین بۆ ئێران، ڕێککەوتنی ئێران و ئامریکا لە سەر لوی جەرگەی ئەفغانستان، هاوبەشیی تاکتیکیی هێزەکانی ئەمریکا و سپای قودس لە شەڕی دژی داعش، چاوپێکەوتنی کەماڵ خەرازی لە کۆنفرانسی داووس لەگەڵ جۆزێف بایدن و چاو پێکەوتنەکانی هەر دووک باڵوێزی ئێران و ئامریکا لە عێراق بە شێوەی ڕاستەوخۆ و ... پێمان دەڵێن ئەم دوو وڵاتە بەپێی بەرژەوەندییەکانیان زەرفییەتی پێکەوەسازان و دانوستان لەگەڵ یەکتریان هەیە؛ بەڵام قسەیە ئەوەیە کە لە ئێران کام لایەنە دانوستانەکە دەکا؟ کۆماری ئیسلامی بیروڕای گشتیی وڵات چۆن قایل دەکا کە ئەمجارەیان بەئاشکرا لەگەڵ شەیتانی گەورە دانیشتووە و سەودا دەکا؟ سەوداکان کامەن و ئێران چەندەی نەوی کردووە؟ بارودۆخی خەڵک و مافەکانیان و چارەنووسی نارەزایەتییەکانیان لە ئەگەری سازانی ئێران لەگەڵ دنیای دەرەوە چیی بەسەردێ؟

بۆ وەڵامی بەشێک لەو پرسیارانە دەبێ چاوەڕوانی ڕۆژانی داهاتوو و گۆڕانکارییەکان بین، بەڵام ئەوەی لەو نێوەدا دەمێنێتەوە ئەوەیە کە کێشەی خەڵکی ئێران لەگەڵ کۆماری ئیسلامی جەوهەرییە و بەندە بە ماف و، ئازادییەکانی ئەو خەڵکە و کۆماری ئیسلامی لە چوار دەیەی ڕابردوودا نیشانی داوە نە ئیمانی پێی هەیە و نە ئیرادەی ئەوەی بەڕەسمییان بناسێ. بۆیە خەڵکی ئێران و هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن و بزاوتە خاوەن کاریگەرییەکان لە ئێران نابێ ئەم دەرفەتە بە کۆماری ئیسلامیی ئێران بدەن لە دەرەوە بە سازان و سەرنەویکردن خۆی لە تیغی سزا و گوشارەکان ڕزگار بکا و لەنێوخۆش بە سەرکوت و گوشار بۆسەر خەڵکی تەمەنی خۆی درێژتر بکاتەوە.

***

## لە حوجرەوە



عادڵ مەحموودی

# مەلا کاوە مارەغانی



شەهید مەلا حوسێن، کوڕی عەبدوڵڵا، ساڵی ١٣٢٦ی هەتاوی، لە بنەماڵەیەکی گوندی مارەغانی ناوچەی سەردەشت چاوی بۆ ژیان کردەوە. قۆناغی ساوایی وەدوا خۆ دا و لە حوجرەی فەقێیاندا وەبەر خوێندنیان نا.

حوسێن خوێندنی سەرەتایی لە خزمەتی قازی عەلیڕاد ناسراو بە قازی عەلی مارەغانی دەست پێکرد، پاشان بەدوای فێربوونی زانستدا گوندەکانی کوردستان گەڕا، ماوەیەکیش لە حوجرەکانی قازی عەلیی سەردەشت و مەلا جەلالی شێخوئیسلامیی بانەدا دەرسی خوێند. ئەوجار ڕووی کردە باشووری کوردستان و لە ناوچەی سەنگەسەر خوێندنی تەواو کرد و ئیزنی مەلایەتیی وەرگرت.

مەلا حوسێن وەک مرۆڤێکی ژیر و بەبیر و لاوێکی بەهەست و نیشتمانپەروەر، لە ماوەی گەڕان و خوێندندا، لەمەڕ ژیانی گەلەکەی، بینی و بیستی و خوێندییەوە. زوڵم و زۆریی ڕێژیمی دژ بە کوردی پاشایەتیی دەرهەق بە نەتەوە ستەم لێکراوەکەی بە ئێسک و پێستەوە هەست پێکرد و گەرای بیری ئازادیخوازی لە ناخیدا چەکەرەی کرد. بە تایبەت کاتێک لەگەڵ گەورە پیاوی ناوداری کورد مەلا ئاوارەی نەمر بوو بە دۆست و هاوڕێ، ئەو هەستە پاکە زۆرتر لە دەروونیدا ڕەگاژۆی کرد و، بەرەو سەنگەری خەبات لە پێناوی ئازادیدا پاڵی پێوەنا. ساڵی ١٣٤٠ی هەتاوی، بە پێوەندیگرتن بە تەشکیلاتی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە، تێکۆشانی ڕاستەوخۆی دەست پێکرد و، ناسناوی کاوەی بۆ دیاری کرا.

شەهید کاوەی مارەغانی، یەکێک لە قارەمانانی خەباتی چەکدارانەی ساڵەکانی ٤٦ و ٤٧ی تێکۆشەرانی دێمۆکرات دژ بە ڕێژیمی کوردکوژی پاشایەتی بوو. شان بە شانی هاوسەنگەرانی دیفاعی لە گەل و نیشتمانە پێشێلکراوەکەی کرد و، حەماسەی خولقاند و، دێ بە دێ و شار بە شار گەڕا و ناو و ناوبانگی بوو بە ویردی سەر زمانی زەحمەتکێشان و ئازادیخوازانی گەلەکەمان. بەشداریکردنی چالاکانەی کاوە لە شەڕە بەناوبانگەکانی «سپی سەنگ»، «سەرشیوی سەردەشت» و «هۆمل»دا، وەک لاپەڕەیەکی زێڕین بە مێژووی خەباتی میللی دێموکراتیکی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە نەخشی بەستووە و، پیرە بەساڵداچووەکان وەک داستانێکی حەماسە و قارەمانەتی بۆ بەرەی داهاتووی کۆمەڵی دەگێڕنەوە.

شەهید کاوە مارەغانی لەکاتی لەداوخران و، خافڵگیرکرانی مەلا ئاوارەی شەهیددا لە گوندی دیوالان، پەلاماری بردە سەر هێزە چەکدارەکانی ڕێژیم و تۆوی ترس و لەرزی لە دڵدا چاندن، بەڵام پاشان بە مەبەستی پاراستنی گیان و ماڵی خەڵکی بێدیفاعی گوندی دیوالان، گوندەکەی بەجێ هێشت و، لەسەر ڕێگای دیوالان بۆ سەردەشت بۆسەی بۆ دانانەوە تا لە کاتی گەڕانەوەیاندا مەلا ئاوارەیان لێ بستێنێ. بەڵام قین لەزگانی دژی ئازادی کاتێک هەستیان بە پلانی کاوە کرد، لە ترسان بە هێلیکۆپتێر مەلا ئاوارەیان بۆ شاری سەردەشت ڕاگواست.

پاش شەهیدکرانی مەلا ئاوارە، ئەرکی سەرشانی کاوە قورستر بوو و بەو پەڕی هەستکردن بە بەرپرسایەتی، جێگای بەتاڵی مەلا ئاوارەشی پڕ کردەوە. وەک فەرماندەیەکی کارزان و کارامە و، کادرێکی بە ئەزموون و لەکڵ دەرهاتوو، ئەرکە تەشکیلاتی و نیزامییەکانی بە سەرکەوتنەوە ڕاپەڕاندن و ترسی بە چۆک داهێنا.

کاوەی دڵ پڕ لە ئاوات و هیوا، بە وورەی بەرز و ئیمان بە ڕێبازی حیزبی دێموکراتی کوردستان، هەڵسوکەوتی ماقووڵانەی لەنێو دێنشینە دڵپاکەکان، گەلاڵە و پلانی بەڕێوجێی بۆ زەبر وەشاندن لە پێشێلکەرانی نیشتمان و، زۆر تایبەتمەندیی پەسندی دیکەی، زۆر زوو جێی خۆی لەنێو دڵی هاوسەنگەرانی و خەڵکی ناوچەکانی بانە و سەردەشت و پیرانشاردا کردەوە و، هەمووان بە چاوی ڕێزەوە لێیان دەڕوانی و، بەجێی بڕواو متمانەی خۆیان دەزانی.

شەهید کاوە مرۆڤێکی خاکی و خەڵکی بوو. لەگەڵ پیران پیر و، لەگەڵ لاوان لاو و، تەنانەت بە زمانی منداڵانیشی دەزانی. لە کاتی تەنگانەدا خۆی نەدەدۆڕاند و، لە بڕیارداندا هێمن و لەسەرخۆ بوو. ڕاستی و پاکی، سەداقەت و بڕوا بەخۆبوون، پێداگری لەسەر چەسپاندنی بڕیارەکانی حیزب، سووربوون لەسەر هەڵوێست و بۆچوونەکانی خۆی و لێکدانەوەی ورد لەسەر داهاتوو، لەو تایبەتمەندییانە بوون کە کاوەیان پێ دەناسرایەوە. لەخۆڕا نەبوو کە دوژمن دوای نسکۆی ڕاپەڕینەکەی ٤٦–٤٧یشدا لە بەرانبەر ئیرادەی بەهێز و خۆڕاگریی ڕۆڵە گیان لەسەردەستەکانی دێموکرات وەزاڵە هات و، بۆ خۆڕزگارکردن لە زەبری کێو لەرزێنی ئەوان پەنای بە هێزی زۆری نیزامی برد. کوردستانی کردە پادگانێکی نیزامیی بەرین و، جاش و ئەرتەشی لە ژێر پشتیوانیی فڕۆکە شەڕکەرەکاندا پەلامارێکی دڕندانەیان بۆ سەر دەست پێکردن و، ئاڵقەی گەمارۆیان لەسەر وێک هێنان. بەجۆرێک کە ڕۆڵە بە هەستەکانی دێموکرات بە ناچار پەڕیوەی باشووری کوردستان بوون. بەڵام لەوێش تووشی گیروگرفت و تەنگ و چەڵەمەی چاوەڕواننەکراو هاتن و مەودای حەوانەوەیان لێ بەرتەسک بۆوە. سەرەنجام بە هەوڵ و تێکۆشانی بێوچانی کاوە و هاوسەنگەرانی، بنکەیەکیان پێک هێنا و لە شاری قەڵادزێی باشووری کوردستان جێگیر بوون. پاش هەڵبژاردنی کۆمیتەیەک بۆ بەڕێوەبردنی ئەرکە سیاسی و تەشکیلاتییەکان کە کاوە بە بەرپرسی کۆمیتەکە هەڵبژێرا، کار و چالاکیی تێکۆشەرانی دێموکرات پەرەی پێدرا.

سەرەنجام ڕێژیمی شا و دەزگای ساواکە جەهەننەمییەکەی کە لە چالاکی و تێکۆشانی بەربڵاوی کاوە و، پەلوپۆ هاویشتن و ڕەگاژۆکردنی تەشکیلاتی حیزبی دێموکرات زراویان چووبوو، بۆ لەنێوبردنی کاوە پیلانێکی نوێیان دارشت. ساواک بۆ بەڕێوەبردنی پیلانە شوومەکەی، پەنای بردەبەر خۆفرۆشێکی نەفس نزم و بێگانەپەرست بەناوی «مەلا حەمەدەمینی جەوانمەردی» ناسراو بە «فوئادی حەمەدەمینی»، خەڵکی سەرشیوی سەقز. ناوبراو کە لە بەرگی پیرۆزی پێشمەرگەدا خۆی حەشاردا بوو، بە زمانلووسی و مەراییکردن خۆی لە تێکۆشەرانی دێموکرات بە تایبەت کاوە مارەغانی نیزیک کردەوە. هەرچەند فوئاد لەلایەن هێندێک لە هاوڕێکانی کاوەوە گومانی جاسووسی و خەیانەتی لێکراو کەوتە سەرزار و زمانانیش، بەڵام بە شێوەیەک سەرنجی کاوە و هێندێک لە هاوسەنگەرانی بۆ لای خۆی ڕاکێشابوو کە گومانەکە وەبەرچاو نەگیراو پیلانەکە ئاشکرا نەبوو.

سەرەنجام سەعات دووی دوانیوەشەوی ٢٥ی مانگی ڕەشەمەی ساڵی ١٣٤٨ی هەتاوی، دەستی جینایەت لە قۆڵی خەیانەت هاتەدەرێ و، سنگی پڕ لە تاسە و ئاواتی کاوەی پشتیوانی زەحمەتکێشان لە شیرین خەوێدا بە چەکی فوئادی خۆفرۆش گوللەئاژن کرا و، دڵە گەورەکەی بۆ هەمیشە لە لێدان وەستا.

بەڵێ! کاوەی دوژمن تەزێن، کاوەی ترس بەزێن، کاوەی زەبروەشێن، کاوەی زوڵم تەرێن، سەرەنجام کاوەی بەرگ بەخوێن، بەڕواڵەت بەجێی هێشتین، بەڵام ناوی بەرزی، ڕێبازی پیرۆزی، ئاکار و کردەوەی شۆڕشگێڕانەی، بۆ هەتاهەتایە لەنێو دڵماندا نەخشی بەستووە و، تا وەدیهێنانی ئامانجی بەرزو پیرۆزی ڕێگای پڕ لە سەروەریی ڕێگامانە.

هەکبەی شاخ و شۆڕش



برایم چووکەڵی

# مەئموورییەتێکی ناتەواو

داستان و چیرۆکە ناخۆش و نەهامەتییەکانی نێو کۆمەڵگە هەمووی ڕێژیمە زۆردارەکان بەسەر تاک تاکی نێو کۆمەڵگەی دێنن، چونکی لەهەر کۆمەڵگەیەکدا ناعەدالەتی هەبێ، شەڕ و ناکۆکی دروست دەبێ؛ ئەویش لەو کۆمەڵگەیانەی کێشەی نەتەوەییان تێدا چارەسەر نەکرابێ. جۆرەکانی چەوسانەوەی ئینسانەکان و پرۆسەی لە مرۆڤخستن لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە بە شێوەی جۆراوجۆر دەست پێ دەکا، هەموو دەنگێکی ئازاد دەکوژرێ و ئینسانەکان بێبەها دەکرێن، بۆیەش لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا بۆ بنەبڕکردنی ئەو ژیانە تاڵە و چێکردنی ژیان بەسەربەستی خەباتێکی ڕەوا دژی داگیرکەران دەکرێ...

دوای ڕووداوەکانی ساڵی ٧٥ی هەتاوی و لە کاتێکدا چەند ساڵێک بوو پێشمەرگە ڕوویان لە ناوچە نەکردبوو، بڕیار درا «سمایل بازیار» و «برایم چووکەڵی»، دوو کادری ناسراوی حیزب لە ناوچەی موکریان بۆ چەند کارێکی حیزبی بچنەوە ناوچە. نیوەڕاستی مانگی جۆزەردانی ساڵی ١٣٧٨ بوو. دەزگا ئەمنیەتی و هێزی سەرکوتگەری کۆماری ئیسلامی بە بوونی ئەوانی زانیبوو و ئەوەش ئەرکی ئەو دوو تێکۆشەرەی قورستر کردبوو. ئەوان ڕێگای دووروودرێژ و هەڵدێری پڕ لە گژوگیای ناوچەکانی سەردەشت و بانەیان بەرەو بۆکان بڕی و دەستیان بە کار و چالاکییەکانیان کرد. لە هەموو ئەو شوێنانەش کە بۆی دەچوون، تیمی گەڕۆکیش بە پێوشوێنیانەوە بوو. لە یەکەم ئاواییدا کە بۆی چوون و هەر لە یەکەم هەنگاوەکاندا هەستیان بە نامۆییەک کرد. جاشێک کە بە بوونی ئەوانی زانیبوو لەبەر دەرگای ماڵێک خۆی حەشار دابوو. پێشمەرگەکان یەکیان ڕووی کردە دەرگای ماڵەکە و یەکیان لە پشت گوێسوانەی ماڵەکە دەستەوتفەنگ ئامادە بوو. بەدیتنی پێشمەرگەکە جاشەکە تەقەی کرد و پێشمەرگەکان وەدەست هاتن. جاشە چەکەکەی فڕێ دا و ڕای کرد. پێشمەرگەکان کە لەو هەلومەرجەدا خۆیان لە لێکدانی زیاتر دەپاراست، لە ئاوایی وەدەرکەوتن؛ دوژمنیش کە وەک بڵێی دەیان پێشمەرگەی لە گەمارۆ خستوون، شوێنەکەی دەکوتا!

دوو پێشمەرگەکە ڕێگایەکی دووروودرێژیان بڕی و بەری بەیانی خۆیان بە چادراغێکدا کرد و پارووە نانێکیان خوارد و شوێنی حەسانەوەیان دیاری کرد. تازە چاویان گەرم ببوو کە چەند چەکداری ڕێژیم بە ناوچەکە وەر بوون. خۆر بەرز ببۆوە و سەعات نیزیک ١٠ی بەیانی بوو. کارێکی ئاسان نەبوو دوو کەس لە بەرەبەیانەوە بەو ڕۆژەدرێژە خۆی لە شەڕ بدا، بۆیە لەگەڵ ئەوەی بە هەموو تواناوە ئامادەی ئەگەرە نەخوازراو و کتوپڕەکان بوون، بە لێزانی خۆیان لە شوێنەکە دوور خستەوە. ڕێژیم وەک گورگی هاری لێ هاتبوو، چونکی بۆی دەرکەوتبوو کە تەنیا دوو پێشمەرگەن و لە بەرامبەریاندا ئاوا دەستەوەستانن.

ڕۆژە درێژەکان تێ دەپەڕین و ئەوان لەنێو خەڵکی خۆیاندا دەگەڕان و کاری خۆیان ڕادەپەڕاند و ببوونە هۆی دڵخۆشیی لەڕادەبەدەر و هاوکات سەرسامیی هەموو ئەوانەی دەیاندیتن. هێزەکانی ڕێژیمیش ڕۆژ نەبوو پیلانێک نەگێڕن، بەڵام هەموویان لێ مایەپووچ دەبوونەوە.

حەوتوویەک بوو ئەو دوو تێکۆشەرە لە ناوچە هەڵ دەسووڕان کە لەپڕ پەیامێکی دڵتەزێن لە ڕادیۆوە ڕوو بە ئەوان بڵاو بۆوە. پەیامەکە باسی شەهیدبوونی بەرپرسێک بوو و داواش لەوان کرابوو کە بگەڕێنەوە. دەبوو بڕیارەکە جێبەجێ ببا و ئەوانیش بە نیگەرانییەوە وەڕێ کەوتن. پاش ڕێگابڕینێکی زۆر، بەرەبەیان لە شوێنێک مانەوە. هێزێکی زۆر و پۆشتە و پەرداخی ڕێژیمیش پێش ئەوان خۆی لەوێ ملاس دابوو. پێشمەرگەکەیان یەکیان نوست و ئەوی دیکەیان لەسەر هەست. لەپڕ جاشێک بێ چەک و بەسواری وڵاغێک بەلایاندا تێ پەڕی. پێشمەرگەکە پرسی بۆ کوێ دەچی و خەڵکی کوێی؟ وەڵامی داوە «شوانم و دەچمە لای مەڕی.» جاشەکە پرسی ئەدی تۆ لێرە چ دەکەی؟ پیشمەرگە لە وڵامدا گوتی: «چاوەڕێی بارین بۆمان بێ.» بەڵام نە شێوەی قسەکردن و نە جلوبەرگی لەوە نەدەچوو قاچاغچی بێ... خۆر بەرز بۆوە و دەنگی فیشەک بیسترا. پیشمەرگەکان جێگایان گواستەوە بۆ شوێنێکی بەرزتر. ڕەوەی جاش بەرەو شوێنی پێشووی پیشمەرگەکان هاتن و جارێکی دیکەش بەسەر هەواری خاڵیدا کەوتن.

کاتژمێری یەکی نیوەڕۆ و لە کاتێکدا بارودۆخەکە ئاسایی دەبیندرا، هەڵەیەکی دوو پیشمەرگە کە نەدەبوو بیکەن کرا. ئەوان خۆیان پێچاوە و بۆ سەقامگیربوون لە شوێنێکی ئەمنتر کەوتنە ڕێ. تەنیا بیست خولەکێک ڕۆیشتبوون و لە کاتێکدا هەستیان بە مەترسی نەدەکرد، لە کانیاوێک ئاویان خواردەوە و بە تەمابوون لە قەدپاڵی چیاکە و لای شوانێک لابدەن هەتا نان و چایەکیش بخۆن. بێخەبەر لەوەی جاشەکانیش بۆ لای شوانەکە سەرکەوتبوون و زووتر گەیشتبوونە جێ. چەند هەنگاویان مابوو کە گوێیان لە غەڵبەغەڵب و دەنگێکی نامۆ بوو و خۆیان مات دا. «چییان لێهات؟ لە کوێن؟ بە کوێدا ڕۆیشتن؟» شوانەکەش لە وڵامدا گوتی « لێرەوە بەو لابەلایەدا هاتن ئاویان خواردەوە و نازانم چییان لێ هات تەنیا دوو کەسیش بوون!

پیشمەرگەکان بەبیستنی ئەوە و لە کاتێکدا دە میتریان نێوان نەبوو، زوو ڕێیان گۆڕی و خۆیان لەچاو ون کرد. هەڵبەت لێدان لە جاشەکان کارێکی ئاسان بوو و بەدەستیانەوە دەهات، بەڵکوو مەئمووریيەتی ئەوان شتێکی دیکە بوو و دەبوا خۆیان لە دەرگیری پاراستبا. چونکی لە ئەگەری هەر لێکدانێکدا هێزی پشتیوانی ڕێژیمیش دەگەیشتێ و بۆ ئەوانیش کە تەنیا دوو کەس بوون، کارەکە زۆر سەخت دەبۆوە.

ئەو ڕۆژە لەو داوە ڕزگاریان بوو، بەڵام ئەوە کۆتایی چیرۆکەکە نەبوو. ئەوان لە ڕێی گەڕانەوەدا لە جادەی بانە_سەردەشت پەڕینەوە و بە پشتی هەڵۆ و پەڕشە _کە ئەگەر کەسێک شارەزا نەبێ لەبەر بێئاوی دەخنکێ_ ملی ڕێگایان گرت و بەری بەیانی توانیان لە چۆمی ڕەزگێی سەردەشت بپەڕنەوە و زۆر بەنەهێنی و بە ئەسپایی بەرەو ئاوایی بچن.

ئەوان لە نیزیک ماڵێک گوێیان لە دەنگی ڕادیۆ بوو. ماڵەکە ڕادیۆی حیزبیان گرتبوو. ئەوان خۆیان بەو ماڵەدا کرد و خانەخوێ کە زانیی پێشمەرگەن لە خۆشییان خەنی بوون و بە خولقێکی زۆر گەرمەوە وەریان گرتن. لەوێ بوو زانییان کە ئەو هاوڕێیەیان کە بە دەستی ڕەشی تێرۆر شەهید بووە، فەرماندە حەمە نارستی بووە و ئەوەش خەمێکی قورس و گەورە بوو کە نیشتە سەر دڵیان.

دوو پێشمەرگەکەی حیزبی دێموکرات دوای حەسانەوە لە نێو کەشی ئەو خێزانە گەرمەدا ملی ڕێگایان گرتەوە بەر و بەرەو بنکەکانیان گەڕانەوە.



ڕەزا محەممەدئەمینی

# داهاتووی کۆماری ئیسلامی لەسایەی قووڵتربوونەوەی قەیرانەکاندا



کۆمەڵانی وەزاڵەهاتووی خەڵکی ئێران لە درێژەی ڕاپەڕین و نارەزایەتییەکانی خۆیاندا کە لە بەفرانباری ساڵی ڕابردوو لە دەیان شاری گەورە و بچووکی وڵات دەستی پێکرد و بوو بەهۆی شڵەژانی ئێران و ترس و دڵەڕاوکێی دەسەڵاتدارانی ڕێژیمی گەندەڵی کۆماری ئیسلامی، لە چەند ڕۆژی ڕابردوو بەملاوە بۆ جارێکی دیکە هاتنەوە سەرشەقامەکان و بە دانی درووشم بە دژی خامنەیی و دەسەڵاتدارانی دیکەی ئەو ڕێژیمە داپلۆسێنەرە، نیشانیان دا مکوڕن لەسەر ویست و داخوازەکانیان و گرتن و ئەشکەنجە و کوشتن و ڕاودوونان،

> زێدەڕۆیی نییە ئەگەر بڵێین ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی هیچکات وەک ئەو چەند مانگەی دوایی و پاش هاتنەدەری یەکلایەنەی ئەمریکا لە ڕێککەوتنی ناوکی «بەرجام» تووشی قەیران لە هەموو بوارەکاندا نەهاتووە

ناتوانێ بەچۆکیان دابێنێ و دەمکوتیان بکا.

هەر وەک دیتمان لەو چەند مانگەدا حەرەکەتە ئێعترازییەکان ئەگەرچی تا ڕادەیەک لەگوڕو تین کەوتبوون، بەڵام ئاگری ڕق و تووڕەیی خەڵکی وەک ژیلەمۆی بن خۆڵەمێش مایەوە و جارناجارێک لە چەند شوێن و شارێک و بە بۆنەی جۆراوجۆر سەری هەڵدەداوە. لەو پێوەندییەدا بەردەوامیی مانگرتنی کرێکاران لە کارگە و کارخانەکان و پێداگری لەسەر ویست و داخوازە سینفییەکانیان، درێژەکێشانی خۆپێشاندانی خەڵکی مایەپووچکراوی دامودەزگا ماڵییەکانی ڕێژیم و جووڵانەوەی ئێعترازیی خوێندکاران بە دژی گیران و حوکمدرانی خوێندکارە بەندکراوانی ڕاپەڕینەکانی بەفرانبار لەلایەن دەزگای قەزاییەوە و داخرانی ئەم دواییانەی بازاڕەکان و قەیرانی بەرزبوونەوەی نرخی دراوەکان لە ئاست تمەنی ئێران کە هەتا دوازدە هەزار تمەن بۆ هەر دولارێکی ئەمریکایی ڕۆیشت و بە گشتی داتەپینی ئابووری و چوونەسەرێی بێوێنەی نرخی پێداویستییە سەرەتاییەکانی خەڵکی، پیشاندەری ئەو ڕاستییە بوون کە ڕاپەڕینێکی دیکەی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران بەڕێوەیە و ڕەنگە لە ڕاپەڕینی بەفرانباری ڕابردوو بەتەوژمتر و بەرفراوانتر بێ و ئەمجارە کۆماری ئیسلامی نەتوانی خۆی لێ دەرباز بکا.

خەڵکی وەزاڵەهاتوو هاتوونەتە سەر ئەو باوەڕە کە ئەو ڕێژیمە گەندەڵە لە تەواوەتیی خۆیدا نەک هەر ناتوانێ بەسەر قەیرانی ئابووری، کۆمەڵایەتی و سیاسیی لەڕادەبەدەر کە بۆ خۆی خولقێنەری بوون زاڵ بێ و سنوورێک بۆ ماڵوێرانی و هەژاری و داماوی دەسکورتەکان و سەرکوت و زەبرو زەنگ و گرتنی ئازادیخوازان و چالاکانی بوارە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگە دابنێ، بەڵکوو لەڕاستیدا هیچ ویست و ئیرادەیەکیش لە نێو دەسەڵاتدا بۆ ڕزگار بوون لەو قەیرانانە نییە و ڕێژیم لێبڕاوە بۆ درێژەدانی دەسەڵاتی نگریسی خۆی لە سیاسەت و کردەوە دژی گەلییەکانی لە نێوخۆ و دەرەوە بەردەوام بێ.

زێدەڕۆیی نییە ئەگەر بڵێین ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی هیچکات وەک ئەو چەند مانگەی دوایی و پاش هاتنەدەری یەکلایەنەی ئەمریکا لە ڕێککەوتنی ناوکی «بەرجام» تووشی قەیران لە هەموو بوارەکاندا نەهاتووە. بەوحاڵەش دەبینین کۆماری ئیسلامی ئامادە نەبووە گوێڕایەڵی کۆمەڵگەی جیهانی لە لایەک و لەلایەکی دیکە ویست و داخوازییە ڕەواکانی گەلانی ئێران بێ. بەردەوامبوون لەو سیاسەتە چەوت و دژی گەلیانە بوو کە وای کرد بەر لە دەسپێکی یەکەم قۆناغی گەمارۆ ئابوورییەکانی ئەمریکادا بازاری «سهام» و زێڕ و ئەرزی ئێران بشڵەژێ، نرخی دراوی ئێران بە خێرایی دابەزێ و خەڵک کە متمانەیان بە بانکی ناوەندی و بەڵێنییەکانی دەوڵەت و ڕووحانی نەمابوو، ڕوویان لە کڕینی زێڕ و دراوەکان کرد. ئەوە لە حاڵێک دایە کە بەدڵنیاییەوە لە ئەگەری ملکەچنەبوونی ئەو ڕێژیمە سەرەڕۆیە و بەردەوامبوون لەو ڕێڕەوەی کە گرتوویەتە بەر، قەیرانەکان قووڵتر دەبنەوە و کۆماری ئیسلامی، داماوتر لە جاران، دەبێ بە پشتبەستن بە هێزە سەرکوتکەرەکانی خۆ لەبەرانبەر تەوژمی تووڕەیی و نارەزایەتیی کۆمەڵانی خەڵکی ئێراندا ڕاگرێ. هەر لەو چەند ڕۆژەی ڕابردوودا و لەبەرەبەری دەسپێکی یەکەم قۆناغی گەمارۆ ئابوورییەکانی ئەمریکادا دۆناڵد ترامپ، سەرۆککۆمار و مایک پۆمپێۆ، وەزیری کاروباری دەرەوەی ئەو وڵاتە چەند جاران باسیان لە دانیشتن و وتووێژی بێمەرج

> هەم خامنەیی و دەمڕاستەکانی نیزام و هەم ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی باش دەزانن ئەگەر قەرار بێ دانیشتن و وتووێژ لەنێوانیاندا هەبێ، ئەو لایەنەی دەبێ ملکەچ بێ و پاشەکشە لە سیاسەتە قەیرانخوڵقێنییەکانی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و لە نێوخۆ و لە بەرنامە ناوکی و مووشەکییەکانیدا بکا، کۆماری ئیسلامییە و ئەمریکا دەستی باڵای هەیە و هیچی نییە لەکیسی بدا

لەگەڵ دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی کرد. دیارە ئەو پێشنیارە هەرچەند لەلایەن ڕێژیمەوە ڕەت کرایەوە، بەڵام بەڕوونی دەرکەوت ئەو پێشنیارە درز و کەلێنی خستووەتە نێو ڕیزەکانی دەسەڵات و کەم نین ئەوانەی پێیان باشە بۆ ڕزگاربوون لەو قەیرانە و لێکەوتەکانی و هەروەها بەربەرەکانی لەگەڵ ڕاپەڕینی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران، لەگەڵ ئەمریکا دانیشتن و وتووێژ بکەن. لەو بەینەدا مۆرەکانی بەناو چاکسازیخوازی ڕێژیم دەزانن بەردەوام بوون لە بەربەرەکانی لەگەڵ ئەمریکا و درێژەپێدانی سیاسەتەکانی هەتا ئێستایان، ڕێژیم لە تەواویەتی خۆیدا بەرەو هەڵدێر و نەمان دەبا، بەڵام ئەوانە لە ترسی ناو و ناتۆرەی دەسەڵاتدارانی ڕاستەقینەی کۆماری ئیسلامی و لەبەر ئەوە کە بە دەیان و سەدان جار خومەینی و خامنەیی وتووێژ و دانوستانیان لەگەڵ ئەمریکا ڕەت کردووەتەوە، ناوێرن بەڕاشکاوی باس لە وتووێژ بکەن. لەبەرانبەریشدا سپای پاسداران و باڵی زاڵ بەسەر دەسەڵاتدا زۆر ڕاشکاوانە هەرچەشنە وتووێژ و دانیشتن لەگەڵ ئەمریکا ڕەت دەکەنەوە و تەنانەت بۆ خۆنواندن و چاوسوورکردنەوە چەند جاران هەڕەشەی داخستنی ڕێڕەوی دەریایی هورموزیان کرد و مانۆڕی دەریاییان لە کەنداو و دەریای عۆماندا وەڕێ خست.

دیارە پێشنیاری ئەمریکا بۆ وتووێژی بێمەرج مانۆڕێکی سەرکەوتوو بوو کە لەودا وەک دەڵێن» تۆپەکەیان لە دەروازەی کۆماری ئیسلامی هاویشت». هەم خامنەیی و دەمڕاستەکانی نیزام و هەم ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی باش دەزانن ئەگەر قەرار بێ دانیشتن و وتووێژ لەنێوانیاندا هەبێ، ئەو لایەنەی دەبێ ملکەچ بێ و پاشەکشە لە سیاسەتە قەیرانخوڵقێنییەکانی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و لە نێوخۆ و لە بەرنامەی ناوکی و مووشەکییەکانیدا بکا، کۆماری ئیسلامییە و ئەمریکا دەستی باڵای هەیە و هیچی نییە لەکیسی بدا. بەو حاڵەش ئەگەر کۆماری ئیسلامی بەردەوام بێ لە ململانێی خۆی لەگەڵ ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی لەلایەک پێگەی لەرزۆکی لە نێوخۆدا بەرەو دارمان دەڕوا، چونکە کۆمەڵانی هەژار و وەزاڵەهاتووی خەڵکی ئێران دەزانن و دەگەنە ئەو باوەڕە کە ئەو ڕێژیمە بۆ مانەوەی لە دەسەڵات و بەردەوامبوون لە سیاسەتەکانی خۆی کە هەتا ئێستا جگە لە چارەڕەشی و هەژاری بۆ خەڵک هیچ ئاکامێکی دیکەی نەبووە، ئامادەیە لەوە زیاتر هاووڵاتییانی خۆی لەو دۆزەخەدا بسووتێنێ، لەلایەکی دیکەش لە ئەگەری ملکەچنەبوونی ڕێژیمیش لە بەرانبەر تەوژمی نارەزایەتییەکانی گەلانی ئێران و گوشاری تاقەتپڕووکێنی گەمارۆکانی ئەمریکا لە سێ مانگی داهاتوودا، ئەوە بەدڵنیاییەوە لە قۆناغی دووهەمی گوشارەکان کە کەرتی نەوت و گاز، واتە شادەماری ئابووریی ئێران و سەرچاوەی سەرەکیی داهاتی ڕێژیم دەگرێتەوە، کۆماری ئیسلامی ئەگەر تا ئەوکات لەسەرپێ بێ، بەتەواوی بەچۆکدا دێ و خامنەیی وەک خومەینی ناچار دەبێ «ژەهراوەکە» بخواتەوە.

دیارە ڕووداوەکان زۆر خێرا تێ دەپەڕن و پێشبینی کردنیان سەختە و ناکرێ بەدڵنیاییەوە بڵێین ئەم سناریۆیە یان ئەوەی دیکەیان سەردەگرێ، بەڵام ئەوەی حەتمییە و ڕێژیم ناتوانێ خۆی لێ دەرباز بکا، ئەوەیە قووڵایی و پانتایی ئەو قەیرانە هەمەلایەنانەی کە بەرۆکی گرتوون ئەوەندەیە کە خامنەیی و سپای پاسداران ناتوانن لێی دەرباز بن و ئەو ڕێژیمە چ لەگەڵ ئەمریکا ناچار بە وتووێژ و دانوستان بێ و چ بەردەوام بێ لە سیاسەت و کردەوەکانی، چارەنووسی هەر نەمان و ڕووخانە؛ بەتایبەت کە لەلایەک شەپۆلی نارەزایەتیی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران لە بارودۆخی نالەباری ژیان و سیاسەتی دژی گەلی ئەو نیزامە گەندەڵ و نابەرپرسە دەستی پێکردوەتەوە و پووشبەسەرکردن و کووژاندنەوەی بۆ هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم زۆر ئەستەم و زەحمەتە، لەلایەکی دیکەش دەوڵەتی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی لێبڕاوانە هاتوونەتە ئەو باوەڕە کە چیدی سەرەڕۆیی و مەزنخوازییەکانی ئەو ڕێژیمە لە ناوچە قەبووڵ نەکەن و کۆماری ئیسلامیی ئێران تەواوی ئەو سیاسەت و کردەوانەی کە بوونەتە هەڕەشە لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و دەستێوەردان لە ناوچە قەیراناوییەکان و هاوکاری دەستە و تاقمە تێرۆریسییەکانی وەک حیزبوڵڵای لوبنان دەبێ وەلابنێ، هێزەکانی قودسی سپای پاسداران لە سووریە و عێراق و یەمەن بکشێنێتەوە و بەرنامە مووشەکییەکانیشی سنووردار بکا. لە نێوخۆی ئێرانیش واز لە سەرکوت و گرتن و کوشتنی چالاکانی سیاسی و ئازادیخوازان بێنێ و ڕێز لە مافی مرۆڤ و بۆچوونی نەیارە سیاسیەکانی بگرێ. لە ئەگەری وەها پاشەکشەیەک دایە کە سزا ئابوورییەکان لەسەر کۆماری ئیسلامی هەڵدەگیرێن و دۆخێکیتر بۆ ئێران و کۆماری ئیسلامی دێتە ئاراوە کە دەتوانێ لە قازانجی گەلانی ستەملێکراوی ئێران بێ.


# هەڵاڵە و ئارەزوویەکی ترساو

## خوێندنەوەیەکی ڕۆمانی «گرەوی بەختی هەڵاڵە»ی «عەتا نەهایی»

(٣-١)



لەیلا سالحی



### ژن و ڕۆمان

ژانری ئەدەبیی ڕۆمان یەکێکە لە بەهێزترین ژانرە هەڵبژێردراوەکان لەلایەن کۆمەڵگەوە، کە دەکرێ گرینگترین بەرباسە کۆمەڵایەتییەکان و هەر وەها کێشەی ژنیش تێیدا ڕەنگ بداتەوە. دەشکرێ لە دەلاقەی ڕۆمانەوە بە باشی سەیری دۆخی جێگە و پێگەی ژن بکرێ و لێکۆڵینەوەی بۆ بکرێ. بەڵام ئاخۆ لێکدانەوەی ئەو باسە دەتوانی چ بایەخێکی هەبێ؟

دیارە هەر شوێنەوارێکی ڕەسەنی هونەری داکۆکی لە جۆرێک ئامادەبوونی مرۆڤ لە جیهاندا دەکا و وێڕای ئەوەش لەسەر زەینییەتی کۆمەڵگە شوێن دادەنێ. بە وتەی «فێرکلۆ» ئەو شوێن دانانە ئیدئۆلووژیک و کۆمەڵایەتییەی کە تێکستەکان لەسەر گۆڕانی شوناسەکان هەیانە چاوپۆشییان لێ دەکرێ. بابەتی دووهەمیش ئەوەیە کە ئەو دەقانە باشترین شایەتحاڵن بۆ ڕادەربڕین لەمەڕ پێکهاتە و پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان. بابەتی سێهەم ئەوەیە کە لێکدانەوەی ئەو دەقانە دەتوانێ ئاڵوگۆڕە کۆمەڵایەتییەکان تەنانەت بە پێی مێژوو بۆ بەردەنگ بنوێنێ. بە وتەی «فێرکلۆ» کۆنتڕۆڵی دەسەڵاتە کۆمەڵایەتییەکان و ڕووبەڕووبوونەوە دژی ئەوان، ئەوڕۆکە زیاتر لە هەموو شتێک لە دەقەکان چاوەڕوان دەکرێ، کەوابوو دەکرێ بڵێین بە لێکدانەوەی دەقی ڕۆمانی «گرەوی بەختی هەڵاڵە» لە نێوان دێڕەکانی ئەو ڕۆمانەوە، شوێن پێی هەڵدانی کۆمەڵایەتیی ژنان هەڵگرین و پێکهاتەی هێزەکانی دژەژن بناسین و چاوەڕوان بین وەک دەقێکی ئەدەبی یان وەک هونەری کەلام کۆنتڕۆڵی کۆمەڵگە بکا.

هەرچەندە لێرەدا نامهەوێ باس لە ڕیسالەتی هونەر یان ئەدەبیات وەک لقێک لە هونەر بکەم، بەڵام پێویستە بڵێم یەکێک لەو یەکەم لێکدانەوانەی لەمەڕ هونەرەوە خراوتە بەر دەست ئەوە بووە کە هونەرمەندان ویستوویانە نیزامێک لە نیشانەکان و لە ئاکامدا زمانێکی تایبەت بئافرێنن. زمان کەرەسەی پێوەندییە و ئەو شتەیە کە بوار بە ڕووحە ئاوماڵەکان دەدا تاکوو سنوورەکانی تەنیایی خۆیان تێک بشکێنن و لەگەڵ یەکتری پێوەندی بگرن، لەیەکتری تێ بگەن و نێوانیان هەبێ و وێکڕا هەڵ بکەن. کەوابوو زمان هۆکاری یەکگرتووییە. ئەگەر هونەر بتوانێ زمان بێت، دەتوانێ ئامرازی یەکگرتوویی کۆمەڵایەتیش بێت و وێڕای ئەوەش چونکە لێرەدا ئێمە لەگەڵ نیزامێک لە سێمبولە عاتفییەکان ڕووبەڕووین، یەکگرتووییەک کە بەو جۆرە پێک دێ لەوەی وا بە هۆکاری وشەکان واتە کەلام پێک دێت، پتەوتر و نزیکترە. ئەو یەکگرتنە عاتفییە لە پێوەندی هەمبەری خەڵکی لێکدابڕاو تێ دەپەڕێ و دزە دەکاتە ویژدانەکانەوە و بەبێ ئەوەی بزانن لێکیان نزیک دەکاتەوە. هونەر نەتەنیا یەکگرتووییەکی قووڵتر و چڕتر لە زمان بەدی دێنێ، بەڵکوو چون زمانێکی جیهانییە، ئەو یەکگرتووییە یەکجار بەرینتر و شیاوترە. بۆ وێنە لە وڵاتی «لەهێستان»دا، ئەوە ئەدەبیات و وێنەکێشان بوو کە بوو بە هۆی یەکگرتوویی نیشتمانپەروەرەکان و ڕووحی نەتەوەیی خەڵکی لە هەمبەر توانەوە لە کولتووری داگیرکەراندا زیندوو ڕاگرت. هەروەها هەستی جوانیناسی بە تایبەت ئاهۆیەکی بەلەزی کۆمەڵایەتییە و خۆشییەکی هاوبەش بۆ هەموو بەردەنگان بەدی دێنێ.

بەو پێیە، ئەدەبیاتیش وەک هونەری کەلام بمانەوێ و نەمانەوێ کۆمەڵگە لێک نزیک دەکاتەوە و نووسەر بیهەوێ و نەیهەوێ، یان ڕوانگەی بە نیسبەت ڕیسالەتی هونەر هەر شتێک بێ، ناتوانێ نکۆڵی لەوە بکا کە لە کۆمەڵگە دابڕاوە و هەرچی هەیە هەر زەینی ئەو و جووڵەی قەڵەمە و بە هیوای هیچ نییە.

«گرەوی بەختی هەڵاڵە»ش یەکێک لەو نیزامە زمانیانەیە کە هونەر خوڵقاندوویە و تێیدا کێشەی ژنی کورد کە هەوڵ دەدا بۆ گەشەکردن، ورووژاوە.

نووسین لەمەڕ ژنەوە بەبێ ڕوانگەیەکی پێکهاتەیی و ڕوانین بە بواری مێژوویی چارەنووسی نەتەوەیەک، دەستەبەر ناکرێ. لەلایەکی دیکەشەوە ئەمڕۆ گوتاری ژن، گوتارێکی جیهانییە و لە وڵاتی ئێمەش گوتاری ژنان گەشەی کردوە و بووە بە یەکێک لە زۆردارترین سەردێڕەکان بۆ لێکۆڵینەوە. گوتن و نووسین لەمەڕ ژنەوە ئەوڕۆ ئیتر کارێکی ژنانە نییە، بەڵکوو کارێکی کۆمەڵایەتی و کولتووری و تەنانەت پێوەندیدارە بە لایەنە پۆزیتیڤەکانی نەتەوەیەکەوە.

لە دوو دەیەی پێشوودا ڕێژەی نووسینی ئەو ڕۆمانانەی کە لە وێدا ژنان ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕن و بە واتایەکی دیکە قارەمانی چیرۆکەکەن بەردەوام لە زۆربوون دایە و ئەو دۆخە کوردوستانیشی گرتۆتەوە.

دیارە ئەو پرۆسەی نووسین لە سەر ژن و بەرباسەکانی پێوەندیدار بەوەوە تەنیا بەپێی بە ئاهۆبوونی مودێلێکی ئەدەبی یان هونەری نییە و ناکرێ پێویستیە کۆمەڵایەتییەکان لێرەدا لەبەرچاو نەگیرێ. هەروەک پێشتر گوتمان تەنانەت نووسەری ڕۆمانە فانتێزییەکانیش هەرگیز ناتوانن لە کۆمەڵگە داببڕێن و هەمیشە یەکێک لە هاندەرە سەرەکییەکانی نووسەر بۆ خوڵقاندنی بەرهەمێکی هونەری، ئەو کۆمەڵگەیەیە وا نووسەر تێیدا دەژی.

### ژن لە بەشێک لە بەرهەمە ئەدەبییەکانی کوردی بەر لە «گرەوی بەختی هەڵاڵە»دا

هەر وەک پێشتر گوترا، نووسین لەسەر کەسایەتیی کۆمەڵایەتیی ژن بەبێ ئاوڕدانەوە بۆ مێژووی کۆمەڵگەی ئەو ژنەی وا بڕیارە باسی بکەین دەستەبەر ناکرێ. کاتێک دەگەڕێینەوە سەرەتای مێژووی ئەدەبی کوردی بەر لە هەموو دەقەکان تیشک دەخەینە سەر کەسایەتیی ژن لە تراژێدی «مەم و زین»ی ئەحمەدی خانی، بەڵام بەهۆی ئەوەی کە شایەتە ئەدەبییەکان بەناوبانگ و ناسراون ئیتر پێویست نییە لێرەدا کورتەی گێڕانەوەکان بخەینە بەردەست. لە ڕاستیدا ئەو چیرۆکە تراژێدییایەکی ئەویندارانەیە کە ژن لەوێدا جگە لە گێڕانی ڕۆڵێکی عاتیفی و ئەویندارانە، بە تەواوی بێدەستەڵاتە و ناتوانی بارودۆخەکە لە بەرژەوەندیی خۆی بگۆڕێ و بە هۆی ئەو بێدەسەڵاتییەوە، پیلانگێڕی دەوروبەری، وێڕای عاشقەکەی ڕووبەڕووی مەرگی دەکەنەوە و تەنانەت زۆر بە سانایی مافی ژیانی لێ زەوت دەکەن. لەو ڕیواتەدا ژن تەنیا لە پێناو دەستەبەرکردنی مافی هەڵبژاردنی هاوبەش بەدڵی خۆی ڕووبەڕووی مەرگ دەبێتەوە و کۆمەڵگەکەی کە لە قالبی بەکرەشۆڤاردا خویا دەبێ، بواری ئەوەی پێ نادا، ئەو ئامانجە سەرەکییەی کە لەو تراژێدیایەدا بۆ ژن دیاری کراوە تەنیا لە ئاستی گەیشتن بە دڵدار و پێکهێنانی بەختەوەری بنەماڵەیی دایە، بەڵام وەک گوتمان کۆمەڵگای «زین» ئەوەندە گەشەی نەکردووە کە تەنانەت ئەو مافە ساکارەی پێ ڕەوا ببینێ و لە ئاکامدا تێکی دەشکێنێ.

لە ڕۆمانی «ژانی گەل»ی برایم ئەحمەددا، کاراکتەرە ژنەکانی ڕۆمانەکە تەنیا کارکردی ژنانەی یەکجار لاوازیان هەیە، بە شێوەیەک کە زۆر جاران خودی کاراکتەرە ژنەکان مافەکان لە نزیکترین کەسانی مێیینەی خۆیان قەدەغە دەکەن و جگە لەوەش خودی ژنەکان تەنانەت خۆیان بە شیاوی مافی هەبوون نازانن. بۆ وێنە کاتێک کاڵێ لەگەڵ جوامێری هاوسەری قسە دەکا، ئارەزوو دەکا منداڵەکەی کوڕ بێت و وەک خۆی دەڵێ پێی حەیفە پاشی ئەو هەموو ئازار چەشتنە کچی بێت. ئەوەش لە کاتێک دایە پێشتر کە جوامێر خوازبێنی لە کاڵێ دەکا، کاڵێ هیچ ئیزن بە خۆی نادا وڵامی بداتەوە و پێی دەڵێ ئەوە دایکێتی کە دەبێ بڕیار بدا.

ئەو کۆمەڵگەیەی لە ڕۆمانی «ژانی گەل»دا هێڵکاری کراوە، کۆمەڵگەیەکە کە ناهێڵێ ژنان لەمەڕ چارەنووسی خۆیانەوە بڕیار بدەن و ئەوانیش لە خۆیان ڕانابینن کە بۆبەدیهێنانی ئاڵوگۆڕ لە ژیانی خۆیاندا هیچ هەوڵێک بدەن و وەک «پیرۆز»ی دایکی کاڵێ دەڵێ: «خودا یار و یاوەری بێ پەناکانە و تەنیا ئەوە کە چارەنووسەکان ڕێک دەخا.» ئیتر ژن بە تەواوی لە بەندی جەبری ژیان دایە، لە کاتێکدا هەر لەو ڕۆمانەدا کاراکتەرێکی نێرینە هەیە کە ئەو باوەڕە ڕەت دەکاتەوە و خودی مرۆڤ بە سەرچاوەی هەڵکشان و گەشە کردن دەزانێ. واتە کۆمەڵگە پیاوی بەو قەناعەتە گەیاندووە کە خۆی خاوەنی چارەنووسی خۆیەتی، بەڵام ژن یەستا هەر پێی وایە نابێ بۆخۆی هیچ بکا. لەولاشەوە لە نێوان گەرماوگەرمی کێشە و ئاڵۆزییەکادان ژنان بە هۆی کێشە جەستەییەکانیانەوە دەبێ تیدا بچن و ئیتر یەکجار بێ دەسەڵات و بەستەزمان دێنە بەرچاو.

لە ڕۆمانی «پێشمەرگە»ی دوکتۆر «ڕەحیم سەیفی قازی»دا کە لە دەمەدەمی سەرهەڵدانی پرسە سیاسییەکانی کوردستان و لە زەمانی پەهلەویی دووهەمدا نووسراوە، کاراکتەری ژن لە قالبی «مرۆت» و پیرێژنە فێڵبازەکەی جیرانیدا خویا دەبێ کە کۆمەڵگە تەنانەت مافی پاک مانەوە لە مرۆت دەستێنێ و لە باری جنسییەوە دەستدرێژی دەکرێتە سەر و ئەوەش هەموو بە هۆی بەدزاتیی پیرێژنەکە و دەسەڵاتی زاڵمانەی «میناغا»ی ئاوایییەوەیە و لە ئاکامدا مرۆت وێڕای ئەوەی کە هیچ ڕۆڵێکی نەبووە لەو کارەساتەدا و بێ ئەوەی بیهەوێ تووشی بووە، دەبێ خۆی بکوژێ، بۆ ئەوەی ئابڕووی خۆی لە ڕیوایەتەکەدا بکڕێتەوە.

کاتێک دەڕوانینە ڕۆمانی «ئێوارەی پەروانە«ی بەختیار عەلی، هەر چەندە دەکرێ بڵێین ژنانی ئەو ڕۆمانە بە بەراورد لەگەڵ گێڕانەوەکانی پێشوو هەندێک لەباری کۆمەڵایەتی و ناسینی مافی خۆیانەوە گەشەیان کردووە، تەنانەت ئەوان ئەو دۆخەی ژیانی خۆیان پێ قەبووڵ ناکرێ و هەوڵ دەدەن لە سازکردنی یۆتۆپیای تازەدا کە شارێکە بۆ ئەویندارەکان، بەشدار بن و تەنانەت بە بەهای گیانیشیان ئەو شتە دەکەن. بەڵام ئەوەی لێرەدا بەربەستیانە، ڕاستەوخۆ کولتووری کۆمەڵگە نییە بەڵکوو بە گوتەی «نیچە» ئەوە «دین یاران»ن کە دەبنە بەربەستی ئارەزووی کچان و کوڕانی یاخی و عاشق. «مەلا کەوسەر» وەک سێمبولی ئایینێک کە هەرگیز بوار بە بارهێنانی ئەوین و خۆشەویستیێ نێوان دوو ڕەگەزی نێر و مێ نادا، دەرهێنەری سەرەکی شانۆی پیلانەکە بە دژی ئەویندارانە ژیانە؛ کەچی دیسانیش ئەوە کچانن کە وێڕای عاشقەکانیان هیوابڕاوانە ڕووبەڕووی مەرگ دەبنەوە و دیسان کاراکتەرە ژنەکان هەر دەمرن و نووسەر نەیتوانیوە بیان پارێزێ.

هەڵبەت پێویستە بگوترێ کە لە کتێبی »لە ڕۆمانەوە تا نەتەوە«ی هاشم ئەحمەزادەدا، بە وردی و هاوتەریب لە گەڵ ڕۆمانە کوردییەکان، هەندێ لە ڕۆمانە شازەکانی فارسیش لە باری نێوەڕۆکەوە و هەروەها ڕوانینیان بۆ کێشەی ژن هەڵسەنگێندراون کە لێرەدا پێویست بە دووپات کردنەوەیان ناکا.

بەڵام لەو دەقانەشدا هەر وەک ئەوانی پێشوو، ژن لە ئاستێکی کۆمەڵایەتی یەکجار نزمدا پەروەردە کراوە کە زۆر جار هەڵسوکەوتی مایەی نەنگ و شوورەییە و ناتوانێ بەدەر لە چوارچێوەی خواستەکانی بنەماڵە ئارەزوویەکی دیکەی هەبێ و ئەگەریش ڕووبەڕووی مەرگ نەبێتەوە، ئەوە ژیانێکی جێی بەزەیی و لێقەوماوانەی هەیە.

* لە ماڵپەڕی ئەنجومەنی ئەدەبیی بۆکان وەرگیراوە




---

# فەتانە و دەنگە ئەهوورایییەکەی



ئەنوەر عەزیزیان



کێ بێ و گوێی بۆ گۆرانییەکی فەتانە نەگرتبێ و ئاوپڕشکێنی دڵی نەکرابێ؟ هونەرمەندێک کە ناوەکەی و دەنگە ئەهوورایییەکەی ئاوێتەی چارەنووسێکی تاڵ و ناخۆش بووە.

فەتانە وەلیدی، هونەرمەندی دەنگخۆش و ناوداری کورد ساڵی ١٣٢٢ی هەتاوی لە شاری سنە چاوی بۆ ژیان کردەوە، لە تەمەنی حەوت ساڵیدا دەرگای قوتابخانەی بە ڕوودا دەکرێتەوە و، هەر لەو تەمەنە شیرینەوە لەگەڵ ئەوینی ئاواز و مۆسیقا تێکەڵ دەبی و ڕۆژ لەدوای ڕۆژ زیاتر بە ناخی ئەم خۆشەویستییەدا شۆڕ دەبێتەوە و زۆر بەخێرایی قۆناغەکانی سەرەتایی دەبڕێ و تواناکانی دەردەکەون.

فەتانە لە تەمەنی مێرمنداڵیدا سەرنجی مامۆستایانی بواری مۆسیقی بۆ لای خۆی ڕادەکێشێ و بەچەشنی کۆلکەزێرینەی پاش باران لە ئاسمانی ئاویەرەوە دەخزێتە نێوگۆڕەپانی شاری سنەی لانکی گۆرانی و هۆنراوە و دڵی ئۆگرانی ئاواز و مۆسیقای گەلە زمان زەوتکراوەکەی بە گۆرانییەکانی دەلاوێنێتەوە.

ئەم هۆزانە بە حەنجەرەی زێڕین و چریکە ئەهوورایییەکەی پتر لە ٦٠ گۆرانیی لە ڕادیۆ سنە و کرماشان و تاران تۆمار کردوە و چەپکێکی تری لە گوڵ خستۆتە سەر خەرمانی زمان و ئاوازی کوردی. ئەو گۆرانییانەی ناوی فتانەیان خستە سەر زار و زمانان و گەیاندیانە پێگەی بەرزی هونەری، بریتین لە، «سەبری گوڵ فرۆش»، «ئامان شیرین گیان»، «ئەی یاری نازدار»، «دیدەی گریان»، «لەسەر کانی» و، «لای لای گوڵم لای»... کە تا ئێستا بە نەمری ماونەتەوە و زۆرن ئەو کەسانەی کە سەردەمانێکی شیرینیان لەگەڵ ئەو ئاوازانەدا بەسەر بردووە.

فەتانە لە درێژەی ئەم ڕێگەیەدا گوڵی باخی دەپشکوێ و هێندەی تر بەرامەی خۆشەویستیی ئەم خولیایەی لێ دەنیشێ، گۆرانیی «لای لای گوڵم لای لە باغی سینە.. ئارام بنیشە شادی بوینە»، ئەو ئاوازەیە کە نەرم و نیانیی دایکانی کورد وێنا دەکا و، ئامۆژگاری و خۆشەویستییان بە تاسەوە وەبیر دێنێتەوە، کە سەرنجی هەر مرۆڤێکی خاوەن هەست دەجووڵێنێ و، نوقمی داستانی لە خۆبوردوویی و شەونخونیی دایکانی جگەرسۆز دەبێ...

فەتانە لە دەرئەنجامی ئەو ئەوینەوە بەرگی ئاڵای پڕ بەباڵای سەربەستی دەپۆشی و، بەو پەڕی بوێرییەوە وەک هێمایەکی درەوشاوە دەرکەوت و کابووسە نەریتیەکانی تێک شکاند، ئاخر ئەو سەردەمەی فەتانە هاتە گۆڕەپانی ئاوازەوە، ئافرەتانی بڕوارەنگین و داهێنەری وڵاتەکەی حەز و خولیاکانیان لەژێر دەسەڵات و هەیمەنەی پیاوسالاریدا دەچەوسانەوە و هومێدێک بۆ ژیانی یەکسانی و بەرابەریی ژن و پیاو بەدی نەدەکرا، هەر بۆیە شایانی ئەوەیە وەک ڕچەشکێنێک ناوی بەرین و یادی بکەینەوە...

ئەم هونەرمەندە لە کەنار خوڕەی کانیاو و جریوەی مەل و سروشتی دەگمەنی سنەی ئازیز سەری هەڵ دا و لە سپێدەی بەیانیدا هونەر و، زانستی وێکڕا نەشونەمایان کرد، سەرەنجام لە هونەرستانی عالیی تاران بڕوانامەی لیسانسی هونەری وەدەست هێنا و پتر ئەم هیوایەی تێدا گەشایەوە و ڤەژەنی ئەم هەناسەیە بوو بە مایەی سەرنجی ژەنیارەکانی بواری موزیک و خۆی لە جیهانێکی بەربڵاوتری ئاوازدا دیتەوە و، ویبڕاتۆی سۆزی ئەهورایی لە زۆربەی تۆنە موسیقاییەکانا ڕەنگی دایەوە و بە شێوازێکی سەرکەوتوانە ئەم ڕێگە سەخت و ناهەموارەی بڕی.

فەتانە لە هەواری ئەم کوێستانەوە سەری بە هۆبە و ڕەشماڵانی دوندی چیا و پێدەشتی کاکی بە کاکیی زێدی بابانی دادەکا و، بۆنی گوڵ و کەما و مەندۆک لەگەڵ تریفەی ئەستێرە و خەرمانەی مانگ لە هەستیا خۆ دەنوێنێ. ئەم گشتە جوانییە لە ئامێزی ئەشقێکی سەربزێو ئەگیرسێتەوە و وەرزێکی نوێ لە سروشتی ژیانی دەست پێ دەکا، ئیتر فتانەی هونەرمەند ئاواز بۆ مەبەستی دەچڕێ و ژوانی دڵدار و چپەی حەزێکی شەیدا گۆمی مەندی خەیاڵەکانی دەشڵەقێنێ و، شەوان خەو بە بزەی شیرینی یارەوە ئەبینێ و، ڕۆژانی لە زەمزەمەی گۆرانی و ئاوازا کۆرپەی خۆشەویستیی ئەم هیوایە ڕادەژێنێ...


بەمجۆرە ئەشقێک لە چەشنی ئەوینی وەلی دێوانە بەرۆکی دەگرێ و سەراپای وجوودی دادەپۆشێ، بەڵام لەپڕ ئەم ئەوینە بزر دەبێ و، ماوەی چەند ساڵ بە پێوشوینی ئەم ئەشقەدا دخولیتەوە و، هیوابڕاو هەناسەسارد، لەگەڵ خەو و خەیاڵیا بەسەر ئەبا و، دەست لەئەژنو چاو لە ڕێگا، خەمی ئەوین گەورە دەکا و دەیخەملێنێ و، جارجار بزەی کزی شەرم لەگەڵ ڕابردوویدا دەدوێ و وەسفی لەتوانای ئاواز و هونراوەکان تێ دەپەڕێ و ئەم نەوایە ڕۆدەچێتە دەروونێکی وێرانەوە و لە تەمەنی ٢١ ساڵیدا بولبول باخی لەبیر دەکا و هێلانەی چۆل بە چلووکی دارەوە بەجێ دێڵێ. لەو کاتەوە دەستەودامێنی شەماڵ و زریانە بۆ تاقانەکەی، مەخابن، خەڵوەتخانەی دەروون وێڵە بە شوێن عینوانەوە و کەس هەواڵی ئەم بێدەنگییە نازانێ و بە غەیری دڵی، سێڵاوی هیچ بارانێک ئەم بەستێنە ناشواتەوە و، خرۆشانی ئەم زەریایەش ڕاناوەستێ و بە لرفەی ئەم شەپۆلانە بەرەو دیاری دوور لە خۆی ڕای دەماڵێ و لە کەناری بیابانێکی قاقڕا بە تەنیایی بەجێی دێڵێ و لەو ساتەوە بە جێژوانگەی چۆڵ و خەیاڵا ئەڕوانێ..

KURDISTAN
The Organ of Kurdistan Democratic Party-Iran
NO: 731 6 August 2018

مالپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ڕۆژنامەی «کوردستان» لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:
www.kurdistanukurd.com
info@kurdistanukurd.org info@kurdistanukurd.com
www.kurdch.tv: Yahsat 1A @ 52.5° East MHz 11958
polarization: Vertical -27500 FEc : 7/8
Radiodk59@gmail.com

ئیمەیل و تەلەفوونی تەشکیلاتی نهێنی:
+9647507548621
Tashkilat.kdp92@gmail.com

## پۆلێکی دیکە لە لاوانی کوردستان هاتنە ڕیزی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە







ڕۆژی چوارشەممە ٣ی گەلاوێژ ڕێورەسمێک لە فێرگەی سیاسی_ نیزامیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە بۆنەی کۆتایی هاتنی دەورەی ٢٢٨ی سەرەتایی پێشمەرگە بەڕێوەچوو. لە کۆتایی ئەم ڕێورەسمەدا پۆلێکی دی لە لاوانی کورد بەرگی پیرۆزی پێشمەرگایەتییان بەخشی و لە ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتدا سازمان دران.
لەو ڕێوڕەسمەدا برایم چووکەڵی، بەرپرسی فیرگەی سیاسی_ نیزامیی حیزب وتارێکی پێشکێش کرد و ڕێزی لەو لاوانە گرت کە بۆ خەباتی سیاسی و نەتەوەیی و لە پێناو دەستەبەری ماف و ئازادییەکانی خەڵکی کوردستاندا، ڕیزی تێکۆشەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانیان هەڵبژاردوە.
ئەو ڕێوڕەسمە بە سروود و گۆرانی، چالاکیی پێشمەرگانە و هەروەها پێدانی چەکی پێشمەرگایەتی بە بەشدارانی دەورەی ٢٢٨ درێژەی پێ درا.

## بەشداریی هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ڕێوڕەسمی یادی ڕۆژی کۆیەدا



ڕۆژی چوارشەممە ١٠ی گەلاوێژ، هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە سەرپەرستیی کەماڵ کەریمی، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ڕێورەسمی تایبەت بە ٤٩ی ساڵەی ڕۆژی کۆیەدا بەشدارییان کرد.
ڕێورەسمی یادی ڕۆژی کۆیە تایبەتە بە کۆمەڵێک چالاکیی کولتووری وهونەری بە مەبەستی ناساندنی زیاتری شاری کۆیە و تایبەتمەندییەکانی.
هەیئەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان وەکوو وەفا نواندنێک بە نیسبەت خەڵکی نەتەوەیی و خەمخۆری کۆیە کە ساڵانێکە ڕێز لە تێکۆشەرانی دێموکرات دەگرن، وێڕای بەشداریکردنی لەو یادەدا، پیرۆزبایی خۆی ئاراستەی بەڕێوەبەران و ڕێکخەرانی ئەو یادە کرد. هەروەها لە درێژەی ڕێوڕەسمی کولتووری و هونەریی یادی کۆیەدا جیا لە ئەندامانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان، منداڵانی بەهرەمەندی حیزبیش، چالاکیی هونەرییان بەڕێوە برد.

## کتێبی «ئەفسانە کوردییەکان» وەرگێڕدرایەوە سەر زمانی کوردی



کتێبی «ئەفسانە کوردییەکان» لە نووسینی نووسەرێکی بیانی و وەرگێڕانی قەڵەمبەدەستکی شاری سەقز چووە سەر ڕەفعەی کتێبخانەی کوردییەوە.
کتێبی «ئەفسانە کوردییەکان» کە «مارگاریتا ڕۆدنکۆ» نووسیویەتی، دوای وەرگێڕانی بۆ سەر زمان فارسی کراوەتە کوردی و ئەم کارەش «ڕەسووڵ حوسێنی»، نووسەر و وەرگێڕی شاری سەقز کردوویەتی.
«ئەفسانە کوردییەکان» پێشتریش لەلایەن نووسەر و وەرگێڕی بەتوانای کورد، «وریا ڕەحمانی»یەوە لە زمانی فەڕانسییەوە کرابووە کوردی و دەزگای چاپ و بڵاوکراوەی «ئیدیلیڤر»، لە شاری پاریس چاپ و بڵاوی کردبۆوە.

## کچە وەرزشکارێکی کورد پلەی دووهەمی تێکواندۆی جیهانی وەدەست هێنا



کچە وەرزشکارێکی کوردی خەڵکی شاری سەقز توانیی لە کێبڕکێی جیهانیی تێکواندۆ کە لە وڵاتی کورەی باشوور بەڕێوە چوو، پلەی دووهەم بە دەست بێنێ.
نیان شامحەممەدی ئەو سەرکەوتنە و خەڵاتی زێوی ئەو کێبرکێیەی لە بیست و شەشەمین خولی کێبرکێی جیهانیی تێکواندۆدا دەستەبەر کرد کە لە شاری «ججو»ی وڵاتی کورەی باشوور و بەبەشداریی سەدان وەرزشکاری زۆربەی وڵاتانی جیهان بەڕێوەچوو.
خاتوو نیان شامحەممەدی لە بەشی «سوننالی خێرا»دا توانیی میداڵی زێوی کێبرکێیەکان لە گرووپی تەمەنیی ١٩ هەتا ٣٩ ساڵدا بۆ خۆی مسۆگەر بکا.







## بەر لە ماڵاوایی

# بەندیخانەکان لە بەندیخانەیەکی گەورەتردا



عەلی بداغی

ئەگەرچی مێژووی دروستبوونی بەندیخانەکان بۆ سەردەمانی یەکجار کۆن لە کۆمەڵگەی مرۆییدا دەگەڕێتەوە، بەڵام ڕوونە بەندییەکان ئەوانە بوون یاسا و ڕێسا باوەکانی کۆمەڵگە، یان دەسەڵاتیان ژێرپێ ناوە و پێملی نۆرم و قانوونەکانی کۆمەڵی خۆیان نەبوون، یان ئەوەی لە دژی دەسەڵات سەربزێوییان کردوە. لەگەڵ پەرەسەندنی کۆمەڵ و پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن و داڕشتنی قانوون و ئیلتیزامەکان بۆ سەقامگیریی ئەمنیەتی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگە مرۆییەکاندا، مانا و چییەتیی بەندی و بەندیخانەکانیش گۆڕانی بەسەردا هات. لە هەر حاڵدا و لە چەمکە گشتییەکەیدا بەندیخانە شوێنێکە بۆ جیاکردنەوەی کەسانێک کە بوونیان لە نێو کۆمەڵدا زیانی هەیە بۆ پێوەندییە گشتییەکان و مەبەست لە ڕاگرتنیان لەو شوێنانەش بارهێنان و گەڕاندنەوەیان بۆ کۆمەڵگەیە.
یەکەم بەندیخانە لە شێوەی ئەمڕۆییەکەیدا لە ئێران بۆ سەردەمی قاجارەکان دەگەڕێتەوە کە لەسەر دەستی ئەمیرکەبیر و بەمەبەستی ڕێکوپێککردنی کاروباری گرتنگەکان و بارودۆخی بەندییەکان بڕیاری لەسەر درا. لەگەڵ هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی کۆمەڵێک پێناسەی نوێ بۆ بەندی و بەندیخانەکان کرا کە گرینگترین و جەوهەریترینی ئەوان بریتی بوو لەوەی کە مەبەست لە زیندانیکردن پەروەردەی تاوانبار و بەئاگاهێنانەوەی لە تاوان و سەرلەنوێ داڕشتنەوەی کەسایەتیی ئەوە، بۆوەی دوای تەواوبوونی ماوە زیندانییەکەی، وەک کەسێکی پاک و بێ خەوش بۆ کۆمەڵگە و ژیانی ئازادی خۆی بگەڕێتەوە.
ئەوە بوو کە لە ساڵی ١٣٦٤دا پرسی بەندیخانەکان کە تا ئەو کات لە دەستی کۆمیتەکانی شۆڕش، شارەبانی و ناوەندە ئەمنیەتییەکاندا بوو یەکلا کرایەوە و، «ڕێکخراوی زیندانەکانی وڵات» دامەزرا. بەڵام پرسیار ئەوەیە دوای ٤٠ ساڵ دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامی کە خۆی بە سەرچەشنی هەموو دەسەڵاتێکی سیاسی لە جیهانی ئەمڕۆدا دادەنێ و، بەو خوێندنەوەیەی بۆ پێوەندی و بایەخەکانی کۆمەڵگەی هەیە؛ بارودۆخی بەندی و بەندیخانەکان لەو وڵاتەدا چۆنە؟
کۆماری ئیسلامی کاتێک دەسەڵاتی ئێرانی گرتە دەست کە حەشیمەتی ئەو وڵاتە ٣٦ میلیون و ژمارەی بەندکراوان ١٠ هەزار کەس بوو. دوای چوار دەیە حەشیمەتی ئێران دوو هێندە زیادی کردوە، بەڵام بە سەرنجدان بەوەی لە ئێستادا ٢١٠ هەزار کەس لە زیندان دان، دەبینین ئاماری بەندکراوان بیست هێندەی ئەو کات زیادی کردوە.
حەقیقەتەکانی پێوەندیدار بەو بابەتە هێندە زەق و ئاشکرایە کە هەر بە چاوخشاندن بە ئامارە ڕەسمییەکان و لێدوانی کاربەدەستانی حکومەت قووڵایی کارەساتەکە دەردەکەوێ:
حەسەن مووسەوی چەلەک، سەرۆکی ئەنجومەنی مەددکاریی ئێران دەڵێ لە ساڵدا لە نێوان ٤٥٠ تا ٥٠٠ هەزار تاوانبار دەدرێنە زیندان کە زیاتر لە ٢٠٠ هەزار کەسیان لە زیندان دەمێننەوە.
نوێترین ئامارەکان دەڵێن لە کۆتایی ساڵی ١٣٩٥دا زیندانەکانی وڵات ٢٢٤ هەزار کەسیان تێدا بەند کراوە و سەتا ٧٠ی بەندکراوانیش تەمەنیان خوار ٤٠ ساڵ بووە. ڕەزا مەحجووبی، بریکاری کاروباری خەسارە کۆمەڵایەتییەکان لە ڕێکخراوی کاروباری کۆمەڵایەتیی ئێران دەڵێ لە دوو ساڵی ڕابردوودا ٣٠ میلیۆن پەروەندە لە دەزگای قەزاییدا دروست بوون و سەتا ٦٠ی بەندکراوان لە ئێران بە تاوانەکانی پێوەندیدار بە ماددەی هۆشبەر گیراون.
عەلی ئەسغەر جەهانگیر، سەرۆکی ڕێکخراوی زیندانەکانی وڵات قسەی زیاتری پێن. ئەو دەڵێ: سەتا ٧٠ی ئەوانەی دەکەونە گرتووخانەکان کار و کاسبیی ئەوتۆیان نییە و زۆرینەیان بێکارن و خوێندەواریی کەمیان هەیە و قەیرانە ئابوورییەکان بڕستیان لێ بڕیون. جەهانگیری کە ساڵانێکە بەردەوام داوای دروستکردنی گرتووخانەی زیاتر دەکا، نایشارێتەوە کە ژمارەی بەندکراوان دوو هێندەی زەرفییەتی بەندیخانەکانی وڵاتە و یەک لە چواری گیراوەکان لەبەر زۆریی پەروەندەکان لە دەزگایی قەزاییدا هێشتا چارەنووسیان ناڕوونە.
لێرەدا پرسیاری بەجێ ئەوەیە کە ئەو هەمووە زیندان و زیندانییە بۆ؟ ئەو هەمووە تاوان و کەڵەکەبوونی پەروەندەکان لە سۆنگەی چی؟ لە کۆمەڵگەیەکدا کە کاربەدەستانی نیزام بە ئیسلامی و بە پاک و سەرچەشن بۆ هەموو کۆمەڵگەی مرۆیی دەیناسێنن ئەو هەمووە تاوانە بۆ ڕوو دەدەن و بۆ هەردەم ڕوو لە زیادبوونن؟
کۆمەڵناسان پێیان وایە هەژاری و ئیعتیاد بە مادەی هۆشبەر و دابڕان لە خوێندن سێ بەستێنی گرینگی تاوانخولقێنی لە کۆمەڵگەدان. گیرۆدەبوونی نیزیک بە ٤ تا ٧ میلیون کەس بە ماددەی هۆشبەر، هەژاری لە نێو زیاتر لە نیوەی حەشیمەتی ئێران و دابڕانی زیاتر لە ١٠ میلیون کەس لە خوێندن، نەبوونی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و گەندەڵیی هەوسارپچڕاو لەنێو کاربەدەستانی حکومەتی کاریگەریی لە سەر نۆڕم و بایەخە کۆمەڵایەتییەکان داناوە و بواری بۆ لادان و تاوانکارییەکان خۆشتر و زیاتر کردوە.
لە کۆمەڵگەی ئێستای ئێراندا کە نوقمی قەیرانە ئابوورییەکانە، تاک خۆی بە بنەڕەتی هەموو دیاردەکان دەبینێ و هەموو شتێکی بۆ بەرژەوەندیی خۆی دەوێ و لە پێناو ئەو بەرژەوەندییەدا نە پێملی یاساکان دەبێ و نە دەربەستی بەها و بایەخە کۆمەڵایەتییەکانە. بەتایبەت لە کاتێکدا کە دەزگای قەزایی و نیزامی دادئەستێنی لە ئێران نەک هیچ شان و شکۆیەکی نیە، بەڵکوو بە سەرچاوەی سەرەکیی زۆربەی قەیرانەکان دادەنرێ و ئەوەش خەڵک بۆ پشتتێکردن لە قانوونەکان هان دەدا.
چوار دەیە حوکمەتی ئیسلامی، چوار دەیە ناکارامەیی و گەندەڵی لە ژێر دەمامکی دەسەڵاتی ئایینی و دادپەروەری، چوار دەیە سیاسەتی قەیرانخولقێنی لە دنیا لە پێناو مانەوەی زیاتر لە دەسەڵاتدا وایکردوە کە کۆمەڵگە نوقمی خەسارە کۆمەڵایەتییەکان بێ. چوونەسەرێی نرخی بێکاری، پەرەسەندنی هەژاری، نادادپەروەری و نابەرامبەری لە داهاتی وڵات و دروستبوونی کەلێنە کۆمەڵایەتییەکان، سیاسەتی چەوتی پەرەسەندنی ئابووری و لەو سۆنگەیەوە شاڵاوی پەراوێزنشینی، پەروەردەی ناسەردەمیانە، ناکارامەیی و گەندەڵی لە دەزگای قەزایی و زیندانەکاندا وایکردوە کە ڕێژەی تاوان و تاونکاری لە کۆمەڵگەدا هێندە بچێتە سەرێ کە لە ئێستادا هاواری سەرەکیی کاربەدەستان چۆنیەتیی جێکردنەوەی بەندکراوان بێ.
لەو بارودخەدا چارەسەرەکان لە ڕوانگەی حوکمەت و دەوڵەتەوە تەنیا لەسەر دوو تەوەر خول دەخواتەوە، یان هەراوکردن و زیادکردنی ژمارەی بەندیخانەکان، یان دیاریکردنی سزای جێگرەوەی ماددی بۆ کەمکردنەوەی حەشیمەتی گیراوەکان کە تەنیا بە مەبەستی گۆڕانکاری لە ئامارەکاندا دەکرێ، نەک چارەسەری کێشە سەرەکییەکانی کۆمەڵگە کە بەستێنی لەباری بۆ تاوانکاری خۆش کردوە.
ئێرە ئێرانە بە کاتی کۆماری ئیسلامی...